# کوردستان.. لە قۆناخی پۆست شەڕی دژی داعشدا

## پەکەکە و حەشدی شیعە..دوو وەکیلی کەم ئەزموون لە پەراوێزی ئامانجەکانی بەغدا و دیمەشق و تاراندا





پێش ئەوەی دەوڵەتی خەلافەتی داعش لە ٢ی ئابی ٢٠١٤ هێرش بکاتە سەر کوردستان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لەسەرووی هەموویشیانەوە ئەمریکا، ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و خەلافەتەکەیان وەك دەرهاویشتەی سیاسەتەکانی بەشار ئەسەد لەدیمەشق و سیاسەتەکانی نوری مالیکی لە بەغدا کە هەردووکیشیان لە تارانەوە ئاراستەدەکران، سەیر دەکرد، بەئاشکراش ڕایاندەگەیاند کە دروستبوونی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کاردانەوەی ئەو زوڵم و زۆرەیە کە دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق و سووریا بەرامبەر عەرەبی سوننە پیادەی دەکەن، هەر بۆیە ئەوەی داعش دەیکات، شەڕی جیهانی ئازاد نییە لەگەڵ تیرۆر، بەڵکو ئەوە شەڕی نێوان شیعە و سوننەیە و گەیشتۆتە ئاستێك کە چیتر کۆنترۆڵ ناکرێت.

بەڵام کە داعش لە ئابی ٢٠١٤ هێرشی کردە سەر کوردستان و بەنیاز بوو هەولێری پایتەخت داگیر بکات، لەبەرامبەریشدا مسعود بارزانی بە ئیرادەی پێشمەرگانە شەڕی سەرتاسەری دژی داعش ڕاگەیاندو پێشڕەوییەکانی داعشی ڕاگرت، ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاتنەدەنگ و ڕایانگەیاند هەولێر و کوردستان هێڵی سوورن و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش سەرەتا بە ڕێگەی هێزی ئاسمانی هاوکاری پێشمەرگەیان کردو پاشان ئاستی هاریکارییەکان هەڵکشا بۆ ناردنی چەك و تەقەمەنی و دوای ئەوەش ناردنی ڕاوێژکارانی سەربازی بۆ ئەوەی مەشق و ڕاهێنان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن، تا گەیشتە ئەوەی پێنتاگۆن ڕێککەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان گرێبدات و پاشانیش ڕاستەوخۆ ئەمریکا دەرگای ئەوەی کردەوە کە چەك بە پێشمەرگە بفرۆشرێت.

ئەم باکگراوەندە کورتە ئەوەمان بیردەخاتەوە کە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، دوای هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان دەستی پێکردو ئامانجی سەرەکیی ئەم هاوپەیمانییەش ئەوە بوو کە هاوکاری هێزی پێشمەرگە بکرێت بۆ ئەوەی کوردستان لەمەترسی تیرۆریستانی داعش دووربخرێتەوە. لەدوای ئەمە ستراتیژیەتی ئەمریکا بۆ دژی داعش گۆڕا بۆ لە ریشەهەڵکێشانی فیکری داعش و تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش، ئەم ستراتیژیەتە کە دواتر بووە ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش، تەنیا ئاراستەکراو نەبوو دژی تیرۆریستانی داعش، بەڵکو ئاراستەکراوی هەردوو بەرەی شەڕەکە بوو، وەك یەکیش مامەڵەیان لەگەڵ کرابوو، بەمجۆرە:

١. لە عێراقدا پەیامی ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بۆ لە ریشەهەڵکێشانی فیکری داعش، بە گوشار خستنە سەر شیعەی عێراق دەستی پێکرد بەوەی نابێت کە جارێکی دیکە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق ببێتەوە سەرۆکی وەزیران . ئەمەش وەك خۆی جێبەجێ کرا.

٢. ئەو کابینە تازەیەی بە سەرۆکایەتی د.حەیدەر عەبادی دوای نوری مالیکی پێکدەهێندرێت، زۆر گرنگە کە لایەنی کوردستانی بەشداری حکومەتەکە بکات، هەروەها نابێت ڕێگە بدرێت حکومەتی عەبادی وەك حکومەتی مالیکی هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان بکات، یان گەمارۆ بخاتە سەر کوردستان، ئەم خاڵە ئەگەرچی وەك ئەمریکاو بەریتانیاو نەتەوە یەکگرتووەکان ئومێدیان بۆ دەخواست، د.حەیدەر عەبادی نەیتوانی لە ژێر گوشاری شیعە و ئێراندا، وەك خۆی بەرامبەر کوردستان جێبەجێی بکات، بەڵام هەرچۆنێك بێت، پەیوەندی نێوان کوردستان و عێراق لە کابینەکەی عەبادیدا لەگەڵ کابینەکەی نوری مالیکی بەراورد ناکرێت و بەکردەوە پەیوەندی نێوان کوردستان و عێراق، چۆتە قۆناخی پەیوەندی نێوان دوو وڵاتی دراوسێ، کە لە چوارچێوەی ڕێز و بەرژەوەندی هاوبەش مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن.

٣. لە سووریا پەیامی ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بووە دوورخستنەوەی ئەسەد لە دەسەڵات، ئەم پەیامە لەسەر ئاستی سیاسی و دیپلۆماسی بڕەوی پێدرا، بەڵام لەسەر ئاستی پراکتیکی جێبەجێ نەکرا، هۆکاری جێبەجێنەکردنیشی بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بەشێکیان بریتی بوون لە جەبهەی نوسرە کە

**حزبی سیاسی هەیە لە کوردستاندا زۆر بە ئاشکرا لە هەوڵی ئەوەدایە زەمینەی ئەوە خۆش بکات کە بەشێک لە خەڵکی کوردستان بە (نەخێر) دەنگ بدەن، واتە بڵێن: نەخێر سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستانمان ناوێت! ئەم جۆرە خەڵکە کە بۆچوونەکانیان لەسەرچاوەی ڕق و کینەوە سەرچاوەی گرتووە، لەگەڵ ئەوەی خۆیان باش دەزانن هەوڵەکانیان مایەپووچ و سەرکەوتوو نابێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانن دوای سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆم، یان دەبێت خۆیان سەری خۆیان هەڵبگرن و کوردستان بەجێبهێڵن، یان تا ماون لەناو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا شەرمەزار دەبن**

**دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کە بەشێکی کوردستانیان پێکەوە لکێنراوە، ئەوانیش باش دەزانن کە وەک دەوڵەت ئەو مافەیان نییە، یان ئەوە سەردەمە بەسەر چووە کە بتوانن ڕاستەوخۆ دەستتێوەردان بکەن، هەوڵەکانیان گۆڕاوە بۆ ئەوەی بە خەڵکانێک شەڕی وەکالەت دژی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بکەن**

لقێکی سەر بە قاعیدە بوو، ئەوانی دیکەش پەرتەوازە بوون، بۆیە لە نێوان ئەسەد و ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی لە سووریادا هەبوو، نەدەکرا هیچ کامیان هەڵبژێرێت، بەشێکی دیکەشی بۆ ئەو هەڵانە دەگەڕایەوە کە ئیدارەی ئۆباما لە ساڵانی ٢٠١١ و ٢٠١٣ کردنی و نەیتوانی وەك پێویست سیاسەتێکی راست و دروست بەرامبەر سووریا دابڕێژێت، پاشانیش کە رووسیا لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ بەرژەوەندی مانەوەی رژێمی ئەسەد دەستتێوەردانی کردو بووە بەشێك لە شەڕی سووریا، هاوکێشەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات و لەگەڵ ئێراندا لە خاڵی پارێزگاریکردن لە ئەسەد یەکیان گرتەوە، لەگەڵ ئەوەی ئامانجی رووسیا بۆ دەستتێوەردان لە سووریا و پشتگیری بۆ مانەوەی ئەسەد، زۆر لە ئامانجەکانی ئێران جیاواز بوو، بەڵام لەو خاڵەدا یەکیان دەگرتەوە، بەمەش تەنیا بەرەی شەڕی پێشمەرگە و تیرۆریستانی داعش، وەك بەرەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش مایەوە و شەڕی داعش لە سووریا و عێراق وەك ئێستا دەیبینین، جارێکی دیکە خەریکە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناخی شەڕی شیعە و سوننە لە ناوچەکەدا.

٤. ئێستا بەرەی شیعە کە ئێران و حزبوڵا و ئەو میلیشیا شیعانەی ئێران لە ئەفغانستان و پاکستانەوە هێناونی بۆ سووریا لەگەڵ حەشدی شیعەی عێراق خۆی بەرجەستە دەکات، وەك توێژەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاش پێشبینی دەکەن، ئەم بەرەیە بە ئێران و وەکیلەکانیەوە بەرەو ئەوە دەچن ببنە هاوپەیمانی رووسیاو دەیانەوێت دوای ئازادکردنەوەی موسڵ و رەققە ببنە براوەی شەڕەکە و خۆیان نەخشەی دوای شەڕەکە دابڕێژنەوە، بەڵام هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لە نییەتی ئێران و رووسیا تێگەیشتووە، بۆیە لە ئێستاوە سەرقاڵی دارشتنی ستراتیژیەتێکی دیکەیە بۆ قۆناخی دوای شەڕی دژی داعش و دەیەوێت ئەو بەرەیە لە ژێر پێی رووسیا دەربهێنێت و ئێران و وەکیلەکانیشی لە ستراتیژیەتی قۆناخی دوای داعش بکاتە دەرەوە.

٥. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری تەواوی شەڕی دژی داعش لە سووریا و عێراق و کوردستان بکەین، راشکاوانە ئەوە دەخوێنینەوە، کە بەرەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش، لەشەڕەکەدا تەنیا لە کوردستانی باشوور براوەی شەڕەکەیە و لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق و تەواوی سووریادا جێگە پێیەکی ئەوتۆی نییە. لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا ئەمریکا هەوڵیداوە لە رێگەی حکومەتەکەی حەیدەر عەبادییەوە بەشێوەیەك سوپای عێراق رێکبخاتەوە کە لە نەفەسی شیعەگەرایی دووری بخاتەوە، هەروەها هەوڵیداوە گوشار بخاتە سەر حکومەتەکەی عەبادی بۆ ئەوەی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ حەشدی شیعە دروست بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی نفوزی ئێران بە ئاستێك لەناو رای گشتی شیعە و حزب و لایەنەکانیان باڵادەستە کە حکومەتی عەبادی نەتوانێت وەك پێویست هەنگاو هەڵبگرێت، لەلایەکی دیکەش ئەگەر عەبادی لەمە زیاتر هەنگاو هەڵبگرێت، ئەوا مەترسی ئەوە هەیە بە گوشاری ئێران و لە رێگەی وەکیلەکانی لەناوخۆی عێراقدا، کودەتایەك بەسەر حکومەتەکەی عەبادیدا بکرێت، بۆیە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەگشتی و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا چاوی لە هەندێك شت پۆشیوە، بەڵام لە هەوڵی بەردەوامیشدایە بۆ ئەوەی رۆژ لە دوای رۆژ پێگە و نفوزی خۆی لە عێراقدا زیاتر بکات بۆ ئەوەی دوای ئازادکردنەوەی موسڵ بە شێوەیەکی جدیتر مامەڵە لەگەڵ عێراقی دوای شەڕی دژی داعش بکات.

٦. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان کە ئێستا لە ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیدا ئەو جوگرافیا ستراتیژییە بووە کە تێیدا بەتەواوەتی شەڕی داعشی بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێ هێناوە، ئەوا لەدیدی ئێران و وەکیلەکانیەوە، هەرێمی کوردستان ئەو جوگرافیا ئیزعاجەیە کە نەیهێشتووە بردنەوەی شەڕی داعش بکەوێتە خزمەتی ئامانجی دروستکردنی هیلالی شیعەوە، بۆیە ئێران لە هەوڵی ئەوەدایە بە رێگەی وەکیلەکانی لەناوخۆی کوردستان کە پەکەکەیە و بەشێکی حەشدی شیعە لە عێراق، جۆرێك لە ناسەقامگیری لە کوردستان دروست بکات، یان بەشێك لە کوردستان داگیر بکات بۆ ئەوەی وەك

**حکومەتی عێراق خۆی کوردستانی لە خۆی جیاکردۆتەوە و گەلی کوردستانی خستۆتە نێوان چەند ریانی گەمارۆی ئابووری و شەڕی داعش و برسێتی و دەیان هەڕەشەی دیکەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە گەلی کوردستان بەجیاوازی ئایین و نەتەوەوە، بەجۆرێک لەلایەن حکومەتی عێراقەوە غەدری لێکراوە، کە زۆر زەحمەتە رێژەیەکی کەمیش هەبێت داوای مانەوە لەگەڵ عێراق بکات**

**ئەو جوگرافیایەی دەوڵەتی کوردستانی لەسەر رادەگەیەندرێت، ئێستا بەکردەیی گەلی کوردستان حوکمڕانی دەکات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەیپارێزێت، هەم حوکمڕانییەکەی کوردستان هۆکارێکە بۆ پاراستنی بەهاکانی مرۆڤایەتی لە لێبووردەیی و پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی جیهان، هەمیش بەرگری هێزی پێشمەرگە، پارێزگارییە لەبەرەی پێشەوەی هەموو مرۆڤایەتی کە تیرۆر و تیرۆریستان هەڕەشەیان لێدەکات**

پشکی شەڕ لە قۆناخی دوای داعش مامەڵەی پێوە بکات، لەسەر ئەم بنەمایەش نەك هەر پەیوەندیەکی توندوتۆڵی لە نێوان حەشدی شیعە و پەکەکە دروستکردووە، بەڵکو ئێستا پەکەکە بە شانازییەوە رایدەگەیەنێت کە ئەوان بەشێکن لە حەشدی شیعەو لەیەك سەرچاوەشەوە مووچە و پێداویستییان بۆ دابین دەکرێت، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە سیناریۆی ئێستای شەڕەکە بریتی بێت لەوەی چۆن سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە بەسەر داعشدا دەگۆڕێت بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش لە سەرانسەری ناوچەکەدا، ئەوا ئەوانەی بەوەکالەتی ئێران دەیانەوێت سەقامگیری کوردستان تێکبدەن، بۆ ئەوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی شانازی بەسەرکەوتنی شەڕی دژی داعشەوە نەکات، ئەوا لەم حاڵەتەدا ئەوەی دەکەوێتە بەرەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش وەك تیرۆریستانی داعش مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەوجا لە ژێر هەر پەردەو بیانوویەکدا ئەو کارە بکەن.

ئەم خاڵانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئاراستەی شەڕی دژ بە داعش، خەریکە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی شیعە دژی سوننە و پشتگیری رووسیا لەبەرەی شیعە بۆ پیشاندانی باڵادەستیی خۆی وەك زلهێزێك لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبەرامبەریشدا ئەمریکاو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی سەرقاڵی ئەوەن کە ستراتیژیەتێك دابڕێژن کە پێویستیان بە رووسیا نەبێت و بەرەی ئێران وەکیلەکانیشی کە دەبنە رێگر لەبەردەم بردنەوەی شەڕی دژی داعش، قۆناخێکی دیکەی شەڕ دەست پێبکەن.

**● دوای ئازادکردنەوەی موسڵ قۆناخێکی تازە لە ستراتیژیەتی ئەمریکاو هاوپەیمانان دەست پێدەکات**

١٠٠ رۆژی تەواو بەسەر ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ تێپەڕی. بەشی زۆری پسپۆڕان و دیپلۆماتکاران و شارەزایانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەو شێوەیە هەڵسەنگاندیان بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ کردووە کە هێشتا بەتەواوەتی سیماکانی دەرنەکەوتووەو ئەوەی لەماوەی ١٠٠ رۆژی یەکەمدا دۆناڵد ترەمپ پیشانیداوە، تەنیا بەشێکی بچووکی سیاسەتی تاکتیکییە لە ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، لەبەرامبەردا هەندێکی دیکە لە پسپۆڕان پێیانوایە هێرشە رۆکێتییەکەی ٧ی نیسانی رابردوو بۆ سەر بنکەی ئاسمانی شوعەیراتی رژێمی ئەسەد، خاڵی دەستپێکی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپە و ئاماژەیەکی گرنگە بۆ راستکردنەوەی هەڵەکانی سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لە ساڵانی ٢٠١١ و ٢٠١٣ و ٢٠١٥ لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ راپەڕینەکانی گەلانی سووریا و بەکارهێنانی گازی کیمیایی لەلایەن رژێمەکەی ئەسەد و چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەمریکا لەگەڵ رووسیا پاش ئەوەی دەستتێوەردانی لەشەڕی سووریادا کرد.

سەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردنی سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لەشەڕی دژی داعش و مامەڵەکردنی لەگەڵ رژێمی ئەسەد و حکومەتی عێراقی، ترەمپ درێژەی بەهەمان سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما داوە کە لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٤ـەوە لەشەڕی دژی داعش گرتوویەتەبەر، بەڵام لە هەمانکاتیشدا هەوڵیداوە کە باشتر و زیاتر لە ئیدارەی ئۆباما هاوکاری ئەو هێزانە بکات کە لەسەر زەوی شەڕی دژی داعش دەکەن، ئەوەشی رەچاوکردووە ئەو هێزانەی شەڕی دژی داعش لەسەر زەوی دەکەن، دەبێت نەبنە جێگرەوەی داعش بە شێوەیەکی دیکە، بەڵکو دەبێت لەچوارچێوەی ئەو ستراتیژە هەنگاو هەڵبگرن کە هاوپەیمانیی نیودەوڵەتی دژی داعش بۆ ئەم شەڕە جیهانییەی دژی تیرۆریستان دایڕشتووە.

ئیدارەی ترەمپ لەماوەی ئەم ١٠٠ رۆژەدا هەنگاوی بەوجۆرە هەڵگرتووە کە بە دوو ستراتیژیەتی جیاواز شەڕی داعش لە سووریا و عێراق بەڕێوەبەرێت، سەبارەت بە شەڕی داعش لە سووریا، سیماکانی سیاسەتی ترەمپ بەتەواوەتی دەرکەوتوون کە نایەوێت ئازادکردنی شاری رەققە و رووخاندنی خەلافەتی داعش بە سەرکەوتنی رژێمی ئەسەد و ئێران و وەکیلەکانی و رووسیا کۆتایی بێت، بۆ ئەمەش لە مانگی سێیەمی ئیدارەی ترەمپ و پێش ئەوەی بنکەی شوعەیرات بۆمبباران بکات. ئامانجی ئیدارەی ترەمپ ئەوە بوو بە هاوبەشی لەگەڵ

**عێراق نە دەتوانیت هێرش بکاتە سەر کوردستان لەبەر ئەوەی لە رووی سەربازییەوە ئەو توانایەی نییە و چارەنووسی داعش تاقی دەکاتەوە کە هێرشی کردە سەر کوردستان، هەروەها عێراق نە کارتی گوشاری ئابووریشی لەبەر دەستدا ماوە، هەتا هەڕەشەی گەمارۆی ئابووری لە کوردستان بکات، بەپێچەوانەوە زوو ئەو کارتەی تاقیکردەوە، بەڵام ئیرادەی خەڵکی کوردستان بەسەربەخۆیی وەڵامی دایەوە**

**سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان کاتێک شاند دەنێرێت بۆ بەغدا بۆ ئەوەی دیالۆگ لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان بکات، لە راستیدا شاندی کوردستان باسی پەیوەندی نێوان دوو دراوسێی باش دەکات، بۆیە بەغدا هەڵوێستی ئەرێنی بێت و پێشوازی لە سەربەخۆیی کوردستان بکات، یان هەڵوێستی نەرێنی بێت و خۆی نارەحەت بکات و هەڕەشە بکات، هیچ شتێک لە پرۆسەی سەربەخۆیی ناگۆڕێت و ئەو پرۆسەیە بەردەوام دەبێت و دەکرێت کوردستان چەند ساڵێک سەربەخۆ بێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق ئاسایی نەبێت**

ڕووسیا کێشەی سووریا چارەسەر بکات، بەڵام دوای ئەوەی ڕژێمی ئەسەد چەکی کیمایی بەکار هێناو ڕووسیا ڕێگر بوو لەسەر ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە بڕیارێکی دەستەجەمعی دژی ئەسەد دەربکات، بۆیە ترەمپ بۆ هەموو جیهانی سەلماند کە دەتوانێت هەڵوێستی ڕووسیا فەرامۆش بکات و چۆن بیەوێت بەوجۆرە مامەڵە لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد بکات، لە هەمانکاتدا دەشتوانێت ئەو گروپ و لایانەی دەبنە سپۆنسەری تیرۆر و هۆکارێك بۆ توندوتیژی و دەمارگیری مەزهەبگەرایی وەك داعش مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، لەم چوارچێوەیەدا هەنگاوەکانی ئیدارەی ترەمپ بەرەو ئەوە دەچن کە سیاسەتێکی تایبەتی بەرامبەر سووریا دابڕێژن و بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ هەموو کاراکتەرانە بکەن کە لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد دەکەونە یەك بازنە و بە شێوازیکی دیکەش مامەڵە لەگەڵ ئەو کاراکتەرانە بکەن کە لەگەڵ قاعیدە و داعش دەکەونە بازنەیەکی دیکە.

سەبارەت بەستراتیژیەتی ئەمریکا بۆ عێراقی دوای ئازادکردنەوەی موسڵ و تێکشکاندنی داعش، ئیدارەی ئەمریکی لە مانگی مارتی ڕابردوو، کاتێك حەیدەر عەبادی بە یاوەری د.فوئاد حوسێن وەك نوێنەری کوردستان سەردانی ئەمریکایان کرد، ڕاشکاوانە بە عەبادییان ڕاگەیاندووە ئەرکەکانی حکومەتی عێراق دوای ئازادکردنەوەی موسڵ چۆن دەبێت و چۆن پرۆسەی سیاسی لە عێراقی عەرەبی دەخرێتەوە گەڕ، هەروەها چۆن پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و عێراق ڕێکدەخرێتەوە، بۆ ئەمەش ئەمریکا ئەگەر لەسووریا ناچار بێت لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد و کۆمەڵێك کاراکتەری دەرەکی مامەڵە بکات، ئەوا بارودۆخی عێراق لەسووریا جیاوازەو ئەو شێوازەی ئێران و وەکیلەکانی دەتوانن لەسووریا بەرامبەر هەوڵەکانی ئەمریکا بیگرنەبەر، لە عێراقدا بەشێوەیەکی دیکەیە و ئێران دەتوانێت بە ڕێگەی وەکیلەکانی و لەژێر ناو و پەردەی جیاوازدا ئاستەنگ بۆ هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دروست بکات.

کەواتە ئامانجی سەرەکی لە ستراتیژیەتی ئیدارەی ترەمپ (ئەوەی ئیدارەی ئۆباما پێی نەکراو سەرکەوتوو نەبوو) ئەوەیە کە دوای داعش عێراقی عەرەبی لەسەر سینییەکی زێڕ وەك دەستکەوتی شەڕ پێشکەشی ئێران نەکرێت، یاخود بەجێنەهێڵدرێت بۆ ئەوەی وەکیلەکانی ئێران حوکمڕانیی تێدا بکەن و جارێکی دیکە ببنە هۆکاری ئەوەی داعشێکی دیکە و خراپتریش لە ژێر ناو و شێوازی دیکە سەرهەڵبداتەوە.

ئەم ئاراستەیە وەك لەو ڕاپۆرت و سیاسەتە پێشنیارکراوانەی بۆ ئیدارەی ترەمپ بۆ عێراقی دوای داعش ئامادەکراون، هەروەها وەك لە ڕاوبۆچوونی ئەو پسپۆڕانە گوێبیستی دەبین کە کۆنگرێس و سەنات بۆ گوێگرتن بانگهێشتیان دەکەن، ئەگەر لە ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرت و پێشنیارانە بیروبۆچوونی جیاوازیش هەبێت، ئەوا هەموویان لەسەر ئەو بۆچوونە کۆك و هاوبەشن کە نەك هەر پێویستە ئەمریکا کۆتایی بە سیاسەتی (یەك عێراق) بۆ عێراق بهێنێت، بەڵکو دەبێت بڕوای تەواوی بەوەش هەبێت کە سووریاش جارێکی دیکە وەك وڵاتێکی یەکگرتوو و یەکپارچە نامێنێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە سووریا ڕژێمی میراتیی حافز ئەسەد ئەوەندە هێزی لەبەر دەست نییە کە بتوانێت تەواوی سووریا کۆنترۆڵ بکاتەوەو بیپارێزێت، بۆیە دەبێت ئێران میلیشیای شیعەی زیاتری لە ئەفغانستان و پاکستان و باشووری لوبنانەوە بۆ بێنێت، بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بپارێزێت، سەبارەت بە عێراقیش دیسان شیعەی عێراق نە بەو ئاستە ئەزموونی حکومڕانییان هەیە کە بتوانن بەشێوەیەکی مەدەنی و دیموکراتییانە تەنیا حوکمڕانیی بەشە عەرەبییەکەی عێراق بکەن و نە ئەو توانایەشیان هەیە کۆنترۆڵی بەشە عەرەبییەکەی عێراق بکەن، بۆیە لەم حاڵەتەدا یان ئەوەیە دەبێت عێراقی عەرەبی بۆ ئێران بەجێ بهێڵدرێت و ئەو دەوڵەتە حوکمڕانی بکات، یاخود دەبێت ئەمریکا هێز و نفوزێکی ئەوتۆی هەبێت بەشێوازێکی تازە پەیوەندی نێوان شیعە و سوننە ڕێکبخاتەوە.

لێرەوە دەکرێت بڵێین ئیدارەی ترەمپ جیا لەوەی دوو سیاسەتی جیاوازی دەبێت بەرامبەر

**هێشتا دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق وادەزانن هەتا ئێستاش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە پێناسە تەقلیدییەکەی سەروەریی دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتە شکستخواردوو و فاشیلەکان دەکات، ئەمە لە کاتێکدا جیهان بەگشتی و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش باش لەو ڕاستییە تێگەیشتوون کە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتی شکستخواردوو لە چوارچێوەی پێناسە تەقلیدییەکەی سەروەریی دەوڵەت، بێجگە لەبەرهەمهێنانی توندڕۆیی و تیرۆر شتێکی دیکە بەرهەم نایەت**

**نەخشەڕێگەی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان کە دەستی پێکردووە، پرۆسەی ئەنجامدانی دیالۆگ و ناردنی شاندنی کوردستان، تەنیا بۆ بەغدا نییە، بەڵکو لە نەخشەڕێگەکەدا هاتووە (لە بەغداوە دەست پێدەکەین)، دوای بەغداش لەگەڵ پایتەختی دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە پێش هەموان تاران و ئەنقەرەو ئەوجا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی جیهانیش گفتوگۆ دەکەین**

**دەسەڵاتدارنی شیعە بەگشتی و بەتایبەتی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق، کە بە ناوبژیوانیی کوردستان و بەهەوڵی سیاسیی کوردستان گەیشتنە لوتکەی دەسەڵات، پاداشتی ناجوامێرانەیان بۆ هەوڵەکانی کوردستان بە مەبەستی ئەوەی عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی و پەرلەمانی فرەیی بێت، ئەوە بوو کە هەرەشەی داگیرکردنی کوردستانیان کردو پاشانیش لە ساڵی ٢٠١٤ بودجە و مووچەی کوردستانیان بڕی**

**ئەوە حکومەتی کوردستان نییە کە پێویستی بە ڕەزامەندیی بەغدا بێت بۆ ئەوەی لەشەڕی داعشدا سەرکەوتوو بێت، بەڵکو ئەوە حکومەتی بەغدایە پێویستی بە ڕەزامەندی حکومەتی کوردستانە بۆ ئەوەی بەشێک لەسوپای عێراق لە کوردستانەوە دەروازەی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵیان بۆ بکرێتەوە**

کوردستان و عێراق، لەهەمانکاتدا سیاسەتی بەرامبەر عێراقی عەرەبیش بەو مەرجە یەك سیاسەت دەبێت کە شیعە و حکومەتی عێراق بیسەلمێنن لەژێر کاریگەری نفوز و کاریگەری کۆماری ئیسلامی دێنە دەرەوە.

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری عێراقی دوای ئازادکردنی موسڵ بکەین، پێش هەموو شت ئیدارەی ئەمریکی سەرقاڵی ئەوە دەبێت، ئایا عەرەبی شیعە ئەو توانایەیان هەیە کە بتوانن حوکمڕانییەکی مەدەنی و دوور لە سیاسەتی مەزهەبگەرایی شیعە پیادە بکەن، یان نە؟ ئەگەر عەرەبی شیعە وەك هاووڵاتییەکی عەرەبی عێراقی توانییان بیسەلمێنن تەنیا ئینتمایان بۆ عێراق هەیە و لە چوارچێوەی ئینتمایان بۆ عێراقی عەرەبی مامەڵە لەگەڵ سوننەی عەرەب دەکەن، ئەوا ئەمریکا هاوکار و پشتیوانی ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراقی دەبێت و پاشان دێتە سەر ئەوەی ئەم دەوڵەتە مەدەنییەی عێراقی عەرەبی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان ڕێکدەخاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی ئیجابی بۆ بونیادنانەوەی دەوڵەتێکی مەدەنی لە عێراقی عەرەبیدا بەو ئاستە بەدی ناکرێت کە عەرەبی شیعە و سوننە لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوون ڕێکبخاتەوە، ئەوا ئەمریکاو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی پێشخستنی دەوڵەتی کوردستان پێش ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراقی عەرەبی بەگرنگتر دەزانن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەوڵەتی کوردستان وەك دەوڵەتێکی مەدەنی توانیویەتی ئەو ژینگەیە فەراهەم بکات کە هەر تاکێك بە جیاوازی نەتەوەو ئایینەوە لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوون مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەیە و پێویست ناکات مامەڵە لەگەڵ ئەگەری دەوڵەتی عێراقی عەرەبی بکرێت کە هێشتا دیار نییە ئایا دەوڵەتێکی مەدەنی دەبێت لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوونی شیعە و سوننە، یان یاخود دەوڵەتێکیی هاوشێوەی ئێران دەبێت لە چوارچێوەی سیستمی ویلایەتی فەقیهدا.

**● عێراقی عەرەبی بنەمای دەوڵەتی لەدەستداوە دژایەتی دەوڵەتی کوردستانیش دەکات**

هێشتا شیعەی عێراق لەوە تێنەگەیشتووە، بۆچی کوردستان دەیەوێت وێستگەی یەکەمی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان لە بەغداوە دەست پێبکات. لای حزب و لایەنە شیعەکانی عێراق ئەم هەنگاوەی کوردستان مانای ئەوەیە ئەگەر ئەوان ڕازی نەبن، ئیدی پرۆسەی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان پەکی دەکەوێت و کوردستان دەبێتەوە بەشێك لە عێراق و ڕازی دەبێت دەسەڵاتدارانی شیعە لە بەغداوە فەرمان بۆ کوردستان دەربکەن. لێرەدا جێگەی خۆیەتی ڕاشکاوانە ئەوە باس بکەین کە ئەو سەردەمە بەسەرچوو، لەبەر ئەوەی ئەوە حکومەتی کوردستان نییە کە پێویستی بە ڕەزامەندیی بەغدا بێت بۆ ئەوەی لەشەڕی داعشدا سەرکەوتوو بێت، بەڵکو ئەوە حکومەتی بەغدایە پێویستی بە ڕەزامەندی حکومەتی کوردستانە بۆ ئەوەی بەشێك لەسوپای عێراق لە کوردستانەوە دەروازەی



**ئێستا بە شاهیدی هەموو جیهان، هەموو مەرجەکانی دەوڵەتێکی هاوچەرخ لە کوردستاندا بوونی هەیە، بەڵام هەموو جیهان بە نیگەرانییەوە وەک دەوڵەتێکی شکستخواردوو سەیری ئەو بەشەی عێراقی عەرەبی دەکەن کە شیعە ئیدعای حوکمڕانیکردنی دەکات**



کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵیان بۆ بکرێتەوە، هەروەها دەبوو لەوە ئاگاداربن کە نەک هەر لەعێراقێکی بەزۆر دروستکراوی ناوچەیەکی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەوڵەت بە دانوستاندن دروست نابێت، بەڵکو لە کەنەداش هەرێمی کویبیك ناتوانێت بەدانوستاندن دەوڵەت دروست بکات، یان دەوڵەتی خۆی رابگەیەنێت، لەوانەیە هەندێك خەڵك کاتێك باس لە جیابوونەوەی ئاشتیانە دەکرێت، نموونەی جیابوونەوەی کۆماری چیك و سلۆفاکیا بۆ پەیوەندی نێوان کوردستان و عێراق بە گونجاو دەزانن، بەڵام ئەوانەی شارەزای مێژووی هەرێمەکانی چیك و سلۆفاکیان ئەو راستییە دەزانن، کە لەدوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی هەرێمەکانی چیك و سلۆفاکیا ئارەزوومەندانە یەکیان گرتووەو لە ساڵی ١٩١٨ لە ئیمراتۆریەتی مەجەر و نەمسا جیابوونەتەوەو دەوڵەتی چیکوسلۆفاکیان راگەیاندووە، هەروەها دەزانن چۆن لەشەڕی دووەمی جیهانیدا جارێکی دیکە هیتلەر دابەشی کردو پاشان دوای شەڕی دووەمی جیهانی یەکیان گرتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەرێمەکانی چیك و سلۆفاکیا، لەسەر بنەمای یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە لەماوەی

**ئەمریکاو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی پێشخستنی دەوڵەتی کوردستان پێش رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراقی عەرەبی بەگرنگتر دەزانن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەوڵەتی کوردستان وەک دەوڵەتێکی مەدەنی توانیویەتی ئەو ژینگەیە فەراهەم بکات کە هەر تاکێک بە جیاوازی نەتەوەو ئایینەوە لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوون مامەڵەی لەگەڵ بکرێت**

**شیعەی عێراق نە بەو ئاستە ئەزموونی حکومڕانییان هەیە کە بتوانن بەشێوەیەکی مەدەنی و دیموکراتییانە تەنیا حوکمڕانیی بەشە عەرەبییەکەی عێراق بکەن و نە ئەو توانایەشیان هەیە کۆنترۆڵی بەشە عەرەبییەکەی عێراق بکەن، بۆیە لەم حاڵەتەدا یان ئەوەیە دەبێت عێراقی عەرەبی بۆ ئێران بەجێ بهێڵدرێت و ئەو دەوڵەتە حوکمڕانی بکات، یاخود دەبێت ئەمریکا هێز و نفوزێکی ئەوتۆی هەبێت بەشێوازێکی تازە پەیوەندی نێوان شیعە و سوننە رێکبخاتەوە**

**ئامانجی سەرەکی لە ستراتیژیەتی ئیدارەی ترەمپ (ئەوەی ئیدارەی ئۆباما پێی نەکراو سەرکەوتوو نەبوو) ئەوەیە کە دوای داعش عێراقی عەرەبی لەسەر سینییەکی زێڕ وەک دەستکەوتی شەڕ پێشکەشی ئێران نەکرێت**

نزیکەی ٧٥ ساڵدا بوونیاد نرابوو، بۆیە کاتێك ئەم یەکێتییە هەڵوەشایەوە هەردوولا رێزیان لە یەکتری گرت و بە ئاشتی جیابوونەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەوە کەلتووری ئەورووپا نییە بەشێوەی ئاشتییانە بوار بدەن نەتەوەکان کێشەی خۆیان چارەسەر بکەن، ئەگەر ئەم کەلتوورە بوونی هەبوایە، دەبوو یۆگسلافیای پێشووش هەر بە ئاشتییانە دابەش بکرایە، بەڵام لەبەرامبەر جیابوونەوەی ئاشتییانەی چیك و سلۆفاکیا، رووبارێك خوێن و چەندین ژینۆسایدمان بینی، هەتا یۆگسلافیای پێشوو دابەشکرا. بەڵام حاڵەتی ئێستای کوردستان و عێراق، نە دەتوانرێت بە یۆگسلافیای پێشوو نە دەشتوانرێت بە چیکۆسلۆفاکیای پێشوو بەراورد بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە نە عێراق وەك چیکۆسلۆفاکیا بەشێوەی یەکگرتنی ئارەزوومەندانە دامەزراوە، نە عێراقیش یوگسلافیای سەردەمی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچە هەتا بتوانێت وەك کۆسۆڤۆ مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات.

بەپێچەوانەوە، دەسەڵاتدارنی شیعە بەگشتی و بەتایبەتی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق، کە بە ناوبژیوانیی کوردستان و بەهەوڵی سیاسیی کوردستان گەیشتنە لوتکەی دەسەڵات، پاداشتی ناجوامێرانەیان بۆ هەوڵەکانی کوردستان بە مەبەستی ئەوەی عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی و پەرلەمانی فرەیی بێت، ئەوە بوو کە هەرەشەی داگیرکردنی کوردستانیان کردو پاشانیش لە ساڵی ٢٠١٤ بودجە و مووچەی کوردستانیان بڕی بۆ ئەوەی کوردستان بوونی نەبێت، کە داعشیش هێرشی کردە سەر کوردستان بە ئاشکرا ئەوەیان خستەڕوو کە پێیان باشترە کوردستان بکەوێتە دەستی داعش، نەك حکومەتی عێراق چەك و تەقەمەنی بنێرێت بۆ پێشمەرگە بۆ ئەوەی بەرگری لە کوردستان بکات، لەسەرووی ئەمانەشەوە، حکومەتی عێراق هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی ئاستەنگ بۆ دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش دروست بکات و چەکی و تەقەمەنی نەگاتە کوردستان.

بەڵام لۆژیکی بارزانی و ئیرادەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان، چۆن خەونی سەدام حوسێنیان بە کشانەوەی دامودەزگا ئیدارییەکان لەساڵی ١٩٩١ بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دایەوە، ئەمجارەشیان وەڵامی خەونی مالیکی و دەسەڵاتدارانی شیعەیان بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دایەوە، ئێستا بە شاهیدی هەموو جیهان، هەموو مەرجەکانی دەوڵەتێکی هاوچەرخ لە کوردستاندا بوونی هەیە، بەڵام هەموو جیهان بە نیگەرانییەوە وەك دەوڵەتێکی شکستخواردوو سەیری ئەو بەشەی عێراقی عەرەبی دەکەن کە شیعە ئیدعای حوکمڕانیکردنی دەکات.

لێرەوە ئەگەر ئەو پرسیارە بەو ئاراستەیە بکەین، ئەگەر گەلی کوردستان بە دروستکردنی دەوڵەت وەڵامی مالیکی و دەسەڵاتدارانی شیعەی دابێتەوە، کەواتە دیالۆگی شاندی کوردستان و بەغدای بۆ چییە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نەخشەڕێگەی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان کە دەستی پێکردووە، پرۆسەی ئەنجامدانی دیالۆگ و ناردنی شاندنی کوردستان، تەنیا بۆ بەغدا نییە، بەڵکو لە نەخشەڕێگەکەدا هاتووە (لە بەغداوە دەست پێدەکەین)، دوای بەغداش لەگەڵ پایتەختی دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە پێش هەمووان تاران و ئەنقەرەو ئەوجا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی جیهانیش گفتوگۆ دەکەین، ئەمەش مانای ئەوەیە نەخشەڕێگەی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان، پرۆسەیەکی هەمەلایەنە، بەڵام بۆیە عێراق پێش وڵاتانی دیکە خراوە، لەبەر ئەوەی نزیکترین دراوسێی ئێمە عێراق دەبێت و زۆرترین پەیوەندی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و کۆمەڵایەتیشمان لەگەڵ عێراق هەیە، هەروەها کوردستان لەگەڵ عێراقی عەرەبی کێشەی خاك و سنووری هەیە و لەگەڵ وڵاتانی دیکە ئەو کێشانەی نییە، یان کەمترە. ئەمەش مانای ئەوەیە کاتێك شاندی کوردستان دەچێت لەگەڵ عێراق باسی پەیوەندییەکانی ئایندەی نێوان هەردوو دەوڵەتی کوردستان و عێراق دەکات، راشکاوانە پێیان دەڵێت: ئێوە نەتانویست ئێمە لە نیشتمانێکی هاوبەشدا بە ئارەزوومەندانە پێکەوە بژین و هەموو هەوڵتان بۆ ئەوەبوو کوردستان نەمێنێت،

بەڵام ئێستا کوردستان دەوڵەتە و دەیەوێت وەك دوو دراوسێی باش پێکەوە بژین، ئەمەش کە بەعێراق دەگوترێت، شاندی کوردستان بە هەموو دەوڵەتانی دراوسێی و جیهانیشی رادەگەیەنێت.

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا تاکەی کوردستان چاوەڕێی ئەوە دەکات دەسەڵاتدارانی عەرەبی عێراق لەم پەیامە ئاشتیخوازانەیەی کوردستان تێبگەن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەڵێین، هێشتا دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق وادەزانن هەتا ئێستاش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە پێناسە تەقلیدییەکەی سەروەریی دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتە شکستخواردوو و فاشیلەکان دەکات، ئەمە لە کاتێکدا جیهان بەگشتی و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش باش لەو راستییە تێگەیشتوون کە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتی شکستخواردوو لە چوارچێوەی پێناسە تەقلیدییەکەی سەروەریی دەوڵەت، بێجگە لەبەرهەمهێنانی توندڕۆیی و تیرۆر شتێکی دیکە بەرهەم نایەت، بۆیە قەناعەتی جیهان ئێستا گەیشتۆتە ئەوەی، ئەگەر ئامانجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیری بێت، ئەوا دەبێت چاو بخشێندرێتەوە بە سەروەریی تەقلیدی دەوڵەت هەروەك چۆن لەساڵی ١٩٩٠ جۆرج بوشی باوك عێراقی خستە ژێر بەندی حەوتەمی پاکتی نەتەوەیەکگرتووەکان و کوەیتی ئازادکردەوە.

لەم چوار چێوەیەدا جێگەی خۆیەتی ئەوە بڵێین کە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان کاتێك شاند دەنرێت بۆ بەغدا بۆ ئەوەی دیالۆگ لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان بکات، لە راستیدا شاندی کوردستان باسی پەیوەندی نێوان دوو دراوسێی باش دەکات، بۆیە بەغدا هەڵوێستی ئەرێنی بێت و پێشوازی لە سەربەخۆیی کوردستان بکات، یان هەڵوێستی نەرێنی بێت و خۆی ناڕەحەت بکات و هەڕەشە بکات، هیچ شتێك لە پرۆسەی سەربەخۆیی ناگۆڕێت و ئەو پرۆسەیە بەردەوام دەبێت و دەکرێت کوردستان چەند ساڵێك سەربەخۆ بێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق ئاسایی نەبێت، بەڵام عێراق نە دەتوانێت هێرش بکاتە سەر کوردستان لەبەر ئەوەی لە رووی سەربازییەوە ئەو توانایەی نییە و چارەنووسی داعش تاقی دەکاتەوە کە هێرشی کردە سەر کوردستان، هەروەها عێراق نە کارتی گوشاری ئابووریشی لەبەر دەستدا ماوە، هەتا هەڕەشەی گەمارۆی ئابووری لە کوردستان بکات، بەپێچەوانەوە زوو ئەو کارتەی تاقیکردەوە و بەڵام ئیرادەی خەڵکی کوردستان بەسەربەخۆیی وەڵامی دایەوە.

**● ریفراندۆم پرۆسەیەك**
**بۆ بەیاساکردنی سەروەریی کوردستان**

ریفراندۆم نەریتێکە بۆ یەکلاکردنەوەی زۆر پرس پەنای دەبرێتەبەر، ئاکامی ریفراندۆمیش وەك پیشاندانی ئیرادەی گەل بۆ یەکلاکردنەوەی دوو بژارە سەیر دەکرێت و لەبەر رۆشنایی ئیرادەی گەل چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دروست دەکرێت. ئەم پرۆسەیە بۆ گەلانی بێ دەوڵەت هەمان پرۆسەیە بۆ یەکلاکردنەوەی دوو بژارە، بەوەی ئایا ئەو گەلە دەیەوێت لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکە بژی، یان دەیەوێت خۆی خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت و پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ نەتەوەی پێشوو لە چوارچێوەی پرەنسیپی دراوسێتی باشدا هەبێت؟

بۆ ئێستای کوردستان کە بەکردەیی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە و جیهانیش وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئەمری واقیع مامەڵەی لەگەڵ دەکات، پرۆسەی ریفراندوم هێندەی ئەنجامدانی رێوشوێنێکە بۆ ئەوەی جیهان وەك دیکۆمێنتێك سەیری ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکات و رێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرێت، هێندە مەسەلەکە گۆڕینی جوگرافیا، یان جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە، یان گۆڕینی بالانسی هێز نییە لەنێوان دەوڵەتانی ناوچەکە، یان دەوڵەتە گەورەکانی جیهاندا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو جوگرافیایەی دەوڵەتی کوردستانی لەسەر رادەگەیەندرێت، ئێستا بەکردەیی گەلی کوردستان حوکمڕانی دەکات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەیپارێزێت، هەم حوکمڕانییەکەی کوردستان هۆکارێکە بۆ پاراستنی بەهاکانی مرۆڤایەتی لە لێبوردەیی و پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی جیهان، هەمیش بەرگریی هێزی پێشمەرگە، پارێزگارییە لەبەرەی پێشەوەی هەموو مرۆڤایەتی کە تیرۆر و تیرۆریستان هەڕەشەیان

**ئێران دەتوانێت بە رێگەی وەکیلەکانی و لەژێر ناو و پەردەی جیاوازدا ئاستەنگ بۆ هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ دووبارە رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دروست بکات**

**ترەمپ بۆ هەموو جیهانی سەلماند کە دەتوانێت هەڵوێستی رووسیا فەرامۆش بکات و چۆن بیەوێت بەوجۆرە مامەڵە لەگەڵ رژێمی ئەسەد بکات، لە هەمانکاتدا دەشتوانێت ئەو گروپ و لایانەنەی دەبنە سپۆنسەری تیرۆر و هۆکارێک بۆ توندوتیژی و دەمارگیری مەزهەبگەرایی وەک داعش مامەڵەیان لەگەڵدا بکات**

**ئێستا یەکەکە بە شانازییەوە رایدەگەیەنێت کە ئەوان بەشێکن لە حەشدی شیعەو لەیەک سەرچاوەشەوە مووچە و پێداویستییان بۆ دابین دەکرێت**

**لەدیدی ئێران و وەکیلەکانیەوە، هەرێمی کوردستان ئەو جوگرافیا ئیزعاجەیە کە نەیهێشتووە بردنەوەی شەڕی داعش بکەوێتە خزمەتی ئامانجی دروستکردنی هیلالی شیعەوە، بۆیە ئێران لە هەوڵی ئەوەدایە بە ڕێگەی وەکیلەکانی لەناوخۆی کوردستان کە پەکەکەیە و بەشێکی حەشدی شیعە لە عێراق، جۆرێک لە ناسەقامگیری لە کوردستان دروست بکات**

**هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لە نییەتی ئێران و ڕووسیا تێگەیشتووە، بۆیە لە ئێستاوە سەرقاڵی داڕشتنی ستراتیژیەتێکی دیکەیە بۆ قۆناخی دوای شەڕی دژی داعش و دەیەوێت ئەو بەرەیە لە ژێر پێی ڕووسیا دەربهێنێت و ئێران و وەکیلەکانیشی لە ستراتیژیەتی قۆناخی دوای داعش بکاتە دەرەوە**

**پەیوەندی نێوان کوردستان و عێراق لە کابینەکەی عەبادیدا لەگەڵ کابینەکەی نوری مالیکی بەراورد ناکرێت و بەکردەوە پەیوەندی نێوان کوردستان و عێراق، چۆتە قۆناخی پەیوەندی نێوان دوو وڵاتی دراوسێ، کە لە چوارچێوەی ڕێز و بەرژەوەندی هاوبەش مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن**

لێدەکات. هەربۆیە جیهان هەم ڕێز لە شێوازی حوکمڕانیی کوردستان دەگرێت، هەمیش ڕێز لە قارەمانی و ئیرادەی هێزی پێشمەرگە دەگرێت، بۆیە ریفراندۆم نەك هەر دژی هیچ هێز و دەوڵەتێك نابێت لە جیهانی ئازاد و دیموکراتیدا، بەڵکو دەبێتە پاڵپشتێك بۆ پاراستنی بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی کە لەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردستاندا زیاتر بەرجەستە دەبێت و جیهان باشتر دەتوانێت مامەڵەی لەگەڵ بکات و باشتر پشتیوانی لێ بکات.

لایەنێکی دیکە کە جیهان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی هیچ گومانێکی لە ئاکامی ریفراندۆمی کوردستان نەبێت، ئەوەیە کە ئاکامی ریفراندۆمەکە ئاشکرایە، راشکاوانەتر ئەمە ئەنجامدانی ریفراندۆم نییە لە سکۆتلەندا و کیوبیك، هەتا سندوقی دەنگدان نەکرێتەوە، نەزانرێت ئایا سکۆتلەندی، یان کیوبکییەکان دەیانەوێت لە بەریتانیا و کەنەدا جیاببنەوە، یاخود پێیان باشترە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا بمێننەوە، بەپێچەوانەوە کوردستان پێش ئەوەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەنجام بدات، حکومەتی عێراق خۆی کوردستانی لە خۆی جیاکردۆتەوە و گەلی کوردستانی خستۆتە نێوان چەند ڕیانی گەمارۆی ئابووری و شەڕی داعش و برسێتی و دەیان هەڕەشەی دیکەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە گەلی کوردستان بەجیاوازیی ئایین و نەتەوەوە، بەجۆرێك لەلایەن حکومەتی عێراقەوە غەدری لێکراوە، کە زۆر زەحمەتە ڕێژەیەکی کەمیش هەبێت داخوازی مانەوە لەگەڵ عێراق بکات، هەر بۆیە کاتێك لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان باسی پرسی ریفراندۆم دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی ئەوەمان لێ ناپرسن ئێوە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی دەکەن، یان نە، بەڵام پێمان دەڵێن گەلی کوردستان هەر بڕیارێك بدات، ڕێزی لێ دەگرین.

لەمەش گرنگتر دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کە بەشێکی کوردستانیان پێکەوە لکێنراوە، ئەوانیش باش دەزانن کە وەك دەوڵەت ئەو مافەیان نییە، یان ئەو سەردەمە بەسەر چووە کە بتوانن ڕاستەوخۆ دەستتێوەردان بکەن، هەوڵەکانیان گۆڕاوە بۆ ئەوەی بە خەڵکانێك



شەڕی وەکالەت دژی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بکەن، کە بەکوردی یان بە زمانی یەکێك لەنەتەوەکانی کوردستان قسەدەکەن، هەر وەك چۆن ئێستا پەکەکە بە ئاشکرا وەك وەکیلی دەوڵەتێکی دراوسێی کوردستان دژایەتی خۆی بۆ سەربەخۆیی و ریفراندۆم نەشاردۆتەوە و ڕووقایمانە بێ ئەوەی ئارەقەی شەرمی نەتەوەیی بە ناوچەوانیدا بێتەخوارەوە، دەڵێت: ئێمە دژی سەربەخۆیی کوردستانین و سەردەمی دەوڵەتی سەربەخۆ بەسەرچووە! سەیری ئەم ڕووقایمی و بێ ئاگاییە بکەن، یەکێتی سۆڤیەت زیاتر لە ٧٠ ساڵ هەوڵیدا، نەتەوەکان لە چوارچێوەیەکی نێونەتەوەیی کۆبکاتەوە، فەشەلی هێنا، زیاتر لە ٥٠ ساڵە یەکێتی ئەوروپا لە هەوڵی ئەوەدایە نەتەوە دیموکراتخوازەکان لە فیدراسیۆنێکدا کۆبکاتەوە، کەچی ئێستا بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت و نەتەوەکان دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ناو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، کەچی تازە بەتازە پەکەکە دێت و بەخەڵکی کوردستان دەڵێت



سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی بەسەرچووە!!

لە کوردستانی باشوور کە پرۆسەی ریفراندۆم بەرەو هەنگاوی پراکتیکی دەچێت، چاوەکان لەسەر ئەوەن لە چەند مانگی داهاتوو هەر لەساڵی ٢٠١٧ ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدرێت، سەبارەت بەم پرۆسەیە سەرۆکی کوردستان خوازیاری ئەوەیە هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێکەوە پشتگیری سەرخستنی ئەم پرۆسەیە بکەن، بۆ ئەوەی گەلی کوردستان ئەم بڕیارە یەکلاکەرەوەی خۆی بدات، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسامی و هەندێك جار خەندەشە، ئەوەیە کە سەرۆکی یەکێك لە حزبەکانی کوردستان دەڵێت: ئەگەر ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بێت، پشتگیری دەکەین، بەڵام ئەگەر بۆ سەربەخۆیی نەبێت، ئێمە پشتگیری ناکەین، ئەمە لەکاتێکدا وەك باسی لێوە دەکرێت، ئەو پرسیارەی لە ریفراندۆمدا لەگەڵ دەکرێت تەنیا یەك پرسیارە و دوو وەڵامی ( بەڵێ و نەخێر)ی هەیە، ئەوجا ئەگەر خەڵکی کوردستان بە (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی دەنگی دا، ئیدی ئەو پرسیارە سەیرە چۆن دەکرێت کە دەڵێن: ئایا ریفراندۆم بۆ سەربەخۆییە، یان نە؟!

حزبی سیاسیی دیکە هەیە لە کوردستاندا زۆر بە ئاشکرا لە هەوڵی ئەوەدایە زەمینەی ئەوە خۆش بکات کە بەشێك لە خەڵکی کوردستان بە (نەخێر) دەنگ بدەن، واتە بڵێن: نەخێر سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستانمان ناوێت! ئەم جۆرە خەڵکە کە بۆچوونەکانیان لەسەرچاوەی رق و کینەوە سەرچاوەی گرتووە، لەگەڵ ئەوەی خۆیان باش دەزانن هەوڵەکانیان مایەپووچ و سەرکەوتوو نابێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانن دوای سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆم، یان دەبێت خۆیان سەری خۆیان هەڵبگرن و کوردستان بەجێبهێڵن، یان تا ماون لەناو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا شەرمەزار دەبن.

**لە عێراقدا پەیامی ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بۆ لە ریشەهەڵکێشانی فیکری داعش، بە گوشار خستنە سەر شیعەی عێراق دەستی پێکرد بەوەی نابێت کە جارێکی دیکە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق ببێتەوە سەرۆکی وەزیران . ئەمەش وەک خۆی جێبەجێ کرا**



### ئەبوبەکر ئەتاچ سیاسەتمەدار بۆ گوڵان:

# دەبوو پەکەکە لە ریزی کوردان جێگەی بۆ خۆی بکردایەتەوە نەک لە ریزی حەشدی شەعبی و ئێران و رژێمی ئەسەد

# ئەگەر پەكەكە پەرۆشی كوردایەتییە، پێویستە لەبری تۆمەتبەخشینەوە گفتوگۆیەكی هێمنانە لەگەڵ لایەنە كوردییەكاندا بكات

**ماوەی نزیكەی ١٠٠ ساڵە یەكجار دەرفەتی سەربەخۆیی بۆ كوردستان هاتۆتەپێشەوە، كەچی وەك هەموو لایەك دەبینین پەكەكە بە ئاشكرا دژایەتی سەربەخۆیی كوردستان دەكات و بە دەست لە پشتدانی دوژمنانی كوردستان هەموو هەوڵی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتە لەدەست بچێت و كوردستان نەبێتە خاوەن دەوڵەتێكی سەربەخۆ، لەمەش خراپتر پەكەكە لەناوچەی شنگال بنكە و بارەگای كردۆتەوە بۆ ئەوەی پەلكێشی توركیا بكات بۆ ناو كوردستانی باشوور و شەڕێكی نەخوازراو و ناسەقامگیریی زیاتر دروست بكات و جارێكی دیكە كوردانی ئێزیدی دوچاری كارەساتێكی دیكە بكاتەوە، بۆ قسەكردن لەسەر سیاسەتە شاش و هەڵەكانی پەكەكەو ئامانجەكانی لە پیادەكردنی ئەم سیاسەتەی لە دژی كوردستان و كوردانی ئێزیدی و پێشمەرگە، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ئەبوبەكر ئەتاچ سیاسەتمەدار و ئەندامی پێشووی پەكەكە ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوە.**

*** پێش گورزەكانی توركیا بۆ سەر شنگال، چەندین لایەن رووی بانگەوازیان لە پەكەكە كرد كە پێویستە دۆخی شنگال و سەقامگیری كوردستان لەبەرچاو بگرێت، بەڵام بینیمان كە پەكەكە بەدەم ئەو داخوازییانەوە نەهات و سەرەنجام توركیا هێرشی كردە سەر دەڤەرەكە، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا پەكەكە بۆ دەیەوێت باشووری كوردستان كاول بكات؟**

- لە راستیدا دەبێت ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین كە توركیا لە گۆشەنیگای بوونی پەكەكەوە لە ناوچەی شنگال و قەرەچوغ دەڕوانێت، دواتر توركیا خۆی لە نێو خۆدا گرفتارە و خوازیارە كێشە دروست بكات، چونكە توركیا دەیەوێت پێگەی خۆی بەهێز بكات لەو گفتوگۆیانەدا كە بڕیارە لەگەڵ هەر یەكە لە رووسیا و ئەمەریكادا ئەنجامی بدات، لەبەر ئەوە توركیا ماوەیەكە ئامادەكارییەكی زۆری كردووە بۆ هێرشێكی لەم چەشنە، بەڵام توركیا لەم رووەوە پێویستی بە پاساوێك هەیە، كە جێی داخە بوونی پەكەكە لە شنگال ئەو بیانووەی دایە دەستی توركیا بۆ ئەنجامدانی ئەم كارە. لەبەر ئەوە ئەگەر پەكەكە بە تێڕوانینێكی كوردانە لە مەسەلەكان دەڕوانێت، ئەوا هیچ پێویست ناكات لە شنگالدا بمێنێتەوە، بەڵام پەكەكە دێت و ئاژاوە و كێشە دروست دەكات بۆ ئەوەی برەو بە دەسەڵاتی خۆی بدات، ئەمە بێ ئەوەی ئەو راستییە لەبەرچاو بگرێت كە هەر بەشێكی كوردستان دۆخێكی جیاواز و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، راستە بە هەموویان كوردستان پێكدەهێنن، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێكرد، هەر بەشە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە پێویست ناكات پەكەكە لە باشووری كوردستان شەڕی دەسەڵات بكات، چونكە ئەمە كاریگەریی سلبی دەكاتەسەر تەبایی كورد و لەبری بەرەوپێشچوونی یەكریزی كورد ئەوا دەرئەنجامێكی پێچەوانەی لێدەكەوێتەوە. ئەگەر پەكەكە پەرۆشی كوردایەتییە، ئەوا دەبێت دەستبداتە گفتوگۆیەكی هێمن لەگەڵ لایەنە كوردییەكانی دیكەدا، بەڵام لەبری ئەوە دێت و تۆمەت دەبەخشێتەوە، ئەمەش دەبێتەهۆی لێكترازاندن و لێكدوورخستنەوەی كورد لە یەكتری.

*** لەكاتێكدا باشووری كوردستان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵدەگرێت؛ كەچی**

**ئەو لێدوانەی سەرۆک مسعود بارزانی کە رایگەیاند رێگەنادەین خوێنی کورد بە دەستی کورد برژێت، لێدوانێکی پڕ لە قەدر و قیمەتە، ئەم تێروانینە مایەی پێشخستن و رزگارکردن و سەربەخۆیی کوردە**

**لە سەروەختی هێرشی داعشدا بۆ شنگال ئەگەر پەکەکە هاوکاری کردووە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێرشانەدا، ئەوا کارێکی باشی کردووە، بەڵام نابێت لە ئێستادا پاساو و دەرفەت بۆ تورکیا دروست بکات بۆ ئەوەی بێت و شنگال بۆردومان بکات و بەهۆیەوە پێشمەرگەی کوردستان شەهید بێت، ئەمە کارێکی دروست نییە**

**لە ئێستادا رۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی نوێ هاتۆتەئاراوەو دەبێت کوردیش لەسەر بنەمای ئەو رەوشە نوێیە سیاسەتەکانی خۆی دابڕێژێتەوە**

**پەکەکە بەهەموو شێوەیەك ئاستەنگی بۆ دروست دەکات، پێتوایە پەکەکە چی لە باشووری کوردستان دەوێت؟**

- پەکەکە لە سەرەتای دروستبوونیدا بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە ئامانجی ئەوان دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ و دیموکراسی و سۆشیالیستی و هاوبەشە و رزگارکردنی هەر چوار بەشەکەی کوردستان لەخۆ دەگرێت، بۆ ئەو مەبەستەش ٣٠ ساڵ کار و کۆشش و خەباتی کرد و قوربانی دا، بەڵام دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان، هەڵوێستی خۆی گۆڕی و رایگەیاند کە خوازیاری دروستکردنی دەوڵەت نییە، واتە پەکەکە کەوتە نێو بۆشاییەکەوە، لەبەرچی، لەبەر ئەوەی چیتر ئەو ئامانجە لە ئارادا نەما کە لە پێناویدا دروست بوو و درێژەی بە خەبات دا، لەوەش خراپتر ئێستا پەکەکە دێت و دژایەتی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان دەکات، ئەمە لە کاتێکدا هەموو نەتەوەیەك — گەورە بێت یان بچووك- هەوڵی بەدەستهێنانی دەوڵەتی خۆی دەدات و مافی خۆشیەتی، کوردیش لە سەرجەم بەشەکانی کوردستان بۆ ئەم ئامانجە خەبات و راپەڕینی کردووە. کەچی پەکەکە دەڵێت دروستبوونی دەوڵەت لەم رۆژگارەدا مومکین نییە و بانگەشە بۆ کۆنفیدراڵیزمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، باشە خۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشێوی باڵی بەسەردا کێشاوە و دەوڵەتەکان، یان شکستیان هێناوە، یان بە رادەیەکی زۆر لاواز بوون، ئەی لەسەر چ بنەمایەك کۆنفیدراڵیزمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بنیاد دەنێیت؟ من پێموایە پەکەکە کاتێك خۆی نەتوانێت ئامانجێکی بەدی بێنێت، دێت و دژایەتی دەکات، ئەمەش هەڵەیە. چونکە لەم ساتەوەختەدا کوردستان بە هەل و مەرجێکی مێژووییدا تێدەپەڕێت، لە ماوەی ١٠٠ ساڵدا ئەوا هەلێك رەخساوە کە پێویستە هەر کوردێك لە هەر بەشێکی کوردستاندا خەمی ئەوەی بێت دەوڵەتێکی کوردی دروست بێت، واتە ئەرکی هەموو کوردێك ئەوەیە کە هەر کاتێك هەلی دروستبوونی دەوڵەت —ئیدی لە هەر بەشێکی کوردستان بێت- هاتەئاراوە، ئەوا هاوکاری بکات، نەك دژایەتی. بەڵام پەکەکە دێت و تەواو بەپێچەوانەوە هەڵسوکەوت دەکات. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پەکەکە شەڕ لە پێناوی چیدا دەکات؟ ئەگەر پەکەکە لە پێناوی دیموکراسیەتی کۆماری تورکیادا دروست بووە و دژی سەربەخۆیی کوردستانە، ئەوا پێویست بە شەڕ ناکات، بەڵام لە پشت ئەم پرسەوە ئێران هەیە، کە ئاشکراشە ئێستا ئەمەریکا ئێران بە سەرچاوەی کێشە و ئاژاوەکانی ناوچەکە دەزانێت، کەچی پەکەکە چۆتە نێو ئەم بەرەیەوە، ئەگەرنا پەکەکە خانەسۆر بگرێت، یان نا، چی بە پەکەکە دەبڕێ، ئایا پەکەکە دەوڵەتی لێ دروست دەکات، یان تەنیا بۆ دروستکردنی ئاژاوەیە؟

*** پێتانوایە لە ئێستادا پێویستە پەکەکە چی بکات؟**

- لە راستیدا پێویستە پەکەکە پێش هەموو شت بزانێت گۆڕەپانی خەباتی ئەو باکووری کوردستانەو دەبێت سیاسەتێك بگرێتەبەر کە رەنگدانەوەی واقیعی ئەو ناوچەیە بێت، هەروەها دەبێت هەلو مەرجی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیش لەبەرچاوبگرێت، چونکە ئاشکرایە لە ئێستادا رۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی نوێ هاتۆتەئاراوەو دەبێت کوردیش لەسەر بنەمای ئەو رەوشە نوێیە سیاسەتەکانی خۆی دابڕێژێتەوە.

*** ئێستا پێشمەرگە بووەتە سیمبولی بەرخودانی کورد لە جیهاندا، لەبەرامبەردا هەموو هەوڵی پەکەکە بۆ ئەوەیە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بێ بایەخ بکات، ئایا پەکەکە بۆ بەرژەوەندی کام وڵات ئەم کارە دەکات؟**

- ئێمە با لە روانگەیەکی کوردانەوە پرسیاری ئەوە بکەین ئایا بەرژەوەندی پەکەکە لە دژایەتیکردنی پێشمەرگە لەچیدایە؟ ئایا لاوازبوونی پێشمەرگە هیچ خزمەتێك بە پەکەکە دەگەیەنێت؟ بێگومان بەهێزبوونی باشووری کوردستان و قارەمانێتی پێشمەرگە لە بەرژەوەندیی هەموو بەشەکانی کوردستانە بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها بەرەپێشچوونی رەوشی باشووری کوردستان رەنگدانەوەی ئیجابی دەبێت لەسەر هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان، بەتایبەتی کە ئێستا جیهان شایەتی ئازایەتی و فیداکاری پێشمەرگەن. دواتر با ئێمە

باسی ئەوە بکەین کە کۆبانیێ لە سەروەختی کەوتندا بوو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان توانی هێز رەوانەی کۆبانیێ بکات و بەشدار بێت لە رزگارکردنی ئەو شارە و دواتر کشایەوە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم لە سەروەختی هێرشی داعشدا بۆ شنگال ئەگەر پەکەکە هاوکاری کردووە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێرشانەدا، ئەوا کارێکی باشی کردووە، بەڵام نابێت لە ئێستادا پاساو و دەرفەت بۆ تورکیا دروست بکات بۆ ئەوەی بێت و شنگال بۆردومان بکات و بەهۆیەوە پێشمەرگەی کوردستان شەهید بێت، ئەمە کارێکی دروست نییە.

*** کوردانی ئێزیدی گەورەترین کارەساتیان بەسەر هات بۆ رزگارکردنەوەی شنگال و چیای شنگال زیاتر لە ٧٠٠ پێشمەرگە شەهید بوون، پەکەکە هاتە سەر حازری، بەڵام ئێستا دەیەوێت کارەساتێکی دیکە بەسەر ئێزیدییەکان بێنێت، ئایا شەڕی بەوەکالەت بۆ عێراق و ئێران گەیشتۆتە ئەو ئاستەی پەکەکە چاوی کورد نەبینێ؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە میللەتی کوردی ئێزیدی کارەساتی زۆریان بەسەردا هاتووە لە مێژووی خۆیاندا و دوایینیشیان ئەو کارەساتە بوو کە لەسەر دەستی داعش بەسەریاندا هات. دواتر ئەوەی پەیوەندی بە پرسیارەکەتانەوە هەیە، ئەوا من دەڵێم پێویست نەبوو پەکەکە بچێتە بەرەی ئێران و سووریا و حەشدی شەعبییەوە، بەڵکو دەبوو لە ریزی کوردایەتیدا بێت، چونکە هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ئێستا بە هەوڵ و خەباتی دوور و درێژی کورد و بە گیانفیدایی و قارەمانێتی پێشمەرگە دەرفەتێکی باش هاتۆتەپێش، کە دەبێت هاوکاربین لە سەرخستنیدا، نەك دڵی دژومنان بە خۆمان خۆش بکەین.

*** ئایا دژایەتیکردنی سەربەخۆیی کوردستان زیان بە پەکەکەش ناگەیەنێت؟ بۆچی پەکەکە روو لەباکووری کوردستان ناکاتەوە کە ئەوێ شوێنی راستەقینەی خۆیانە؟ بۆچی چاوی بڕیوەتە ئەم بەشەی کوردستان؟**

- لە راستیدا نەك هەر دژایەتیکردنی سەربەخۆیی کوردستان زیان بە کورد دەگەیەنێت، بەڵکو هەر بوونی دژایەتی لە نێو کورددا کارێکی زیانبەخشە و پێویستە کار بۆ نەهێشتنی بکرێت. دواتر مەلا مستەفا لە هەل و مەرجێکی زۆر سەختتدا خەباتی کردو هیوایەکی لای میللەتی کورد دروست کرد، ئەمە کارێکی زۆر گرنگ بوو. ئێمە دەبێت هاوکاری یەکتر بکەین لە دژی ئەو کەسانەی کە دوژمنایەتی کورد دەکەن، نەك بێین و یەکتری لاواز بکەین و ماڵی خۆمان وێران بکەین، خۆ ئەگەر پێشمەگەر قارەمانێتییەکی تۆمارکردووە، ئەوا دەبێت ستایش بکرێت، نەك لە بەهای کەم بکەیتەوە، چونکە هەر کەسێك ئەم کارە بکات، ئەوا دوژمنایەتی کورد دەکات. لە ئێستادا ئەرکی هەمووان ئەوەیە کە هاوکاربین بۆ ئەوەی سوود لەو هەل و مەرجە مێژوویییە وەربگرین کە دروست بووە.

*** پارتێکی سیاسی ئەمە زهنییەت و بەرنامەو رەفتاری بێت، ئایا بە ئاشتی و دانوستاندن دەتوانرێت لە شنگال و مەخموور دووریان بخەینەوە؟**

- من دەڵێم ئەگەر پەکەکە پارتێکی کوردی و کوردستانییە، ئەوا دەبێت ئامادە بێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە و بە رێگاچارەی سیاسی ئەم کێشەیە یەکلابکرێتەوە، بە پێچەوانە ئەوا دەبێت پرسیار بکەین پەکەکە بۆ بەرژەوەندی چ لایەنێك ئامادەی چارەسەری ئاشتییانە نابێت بۆ بوونی ئەندام و چەکدارانیان لە شنگال و مەخموور، ئایا بۆ بەرژەوەندی ئێران، عێراق و حەشدی شەعبییە؟

*** ئایا پەکەکە ئیستیغلالی ئەو لێدوانەی سەرۆك مسعود بارزانی ناکات، کە رایگەیاند رێگەنادەین خوێنی کورد بە دەستی کورد بڕژێت؟**

- لە راستیدا ئەو لێدوانەی سەرۆك مسعود بارزانی کە رایگەیاند رێگەنادەین خوێنی کورد بە دەستی کورد بڕژێت، لێدوانێکی پڕ لە قەدر و قیمەتە، ئەم تێڕوانینە مایەی پێشخستن و رزگارکردن و سەربەخۆیی کوردە، بەڵام ئەگەر پەکەکە بە پێچەوانەوە رەفتار بکات، ئەوا باجەکەی دەدات، ئەمڕۆش نەبێت لە ئایندەدا بە زیان بۆ خۆی دەشکێتەوە. چونکە ناکرێت لەمڕۆدا بێیت و تۆوی دوژمنایەتی لە نێو کورددا بچێنیت.

**ئەگەر پەکەکە لە پێناوی دیموکراسیەتی کۆماری تورکیادا دروست بووە و دژی سەربەخۆیی کوردستانە، ئەوا پێویست بە شەڕ ناکات، بەڵام لە پشت ئەم پرسەوە ئێران هەیە، کە ئاشکراشە ئێستا ئەمەریکا ئێران بە سەرچاوەی کێشە و ئاژاوەکانی ناوچەکە دەزانێت، کەچی پەکەکە چۆتە نێو ئەم بەرەیەوە**

**پێویست ناکات پەکەکە لە باشووری کوردستان شەڕی دەسەڵات بکات، چونکە ئەمە کاریگەری سلبی دەکاتەسەر تەبایی کورد و لەبری بەرەوپێشچوونی یەکریزی کورد ئەوا دەرئەنجامێکی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە**

**پەکەکە دەڵێت دروستبوونی دەوڵەت لەم رۆژگارەدا مومکین نییە و بانگەشە بۆ کۆنفیدراڵیزمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، باشە خۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشێوی باڵی بەسەردا کێشاوە و دەوڵەتەکان، یان شکستیان هێناوە، یان بە رادەیەکی زۆر لاواز بوون، ئەی لەسەر چ بنەمایەک کۆنفیدراڵیزمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بنیاد دەنێیت؟**



## مەحمود ئێزیدی بۆ گوڵان:

# پەکەکە رێز لە داوای جڤاتی رۆحانی و میر و پیاوماقووڵانی ئێزیدی ناگرێت و نایەوێت بە ئاشتییانە شنگال چۆڵ بکات

### پەکەکە دۆستی حەشدی شەعبی و موخابەراتی وڵاتانی دەوروبەرەو دوژمنی ئێزیدی و پێشمەرگەیە و رێگرە لە ئاوەدانکردنەوەی دەڤەرەکەمان

**ئێزیدی کوردی رەسەنن و ئایینەکەشیان هەر بە زمانی کوردییە، بۆیە ئەم بەشەی نەتەوەکەمان جیا لەوەی وەك کورد چەوسێندراونەتەوە لەهەمانکاتدا لەلایەن داگیرکارانی کوردستانەوە لە رووی ئایینیشەوە چەوساوە بوون. ئێزیدییەکان هەموو کات لە شۆڕشەکانی کوردستاندا پشکداریی گەورەو دیاریان هەبووە و لە پێناوی سەربەخۆیی و رزگاریی کوردستاندا لە ریزی پێشەوەی مقاوەمەت و قوربانیداندا بوون. کوردانی ئێزیدی جارێکی دیکە لەسەر دەستی داعش دوچاری کارەسات بوون، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئێستا چەکدارانی پەکەکە لە هەوڵی ئەوەدان گێچەڵ وماڵکاولییەکی دیکەیان بۆ دروست بکەن، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای ئێزیدیەکان گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ مەحمود هاشم ئەلیاس ئەنجام دا کە نازناوی شەهید (مەحمود ئێزیدی)ی باوکی هەڵگرتووە کە لە پێناوی کورد و کوردستان شەهید بووە و ئێستا لەدەروازەی قەزای شێخان وەك وەفایەك بۆ ئەم قارەمانە پەیکەری بۆ دروستکراوە.**

*** لە هەموو بۆنەیەکدا سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێزیدی کوردی ڕەسەنن و هەرگیز جیاوازیی ئایینی نابێتە هۆکاری ئەوەی ئێزیدی لە کورد جیاببێتەوە، هەروەها شنگال و دەڤەری ئێزیدییەکانیش بەشێکی دانەبڕاوی خاکی کوردستانن، ئایا ئێوە وەکو سیاسەتمەدارو کەسێکی ناسراوی ناو ئێزیدییەکان چ پێشنیارێکتان هەیە بۆ ئەوەی سەرۆکی کوردستان بۆ ئێزیدییەکانی جێبەجێ بکات؟**

- لەناو جڤاتی ئێزیدییەکان جەنابی سەرۆك بارزانی هەڵوێستێکی پیرۆز و جوامێرانەو دیارو ڕوونی هەیە، بگرە لەناو کوردانی ئێزیدی پێشوازییەکی گەرم لەهەڵوێستی جەنابیان دەکرێت، ئەمەش بۆ ئەو متمانەیە دەگەڕێتەوە کە بەگشتی کوردانی ئێزیدی بەرامبەر مستەفا بارزانی هەیانە، چونکە هەڵوێستەکانی جەنابی مسعود بارزانی تەواوکاری ئەو پشتیوانییە بوو کە بارزانیی نەمر و ئیدریس بارزانیی هەمیشە زیندوو بۆ کوردانی ئێزیدی هەیانبووە، هەرگیز ئێزیدییان بەجیا نەزانیوە و جەختیان لەوە کردۆتەوە کە کوردستان شوێنی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ئاشتی نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان بووە، هەر ئەمەشە وایکردووە لەکوردستان ئایین و مەزهەب نەبێتە هۆکاری جیاوازی و دابڕان و شەڕ و ئاشوپ و دەستدرێژی بۆ سەر کوردانی ئێزیدی. مەلا مستەفا بارزانی خراپەکاری بۆ سەر کوردانی ئێزیدی بە هێڵی سوور داناوە، سەرۆکی کوردستانیش جەنابی مسعود بارزانی هەر لایەن و کەسێك لەبەرامبەر کوردانی ئێزیدی خراپ بجووڵێتەوە قبووڵی نەکردووەو وەڵامدانەوەو لێپرسینەوەی توندی دەرهەق کردوون. هاوکاریکردن و پاراستنی کوردانی ئێزیدی و بەهاناچوونی جەنابی مسعود بارزانی لەو مەینەتی و ئاوارەییەداو بەرزکردنەوەی کارەساتەکەیان بۆ ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دواتر بەهاناچوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هێزەکانی هاوپەیمانان هەمووی بۆ ئەو پشتیوانی و هەڵوێستانەی جەنابیان دەگەڕێتەوە، تەنانەت ئازادکردنی ناوچەکانیان بە خوێنی ٧٠٠ پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان، ئەمانە هەمووی وایکردووە کوردانی ئێزیدی سەرۆکی کوردستان بەپاڵپشتی خۆیان بزانن، باوەڕ ناکەم لەم کارەسات و مەینەتییەی کە بەسەر کوردانی ئێزیدی هات، کەس هێندەی سەرۆکی کوردستان دڵناخۆش و خەمبار بووبێت، لەهەموو چاوپێکەوتن و بۆنەکاندا کاریگەری توندی کارەساتەکە و خەمباری بۆ کوردانی ئێزیدیمان لەچاوانی دەبینی، بگرە جەنابیان تەئکیدی لەوە دەکردەوە کە کوردو بارزانییەکان زۆر کارەساتی گەورەو جەرگبڕیان بەسەردا هاتووە، بەڵام هیچیان وەکو ئەوەی ئەمجارە نییە کەبەسەر کوردانی ئێزیدی هاتووە.

*** تاچەند بەڵێنەکەی سەرۆك بارزانی بۆ ڕزگارکردنی شنگال و جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی ئێوەی ئێزیدی دڵخۆش کردووە؟**

- جەنابی سەرۆك بارزانی کورسیی سەرۆکایەتی بەجێهێشت و زیاتر لە شەش مانگ لەبەرەکانی پێشەوەی جەنگ بوو، لەمیحوەری زوممار و ڕەبیعە لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکانی سەرقاڵی بەرنامە و پلانی ئازادکردنەوەی شنگال و دەڤەری ئێزیدییەکان بوو، هەرواش بوو بە فەرماندەیی جەنابیان و سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانی توانرا چیای شنگال ئازاد بکرێت، لەوێوە شکاندنی داعشی ڕاگەیاندو تۆڵەی ئێزیدییەکانی کردەوە. لەدوای ئازادکردنی شنگالیش سەرۆك بارزانی کوردانی ئێزیدی لەبیر نەکردو بەرنامەو کاری تۆکمەو چارەنووسسازی بۆ شنگال و تەواوی دەڤەرەکە و پاراستن و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە دارشتووە، تاوەکو دووبارە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. پێش دوو مانگ لەمەوبەر جڤاتی ئێزیدی و میر تەحسین و مەرجەعییەتی ڕۆحانیی ئێزیدی و ژمارەیەك ڕۆشنبیر و کەسایەتی ئێزیدی چاومان بە سەرۆکی کوردستان کەوت و یاداشتێکمان لەسەر بیروبۆچوونی کوردانی ئێزیدی پێشکەشی جەنابیان کرد، پێش پێشکەشکردنی یاداشتەکە پێمان سەیر بوو هەموو ئەو داواکاری و پێشنیارانەی ئێمە کە لەناو یاداشتنامەکەماندا بوو، پێشتر لەبیرو هەستی سەرۆك بارزانی بووە و بەڵێنی جێبەجێکردنی دا، کە گرنگترینیان بەپارێزگاکردنی شنگال و گەڕانەوەی بوو بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لەمەش زیاتر دەخوازێ کاتێك شنگال بکرێتە پارێزگا لەلایەن کوردانی ئێزیدی بەڕێوە ببرێت، لەلایەکی دیکەشەوە بەرنامەو پرۆژەی بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگالیش داناوە، بەڵام بوونی پەکەکە ڕێگرە لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو هەموو بەرنامەو پرۆژانەی کە سەرکردایەتی

**مەلا مستەفا بارزانی خراپەکاری بۆ سەر کوردانی ئێزیدی بە هێڵی سوور داناوە، سەرۆکی کوردستانیش جەنابی مسعود بارزانی هەر لایەن و کەسێک لەبەرامبەر کوردانی ئێزیدی خراپ بجووڵێتەوە قبووڵی نەکردووەو وەڵامدانەوەو لێپرسینەوەی توندی دەرهەق کردوون**

**خەڵکی شنگال و خانەسۆرو سنونێ و کۆمەڵگەو گوندەکانی تەواوی دەڤەرەکە خاکی خۆیان بە پارچەیەکی ڕەسەنی خاکی کوردستان دەزانن و نەک پەکەکە هیچ هێزو داگیرکەرێکی تریش ناتوانێت لەکوردستانی جیای بکاتەوە**

**لە شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٠ مەلا مستەفا بارزانیی نەمر ئامادە نەبوو لەدانوستاندنەکاندا لەگەڵ حکومەتی بەغدا کەرکووک و خانەقین و شنگال بداتە داگیرکەرانی کوردستان، واتا لەلای ئەم سەرکردە گەورەو مێژووییەی کورد ستراتیژییەتی شنگال کەمتر نەبووە لە کەرکووک**

سیاسیی کوردستان بەهاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال و تەواوی دەڤەرەکە دایڕشتووە.

*** هەفتەی رابردوو فڕۆکە سەربازییەکانی تورکیا چیای شنگالیان بۆردومان کردو بەو هۆیەشەوە بارەگایەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆردومان کراو ٦ شەهیدو ٧ برینداری لێکەوتەوە، ئەمەش بەهۆی بوونی پەکەکەو عینادییان لە چۆڵنەکردنی شنگال بووە. ئایا پەکەکە بۆچی ئەم ناوچەیە چۆڵ ناکات تاوەکو کاولکاری و ماڵوێرانی بۆ باشووری کوردستانی لێنەکەوێتەوە؟**

- جڤاتی رۆحانیی ئێزیدی و پیاوە ماقووڵ و کەسایەتییەکانی ئێزیدی بەردەوام داوا لەپەکەکە دەکەن ئەو ناوچەیە چۆڵ بکەن، بۆ ئەوەی کێشەو گرفت و ماڵوێرانی زیاتری بۆ کوردانی ئێزیدی لێنەکەوێتەوە، بەڵام عینادی و بوونی ئەجێندەی نهێنی دژ بە باشووری کوردستان لەلایەن پەکەکەوە وایکردووە شنگال چۆڵ نەکەن، ئێمە وەك کوردانی ئێزدی دەمێکە دەزانین پەکەکە گێچەڵێك دروست دەکات، هەربۆیە جڤاتی رۆحانیی ئێزیدی و میر و کەسایەتییە ناسراوەکانی ئێزیدی و سەرۆك هۆزەکان داوایان لە پەکەکە کرد سنووری شنگال چۆڵ بکەن. بوونی پەکەکە لە چیای شنگال و دەڤەرەکەمان لەبەرژەوەندی کوردانی ئێزیدی نییەو تەنیا ماڵوێرانی و کاولکاریمان بۆ دەهێنێت.با پەکەکە ئەو پرسیارە لەخۆیان بکەن ئایا مەرامیان لەمانەوە لە چیای شنگال و شاری شنگال چییە؟ بۆچی پەکەکە چاو لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناکات، کاتێك ئەرکەکەیان لە کۆبانێ تەواو بوو، بە بڕیاری جەنابی سەرۆك بارزانی ئەو هێزەی پێشمەرگەی کوردستان کشانەوە و شارەکەیان تەسلیمی خاوەنەکەی کردەوە؟

*** هەر لەم کارەساتە دڵتەزێنەی بەسەر ئێزدییەکان هات، زیاتر لە ٥٠٠٠ ژن و کچی ئێزیدی لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە رفێندران، بەڵام لەسەر رێنمایی سەرۆك بارزانی بەشێکی زۆریان ئازادکران و گەڕانەوە شوێنی خۆیان، ئایا ئەم هەوڵانە بۆ ئازادکردنی کچان و ژنانی ئێزیدی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- بەڕێزان سەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان هەرچی لەدەستیان هات بۆ ئازادکردنەوەی شنگال کردیان، بەڵام کارەساتەکە گەورە بوو، چەندین ئافرەت و پیرەمێرد و منداڵ کەوتنە دەستی تیرۆریستانی داعش، لەم کارەساتەشدا دیسان خەمخۆریی بارزانی وایکرد ژمارەیەك لە ئافرەت و گەنج و منداڵەکانمان بگەڕێنەوە، داوامان کرد نووسینگەیەك بۆ ئافرەت و کچانی رفێندراوی دەستی داعش بکرێتەوەو راستەوخۆ ببەسترێتەوە بە نووسینگەی جەنابی سەرۆك و رێزدار نێچیرڤان بارزانی-یەوە، خۆشبەختانە جەنابیان رازی بوون و ئێستا هاوکاری و یارمەتییەکی دارایی و مەعنەویی باش لەم رووەوە هەیە و ئەم نووسینگەیە رۆڵێکی باشی گێڕاوەو پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ هەموو هێزو سەرۆك هۆزە عەرەبەکان و کەسایەتییە ناسراوەکانی ناوچەکە هەیە، تەنانەت ئەو مەکتەبە پارەی داوە بۆ ئەوەی ژمارەیەك لە کوردانی ئێزیدی رزگار بکرێن. مەکتەبی جەنابی سەرۆکی حکومەت ئامادەیی دەربڕیوە بۆ دابینکردنی هاوکاری و یارمەتی زیاتر، ئومێد دەخوازین ئەم پاڵپشتی و هاوکارییەی تایبەت بەئازادکردنی کچان و ئافرەتانی ئێزیدی بەردەوام بێت.

*** پەکەکە دەیەوێت شنگال بکاتە کانتۆن و لە کوردستانی داببڕێت، ئایا ئێوەی ئێزیدی قبوڵ دەکەن شنگال بکرێتە کانتۆن یان لە کوردستان جیابکرێتەوە؟**

- هیچ کوردێکی ئێزیدی لەگەڵ بیروباوەڕی پەکەکەدا نییە کە شنگال بکرێتە کانتۆن و لەکوردستانی داببڕن. شنگال خاکی کوردانی ئێزیدییە و پارچەیەکی دانەبڕاوی خاکی کوردستانە، ئەو کاتەی لە شەرەفەدین لەسەر چیای شنگال لە رێگەی چەند هێزێکی ئیقلیمی و عێراقییەوە پەکەکە هەوڵی دامەزراندنی کانتۆنی دا، بەتوندی لەلایەن جڤاتی رۆحانی و کەسایەتییەکانی کوردی ئێزیدییەوە رەتکرایەوە و لە رووی جەماوەریشەوە هەر ئەو کات لەسەر چیاش پێشوازیی لێنەکرا، بەڵکو ئەم ئەجێندە دەرەکییە لەسەر خاکی کوردستانی باشوور نەك تەنیا رەتکرایەوە، بەڵکو ئیدانەش کرا، لەبەر ئەوەی ئەم بیروبۆچوونە خزمەتی هاوبەشی دوژمنانی گەلی کوردو کوردستانییەکان دەکات، هەروەها پەکەکە بە ئاشکرا دژی دەوڵەتی کوردستانە. دڵنیام ئەمڕۆ پەکەکە باسی کانتۆن دەکات، سبەی بڕوایان بەوەش نامێنێت، لەبەر ئەوەی ئەوان بەپێی رۆژ و ویست و بەرژەوەندی تەسکی

**دڵنیام ئەمڕۆ پەکەکە باسی کانتۆن دەکات، سبەی بڕوایان بەوەش نامێنێت، لەبەر ئەوەی ئەوان بەپێی رۆژ و ویست و بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی خۆیان، بیروباوەڕەکەشیان دەگۆڕن**

**جڤاتی رۆحانیی ئێزیدی و پیاوە ماقووڵ و کەسایەتییەکانی ئێزیدی بەبەردەوام داوا لەپەکەکە دەکەن ئەو ناوچەیە چۆڵ بکەن، بۆ ئەوەی کێشەو گرفت و ماڵوێرانی زیاتر بۆ کوردانی ئێزیدی لێنەکەوێتەوە، بەڵام عینادی و بوونی ئەجێندەی نهێنی دژ بە باشووری کوردستان لەلایەن پەکەکەوە وایکردووە شنگال چۆڵ نەکەن**

حزبایەتی خۆیان، بیروباوەڕەکەشیان دەگۆڕن. بێگومان خەڵکی شنگال و خانەسۆرو سنونێ و کۆمەڵگەو گوندەکانی تەواوی دەڤەرەکە خاکی خۆیان بە پارچەیەکی ڕەسەنی خاکی کوردستان دەزانن و نەك پەکەکە هیچ هێزو داگیرکەرێکی تریش ناتوانێت لەکوردستانی جیای بکاتەوە. لە شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٠ مەلا مستەفا بارزانیی نەمر ئامادە نەبوو لەدانوستاندنەکاندا لەگەڵ حکومەتی بەغدا کەرکووك و خانەقین و شنگال بداتە داگیرکەرانی کوردستان، واتا لەلای ئەم سەرکردە گەورەو مێژووییەی کورد ستراتیژییەتی شنگال کەمتر نەبووە لە کەرکووك و یان هەر بستێکی خاکی دیکەی کوردستان، هەربۆیە مومکین نییە شنگال و قەندیل و هیچ خاکێکی تر بکرێنە کانتۆن و لەکوردستان جیابکرێتەوە.

*** پەکەکە خۆی دەڵێت ئێمە بەفەرمانی حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبی لە شنگالین و هەتا حکومەت و حەشدی پێمان نەڵێن، شنگال چۆڵ ناکەین. ئایا پەکەکە حەشدی شەعبی بە دۆستی خۆی دەزانێت و پێشمەرگە بەدوژمنی خۆی؟ ئایا ئێوە ڕازی دەبن پەکەکە لە شنگال نوێنەرایەتی حەشدی شەعبی بکات؟**

- جێگای داخە دوای ئەو هەموو ماڵوێرانی و ئاوارەیی و کارەساتە جەرگبڕەی بەسەر کوردانی ئێزیدی هاتووە، کەچی هێزێکی کوردی وەکو پەکەکە بێت و ئێمەی ئێزیدی بۆ مەرام و بەرژەوەندی وڵاتانی ئیقلیمی و حەشدی شەعبی بەکاربهێنێت، ناوچەکە ئیستغلال بکات بۆ پەیوەندییەکانی و وەکو هێزێکی بەکرێگیراو مامەڵە بکات. ئەمڕۆ پەکەکە پەیوەندی خۆشە لەگەڵ حەشدی شەعبی و چەکدارەکانی بەشار ئەسەد و دەزگا سیخوڕییەکانی ناوچەکە و ئەوانەی دوژمنی کوردن، کەچی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتە سیاسییەکانی کوردستان و هاووڵاتیانی ئەم پارچەیەی کوردستان دوژمنایەتی دەکات. ئەوەتا پەکەکە بەئاشکرا دەڵێت ئەوان بە ڕەزامەندیی حکومەتی مەرکەزی بەغدا لە چیای شنگالن و بە قسە و بڕیاری ئەوان هەڵسوکەوت دەکەن و گوێ بەحکومەتی هەرێمی کوردستان نادەن. حکومەتی عێراق لە ڕێگەی حەشدی شەعبی یارمەتی پەکەکە و چەکدارەکانیان دەدات، ئەمەش بۆ مەرام و مەبەستێکی سیاسیی دژ بەکوردە. بەشێك لە کوردانی ئێزیدی کە فریودرابوون و دوای پەکەکە کەوتبوون، ئێستا تێگەیشتوون و گەڕانەوە ناو ڕیزی نیشتمانی و کوردایەتی ئەو پرسیارەیان لەپەکەکە کردبوو: بۆچی مینبجیان ڕادەستی تورکیا کرد، دوای ئەو هەموو قوربانی و شەڕ و بەکوشتدانی زارۆکی کوڕ و کچی کورد؟ هەر بۆیە پەکەکە لەکاتێکدا ئامادە بێت مینبج ڕادەستی سوپای تورکیا و هێزەکانی سەر بەو وڵاتە بکات، ئەی چۆن چیای شنگال و شاری شنگال تەسلیمی حەشدی شەعبی ناکات؟

*** سەرۆك بارزانی ڕێگەنادات شەڕی نێوان کورد- کورد دروست ببێتەوە، پەکەکەش ئەمەی قۆستۆتەوە و عینادی دەکات و دەیەوێت شەڕێك لەو ناوچەیە دروست بکات، ئایا چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو شەڕە لەو ناوچەیە دوور بخەینەوە؟**

- سەرۆك بارزانی بە بەردەوامی شەڕی نێوان هێزە کوردییەکانی تەحریم کردووە و تەئکید لەوە دەکاتەوە کە ڕێگەنەدرێت ئاژاوەو ئاشوپ لەنێوان هێزە کوردییەکان دروست بێت و جارێکی دیکە شەڕی نێوان کوردان بەرپا ببێتەوە، ئەمە سیاسەتی جەنابیانە کە لەگەڵ شەڕدا نین، لەسەر ئەم بنەمایەش ئەمڕۆ سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و هەموو نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان بڕوایان بە پێکەوەژیان و کەلتووری لێبووردەیی و ژیانی ئاشتییانە هەیە، ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی دژی شەڕی نێوان کورد و کورد، بەداخەوە لەلایەن پەکەکەوە قۆستراوەتەوە بۆ فراوانکردنی پێگەو دەسەڵاتی لەسەر خاکی ئێمە، هەر بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە هەموو ڕێگەیەکی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی پەکەکە بە ئاشتییانە شنگال و چیای شنگال چۆڵ بکات. تەنانەت ئەنجومەنی ڕۆحانیی ئێزیدی و جڤاتی کوردانی ئێزیدی و سەرۆك هۆز و کەسایەتییەکانی ئێزیدی هەمووان داوا لەپەکەکە دەکەن خاکەکەیان چۆڵ بکات و ناوچەکە پەلکێشی ماڵوێرانی زیاتر نەکات و خەون و ئومێدی کوردانی ئێزیدی لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان لەناو نەبەن، بەڵام عینادی و مەرام و مەبەستی ژێربەژێری پەکەکە لەگەڵ دەزگا موخابەراتییەکانی ناوچەکە وایکردووە، پەکەکە گوێبیستی دەنگی هەق و عەقڵ نەبێت.

**بوونی پەکەکە ڕێگرە لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو هەموو بەرنامەو پرۆژانەی کە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بەهاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال و تەواویی دەڤەرەکە دایڕشتووە**

**جەنابی سەرۆک بارزانی کورسیی سەرۆکایەتی بەجێهێشت و زیاتر لە شەش مانگ لەبەرەکانی پێشەوەی جەنگ بوو، لەمیحوەری زوممار و ڕەبیعە لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکانی سەرقاڵی بەرنامە و پلانی ئازادکردنەوەی شنگال و دەڤەری ئێزیدییەکان بوو**

# ئەی ئەلتەرناتیڤی سەربەخۆیی چییە؟

**شەخسی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە درێژایی مێژووی کاری سیاسی خۆیان دژی ئەوە بوون کە موجازەفە، یان موغامەرە بە ئایندەی کوردستان و کوردەوە بکەن**

کاتێك جەنگی یەکەمی جیهانی دەرفەتی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ نەتەوەی کورد لەبار بردو کورد نەیتوانی، یان نەیانهێشت ببێتە خاوەن دەوڵەت وەك بەشێکی زۆر لە گەلانی بندەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، خەون و خەباتی کورد بۆ سەربەخۆیی کۆتایی نەهات. سەرەڕای شۆڕشە بەردەوامەکان دۆخێکی لەباری ئەوتۆی نێونەتەوەیی نەهاتە ئاراوە کە کورد بتوانێ ئازادانە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات. کاتێك عێراق بەشێوەیەکی دەستکرد دروستکرا، گەلی کوردستان هەوڵیدا لە چوارچێوەی ئەو عێراقە دەستکردەدا کەمترین مافەکانی بەدەستبهێنێ، بەڵام هەموو داواو داخوازییەکانی گەلی کوردستان لەم بەشەی کورستاندا نەك تەنیا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو ئاکامەکەی ئەنفال و جینۆساید بوو. گەلی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی دۆخە نێودەوڵەتییە تاریکەکەدا هەوڵیداوە ئەو واقیعە نەخوازراو و زاڵمانەیە بگۆڕێ کە بەسەر کورستاندا سەپێندراوە. خۆ ئەگەر کرانەوەیەکی سنووردار لە دۆخە نێودەوڵەتییەکدا هاتبێتەئاراوە و خەبات و خوێنی خۆمان ئەوەی سەپاندبێ، ئەوا ناتەبایی نێوخۆ و ململانێکان کە هەمیشە دەوڵەتانی باڵادەستی ناوچەکە ڕۆڵی گەورەیان تێدا بینیوە و ئاستی پێگەیشتن و تێگەیشتنی خۆشمان هەمیشە فاکتەر بووە، ڕێگربوون لەبەردەم سوودوەرگرتن لەو کرانەوە سنووردارە. ئەمڕۆ گۆڕانکاریی گەورە ڕوویداوە و ئەو دۆخە نێوخۆیی (سەرەڕای کەموکوڕی ئابووری و دارایی و شێوازی حوکمڕانی و کێشە سیاسییەکانی نێوان لایەنەکان) و نێودەوڵەتییە گونجاوەی لەمڕۆدا هاتۆتەئاراوە لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا نەهاتۆتەئاراوە.

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکاری و دەستکاریی گەورە لە سنوورە نێودەوڵەتییەکاندا لە ئەنجامی شەڕە جیهانییەکاندا هاتۆتەئاراوە. جەنگی یەکەم کۆمەڵێك دەوڵەتی نوێی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی تر دروست کردو جەنگی دووەمی جیهانی بووە هۆی ئازادبوونی بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی بندەستی دەوڵەتە کۆڵۆنیالیستەکان و دامەزراندنی چەند دەوڵەتێك. کۆتایی جەنگی ساردیش بووە هۆی دروستبوونی چەندین دەوڵەت لە ئەورووپا و ئاسیا و دووریش نییە جەنگی جیهانی دژی تێرۆر ببێتە هۆی دەستکاریکردنی سنووری هەندێك دەوڵەت. کوردستان وەك مەیدان و لایەنێکی دیار و گرنگی ئەم جەنگە دەرفەتی گەورەی لەبەردەم کراوەتەوە و قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە و هەنگاونانی جددی و کردەیی بەرەو سەربەخۆیی بەندە بە ئیرادە و بڕیاری سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانەوە. ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە سەرەڕای دۆخە نێودەوڵەتی و نێوخۆییە گونجاوەکە هێشتا هەندێك لایەنی کوردستان بە پاساو و بیانووی جیاوازەوە ڕێگرن لەبەردەم سڕینەوەی ئەو غەدرە مێژووییەی سەد ساڵە لە خەڵکی کوردستان دەکرێ.

ئێمە نەك مێژووی دوای نەمانی بەعس و مامەڵەمان لە عێراقی (نوێ)دا کە لە ساڵی ۲۰۰۳وە دەستی پێکردووە، فێری کردبین، بەڵکو مێژووی سەد ساڵەمان کە لە بن بەرداشی هەمان داگیرکردندا دەهاڕێین فێری کردووین، ئێمە ناتوانین لە چوارچێوەیەکدا بژین کە جگە لە نەهامەتی و وێرانکاری و سڕینەوەی سیمای نەتەوایەتی و ڕەتکردنەوەی وجوود هیچی تری پێنەبەخشیوین. دوای ساڵی ۲۰۰۳ و هاوکاری کورد لە رزگارکردنی عێراق و کوردستان و هەوڵەکانمان بۆ دارشتنی دەستوورێك کە لانیکەمی داخوازییە نەتەوەیی و سیاسی و کەلتوورییەکانی لەخۆگرتبێ و دوای هەوڵە بەردەوامەکانی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لە ماوەی ۱۲ ساڵی ڕابردوودا تازە خەریکین دەگەڕێینەوە چوارگۆشەی یەکەم و بە ئەقلییەتی کەمینە و زۆرینە ڕای زۆرینەیەکمان بەسەردا دەسەپێنن کە سەد ساڵە بە ئاگر و ئاسن حوکممان دەکەن. ئەوانەی هەڵوێستی نێگەتیڤیان لەمەڕ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی هەیە، پێویستە ئەو پرسیارە جەوهەرییە لە خۆیان بکەن کە ئەویش ئەوەیە: ئایا ئەلتەرنەتیڤی سەربەخۆیی چییە؟ بە واتایەکی دیکە ئەگەر



# وشیار سیوەیلی

بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی
پارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

تەسلیمی ئارگیومێنتی هەندێك کەس و لایەن بین و ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی دوابخەین تا وەك ئەوان دەڵێن هەلومەرج و زەمینە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکان باشتر و لەبارتر دەبن. لایەنگرانی ئەم هەڵوێستە پێمان ناڵێن هەلومەرجی لەباری نێودەوڵەتی چۆنە و چییە؟ ئایا دەبێ بەر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ناوەندە نێودەوڵەتییەکان دان بە سەربەخۆییدا بنێین، یان دەوڵەتانی دراوسێ هەر لەسەرەتاوە هەڵوێستی دۆستانە بەرامبەر بەم هەنگاوە بنوێنن؟ بە لەبەرچاوگرتنی هاوکێشەکان و ئاڵۆزیی دۆخەکە و تێکئالانی جەمسەرە جیاوازەکانی بەرژەوەندییەکان، ساویلکەیی سیاسی و کەم تێنەگەیشتنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبێ، گەر چاوەڕێی دۆخێکی وا لەبار بین. ئێمە دەبێ ئەو هەڵوێستە نێودەوڵەتییەی کە ئەمڕۆ هەیە و بریتییە لەوەی دەوڵەتان بە گشتی و زلهێزەکان بە تایبەتی هەڵوێستی نێگەتیڤیان نییە، بە گۆڕانێکی ئیجابی دابنێین. پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکان لە باڵاترین ئاستن و سۆزێکی کەم وێنە لە لایەن گەلانی دنیاوە بەرامبەر کوردستان هەیە. پەرەسەندنەکانی بواری ماس میدیا و سۆشیال میدیا و گەیاندن دەرفەتێکی بێوێنەی ڕەخساندووە بۆ گەیاندنی دەنگی کورد و دروستکردنی لۆبییەکی جیهانی و گواستنەوەی ڕووداوەکان چرکە بە چرکە. لەسەر ئاستی نێوخۆییش سەرەڕای ئاستەنگەکان تا ئێستا دۆخی نێوخۆیی وا گونجاو نەهاتۆتە ئاراوە. کوردستان خاوەنی دەزگا دەوڵەتییەکانی خۆیەتی و لە ٩٥٪ی خاکی کوردستان لە بندەستی پێشمەرگەدایە و هێزی پێشمەرگە هەرگیز هێندەی ئێستا ڕێکخراو و خاوەن ئەزموونی جەنگ و خاوەن چەك نەبووە و هێندەی ئێستاش یەکگرتوو و خاوەن پێگەو نێوبانگی جیهانی نەبووە. دیسانەوە سەرەڕای کەموکوڕییەکانی بواری حوکمڕانی و ئابووری و دارایی هەرگیز کۆڵەکەکانی ئابووری سەربەخۆ هێندەی ئەم سەردەمە پتەو نەبوون. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە پرۆسە و پرۆژەی سەربەخۆیی بێ ڕیسك نییە و ناشبێ جەماوەر وا ئامادەبکرێ کە بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم یەکسەر سەربەخۆیی مسۆگەر دەکرێ و بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەموو پایەکانی دەوڵەت دادەمەزرێن و لە پڕێك دەبینە کوڕێك. بە پێچەوانەوە دەبێ گەلی کوردستان وا ئامادەبکرێ کە بەرگەی هەر شۆکێك، یان کاردانەوەیەکی نەخوازراو بگرێ.

بەم پرسیارە دەگەڕێمەوە سەر ناوەڕۆکی باباتەکە: ئایا نەبوونی دۆخی ئایدیاڵ لەسەر ئاستی نێوەدەوڵەتی و نێوخۆیی و بوونی ڕیسك و ئەگەرەکانی هاتنەپێشەوەی ئاستەنگ دەبێ سەربەخۆییمان لەم دۆخە گونجاوەدا لەبیر بەرێتەوە؟ ئایا وەڵامی ئەرێنی بۆ ئەم پرسیارە گەڕانەوەیە بۆ بەغدا و چەندبارەکردنەوەی ئەو ئەزموونەیە کە سەد ساڵە بەدەستییەوە گیرۆدەین و گەڕانە بە دوای مۆدێلێکی پێکەوەژیان لەگەل گەلی باڵادەستدا کە یان تاقیمان کردۆتەوە و تووشی بەدبەختی کردووین، یان هەر بوونی نییە؟

ئەو ئارگیومێنتانەی ئەمڕۆ دژی پرۆسەی سەربەخۆیی دەخرێنەڕوو، تەنیا لە خوێندنەوەی هەلومەرجە گونجاوەکە بەهەڵەدا نەچوون، بەڵکو ناتوانن جێگرەوەی سەربەخۆیی بخەنەڕوو. ئەوان ئەزموونی تاڵی سەدەیەك و بەتایبەتیش ئەزموونی دوازدە ساڵی ڕابردوو نادیدە دەگرن. ئایا هیچ کۆنتراکتێك و ڕێککەوتننامەیەك لە نێوان گەلی کوردستان و گەلی عێراق لە دەستوور گرنگتر و بەهێزترە تا پەیوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەبی پێ ڕێکبخەین؟ کاتێك دەستوور پشتگوێ دەخرێ و نکۆڵی لە کوردستانی بوونی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەکرێ و قوربانییەکانی پێشمەرگە بەهەند وەرناگیرێ و لە بری پڕچەك کردنی پێشمەرگە چەکەکانی سوپای عێراق تەسلیمی داعش دەکەن و بەری دەدەنە گیانی کوردستانییان و بودجە دەبڕن و هەموو ڕێگا یاسایی و نایاساییەکان دەگرنەبەر بۆ ڕێگرتن لە سوودوەرگرتن و ناردنەدەرەوەی سامانی سروشتی خاکەکەمان و دۆخە ئابوورییەکەی ئێستا

**لەگەڵ ئێراندا پەیوەندییەکی فراوانی بازرگانی و ئابووری گەورە هەیە و مەزندەدەکرێت لە ئایندەدا فراوانتریش بێت، بۆیە کاتێک ئاکامی ریفراندۆم دەردەکەوێت، مەزندە دەکرێت کە ئێرانیش مامەڵە لەگەڵ ئەو ئەمری واقیعە بکات کە ریفراندۆم دروستی دەکات**

**هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕان بە سەپاندنی مەرجی پێشوەختە بۆتە هۆکاری ئەوەی کاراکردنەوەی پەرلەمان دوابکەوێت، لەئێستاشدا کە پرسی ریفراندۆم وەک پرسێکی نیشتمانی و چارەنووسساز هاتۆتە پێشەوە، بزووتنەوەی گۆڕان دەیەوێت بۆ بەشداربوونی لەم پرۆسە گرنگە، مەرجە پێشوەختەکانی خۆی بکاتە کارتی گوشار بۆ ئەوەی بەسەر هەموو لایەکدا بیسەپێنێت**

**سەبارەت بە پرسی کاراکردنەوەی پەرلەمان، پارتی دیموکراتی کوردستان نەک دەرگای بە رووی راوێژ و دانوستاندن لەسەر ئەم پرسە دانەخستووە، بەڵکو پارتی لەهەر لایەنێکی دیکە زیاتر بەپەرۆشە بۆ ئەوەی لەبەر رۆشنایی رێککەوتنێکی تازە و دووبارە نەبوونەوەی هەڵەکانی رابردوو، پەرلەمان کارابکرێتەوە**

دەقۆزنەوە بۆ دروستکردنی حەشدی شەعبی بە هەمان شێوەی دروستکردنی ئەفواج خەفیفەی سەردەمی سەدام و دەیان نییەت و نیازی پیسی تر، دەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا بە ئەلتەرناتیڤێکی گونجاوی سەربەخۆیی بزانین؟ رەنگە ئەوانەی ئارگومێنتێکی بەهێز بۆ دژایەتی سەربەخۆیی دەخەڕوو پاساوی گونجاویان هەبێ، بەڵام هەرگیز ناتوانن پاساوەکانیان بۆ چەندبارەکردنەوەی ئەزموونە کارەساتاوییەکانی سەد ساڵی رابردوو لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق زەمینەیەکی مێژوویی و سیاسی و ئەخلاقیی ئەوتۆ بڕەخسێنن کە بەرگەی ئارگیومێنت و پاساوە مێژوویی و سیاسییە هەنووکەییەکان بگرێ. ئەگەر ئاکام و ئایندەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی جێگەی گومان بێ، رابرووی سەد ساڵی رابردوومان و هەوڵدان بۆ پێکەوەژیان لەگەل عەرەبدا جێگەی کەمترین گومان نییە، چونکە ئێمەو نەوەکانی پێش ئێمە تامی تاڵی ئەو ئەزموونەمان کردووە.

مافی سروشتی و نەتەوەیی و جڤاتی نەك تەنیا حیزبە سیاسی و ناوەندەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستانە کە پرسیاری رەوا بەرامبەر پرۆژەی سەربەخۆیی بورووژێنن، بەڵکو مافی هەموو تاکێکی جڤاتی کوردستانییە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ ئەو پرسیارە رەوایەش بکرێ کە ئایا بەردەوامیدان بە ژێردەستەیی سەد ساڵەو رازیبوون بە ئەمری واقیع و هەوڵنەدان بۆ دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ دۆخێکی لەبار بۆ ئایندەی ئێمە دەڕەخسێنێ؟ ئێمە هەموو شێواز و مۆدێل و فۆڕمێکمان تاقی کردۆتەوە کە گەلانی تر باڵادەست و ئێمەش بندەست بین، کاتی ئەوە هاتوە هەنگاو بەرەو ئەوە بنێین کە لە وڵاتێکدا بژین کە کورد سەروەر و کوردستان دراوسێیەکی باش بێ.

دروستکردنی دەوڵەت موڵکی تەنیا یەك حزبی سیاسی نییە و ئەو دەرفەتە مێژووییەش کە لە ئێستادا بۆمان هاتۆتەپێشەوە، بەرهەمی خەباتی هەموو حیزبەکانە، هەر بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان بەگشتی و شەخسی سەرۆك بارزانی ئەوەیان راگەیاندووە، پارتی شەرەفی ئەوەی پێدەبڕێت کە زیاتر لە حزبەکانی دیکە ئەم پرسەی ورووژاندووە و کاری لەسەر کردووە، بەڵام پرسی سەربەخۆیی تەنیا موڵکی پارتی نییە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بووە پارتی و یەکێتی لەسەر پرسی ریفراندۆم رێککەوتوون و شاندێکیان پێکهێناوە بۆ ئەوەی سەردانی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکەن، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی هەموو لایەك بەشداری لەو پرۆسە گرنگ و چارەنووسسازەدا بکەن.

سەبارەت بەپرسی کاراکردنەوەی پەرلەمان، پارتی دیموکراتی کوردستان نەك دەرگای بە رووی راوێژ و دانوستاندن لەسەر ئەم پرسە دانەخستووە، بەڵکو پارتی لەهەر لایەنێکی دیکە زیاتر بەپەرۆشە بۆ ئەوەی لەبەر رۆشنایی رێککەوتنێکی تازە و دووبارە نەبوونەوەی هەڵەکانی رابردوو، پەرلەمان کارابکرێتەوە، بەڵام هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕان بە سەپاندنی مەرجی پێشوەختە بۆتە هۆکاری ئەوەی کاراکردنەوەی پەرلەمان دوابکەوێت، لەئێستاشدا کە پرسی ریفراندۆم وەك پرسێکی نیشتمانی و چارەنووسساز هاتۆتەپێشەوە، بزووتنەوەی گۆڕان دەیەوێت بۆ بەشداربوونی لەم پرۆسە گرنگە، مەرجە پێشوەختەکانی خۆی بکاتە کارتی گوشار بۆ ئەوەی بەسەر هەموو لایەکدا بیسەپێنێت.

لەسەر پرسی پەیوەندی پرۆسەی ریفراندۆم بە پەرلەمانەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان راوێژی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕ و یاساناسانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کردووە، هەموویان رایان بەوجۆرەیە کە حکومەت وەك دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەو دەسەڵاتەی هەیە داوا لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان بکات کە ریفراندۆم ئەنجام بدات، لەمەش زیاتر بەپێی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٤ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی کوردستانیش، هیچ ئاماژەیەك بۆ ئەوە نەکراوە کە ئەگەر کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بریاری ئەنجامدانی هەڵبژاردن، یان ریفراندۆمی دا، دەبێت چاوەڕێ بکات پەرلەمان یاسای بۆ دەربکات، لەلایەکی دیکەشەوە هەر هەمان یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەڵێت: ئەنجامدانی هەڵبژاردن، یان ریفراندۆم لە سنووری کوردستانی عێراقدا نەك ئەو سنوورەی پێی دەگوترێت هەرێمی کوردستان واتە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە). ئەمەش مانای ئەوەیە کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە لەتەواوی کوردستانی عێراق بە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیشەوە ریفراندۆم، یاخود هەڵبژاردن ئەنجام بدات. بۆیە ئەم راستییانە هەموویان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان دەیەوێت ئەم پرۆسە نیشتمانییە بکاتە بیانوویەك بۆ ئامانجە سیاسییەکانی خۆی، بەڵام بەشدارنەبوونی لایەنێك، یان دوولایەن لە پرۆسەکەدا نابێتە ئاستەنگ بۆ ئەوەی ئەم پرۆسە چارەنووسسازە رابگیرێت، یان نەکرێت.

کەواتە زەمینە رەخساندن بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم دەستی پێکردووە و شاندی راسپێردراوی پارتی و

یەکێتی بۆ ئەم ئەرکە لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی کوردستان کۆبوونەتەوەو ئێستا تا رادەیەکی زۆر دەزانرێت ئەو لایەنانە کامانەن کە ئامادەن ببنە بەشێك لە پرۆسەکە و میکانیزمی تایبەت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە ئامادەبکرێت، ئەو لایەنانەشی وەك بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی نایانەوێت ببنە بەشێك لە ئەنجامدانی پرۆسەکە، ئەوانیش دژی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان نین، لە روانگەی بەرژەوەندیی حزبی خۆیانەوە رەخنە لەو میکانیزمە دەگرن کە پرۆسەکەی پێ ئەنجام دەدرێت. لەسەر ئاستی قسەکردنیش لەگەڵ عێراق، شاندی پارتی و یەکێتی سەردانی بەغدایان کردووەو لەگەڵ سەرۆکایەتییەکانی پەرلەمان و حکومەتی عێراق و فراکسیۆنی هاوپەیمانی نیشتمانی کۆبوونەتەوە و راشکاوانە باسی ئەم پرسەیان کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەستپێکی وتووێژ و دانوستاندن لەسەر پرسی ریفراندۆم و پاشانیش سەربەخۆیی لەگەڵ عێراقیش دەستی پێکردووە..

بێگومان دەبێت خۆمان ئەو راستییانە بزانین کە نە حکومەت و نە پەرلەمانی عێراق و نە حزب و لایەنەکانی عەرەبی سوننە و شیعەش، بەچەپکە گوڵەوە پێشوازی لەم هەنگاوە ناکەن، بەڵام بارودۆخی ئێستا گەیشتبێتە ئەوەی حکومەت و پەرلەمان و هێز و لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی شیعەو سوننە ئامادەبن کە لەسەر ئەم پرسە کۆببنەوە و گوێ بگرن، ئەمەش مانای ئەوەیە بارودۆخەکە گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووەو پێویستە هەنگاوەکان گورجتر بکەینەوە بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتە لەدەست نەدەین.

لایەنێکی دیکەی گرنگ، هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبییە لەسەر ئەم پرسە گرنگ و چارەنووسسازە، دیارە ئەگەر بە مێژووی هەڵوێستەکانی وڵاتانی عەرەبیدا بچینەوە سەبارەت بە عێراق و مافەکانی گەلی کوردستان، ئەوا ئەوان پێش هەر لایەنێکی دیکە کاتێك باس لە پرسی لەو جۆرە کرابێت، هەلوێست و کاردانەوەی توندیان هەبووە، بەڵام ئەگەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بە نموونە وەربگرین، وەك بینیمان هەڵوێست و کاردانەوەی توندمان لەوڵاتی عەرەبی نەبینی، ئەمەش ئاماژەیەکی ئومێدبەخشە کە لەسەر پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی هەڵوێستی خراپیان نەبێ. لەسەر ئاستی دەوڵەتانی دراوسێش بەتایبەتی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران، لەگەڵ ئەوەی لە میانەی هەڵمەتەکانی ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم لە تورکیا، سەرۆك کۆماری ئەو وڵاتە لێدوانی دژی هەبوو بەرامبەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووك، بەڵام پێدەچێت ئەو تەنیا بەشێك بووێت لە هەڵمەتەکانی دەنگ کۆکردنەوە بۆ پرۆسەی ریفراندۆمەکە، پاشانیش لە نێوان تورکیا و کوردستاندا پەیوەندیەکی ئابووری و سیاسی و بازرگانیی زۆر باش هەیە، سەبارەت بە ئێرانیش دیارە لەگەڵ ئێرانیشدا پەیوەندیەکی فراوانی بازرگانی و ئابووریی گەورە هەیە و مەزندەدەکرێت لە ئایندەدا فراوانتریش ببێت، بۆیە کاتێك ئاکامی ریفراندۆم دەردەکەوێت، مەزندە دەکرێت کە ئێرانیش مامەڵە لەگەڵ ئەو ئەمری واقیعە بکات کە ریفراندۆم دروستی دەکات. لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش جیا لەوەی کە بەڕێز سەرۆك بارزانی لەهەموو سەردانەکانیدا بۆ دەرەوە ئەم پرسەی وەك مافێکی شەرعیی گەلی کوردستان لەگەڵ هەموو ئەو دەوڵەتانە باسکردووە کە سەردانی کردوون، لە هەمانکاتدا لەگەڵ ئەو شاندانەش باسکراوە کە سەردانی کوردستان دەکەن و بەم دواییەش لەگەڵ نوێنەر و کونسوڵی ئەو دەوڵەتانە باسکراوە کە لە هەولێر کونسوڵخانە، یان نوێنەرایەتییان هەیە، سەبارەت بە هەڵوێستی نێودەوڵەتی ئەوەی جێگەی گەشبینییە ئەوەیە کە هەتا ئێستا هیچ دەوڵەتێك لەسەر ئاستی فەرمی پێی رانەگەیاندووین کە ئەوان دژی ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆمن لەکوردستاندا، بەڵام دیارە ئەوان نوێنەرایەتی سیاسەتی وڵاتەکەی خۆیان دەکەن، بۆیە بە ڕەسمیش پێیان رانەگەیاندووین کە پشتگیری لە پرۆسەکە دەکەن، بەڵام لەسەر ئاستی نافەرمی کاتێك ئێمە قسەیان لەگەڵ دەکەین، هەڵوێستیان ئیجابییە. ئەمەش رەنگدانەوەی ئەوەیە کە بارودۆخەکە بەشێوەیەك لە شێوەکان لەهەموو کاتێکی دیکە لەبارترە بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوەی تێدا هەڵبگیردرێت.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەم کە شەخسی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە درێژایی مێژووی کاری سیاسی خۆیان دژی ئەوە بوون کە موجازەفە، یان موغامەرە بە ئایندەی کوردستان و کوردەوە بکەن، بەڵام هیچ هەنگاوێکی بوێرانە و چارەنووسسازیش بەدەر نییە لە ریسك، بۆیە لێرەدا گرنگە جیاوازییەك لە نێوان موجازەفە و ریسك بکەین و بە راشکاوی بە میللەتی خۆمان بڵێین، بەڵێ بە هەنگاوهەڵگرتن بۆ ریفراندۆم کە سەرەنجام هەنگاوهەڵگرتنە بۆ سەربەخۆیی، بمانەوێت یان نەمانەوێت رووبەڕووی ریسك دەبینەوەو هەمیشەش ئەو جۆرە بڕیارانە بەشی خۆی رووبەڕووی ریسك دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر بە یەکریزی و یەکهەڵوێستی هەموو لایەکمان شانی بدەینە بەر، ئەوا ئەو ئیرادەیە بوونی دەبێت کە ئەو ریسکانە تێپەڕێنین و چارەسەریان بکەین.

**کوردستان خاوەنی دەزگا دەوڵەتییەکانی خۆیەتی و لە ٩٥٪ی خاکی کوردستان لە بندەستی پێشمەرگەدایە و هێزی پێشمەرگە هەرگیز هێندەی ئێستا ڕێکخراو و خاوەن ئەزموونی جەنگ و خاوەن چەک نەبووە و هێندەی ئێستاش یەکگرتوو و خاوەن پێگەو نێوبانگی جیهانی نەبووە**

**ئێمە ناتوانین لە چوارچێوەیەکدا بژین کە جگە لە نەهامەتی و وێرانکاری و سڕینەوەی سیمای نەتەوایەتی و ڕەتکردنەوەی وجوود هیچی تری پێنەبەخشیوین**

**دوور نییە جەنگی جیهانی دژی تیرۆر ببێتە هۆی دەستکاریکردنی سنووری هەندێک دەوڵەت، کوردستانیش وەک مەیدان و لایەنێکی دیار و گرنگی ئەم جەنگە دەرفەتی گەورەی لەبەردەم کراوەتەوە و قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە و هەنگاونانی جددی و کردەیی بەرەو سەربەخۆیی بەندە بە ئیرادە و بڕیاری سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانەوە**

# ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی پۆپۆلیست لەخاکی شۆڕشی فەڕەنسادا

# پێوستە ئەمانوئیل ماکرۆن سەرۆکمان بێت



دۆمینیک مویسی

* دۆمینیك مویسی راوێژكاری یەكەمی ئامۆژگای مونتین لە پاریس، ئەم وتارەی رۆژی ٢٥ نیسانی ٢٠١٧ لە سەندیكەیت پرۆجێكت بڵاوكراوەتەوە.



شانازی بەخۆکردن و هەوڵدان بۆ رزگاکردنی فەرەنسا لە پۆپۆلیزم ئەو هەستە سەرەکییە بووە کە هاووڵاتیانی فەرەنسا لەدوای خولی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی فەرەنساوە دەریدەبڕن، کە تیایدا ئەمانوئیل ماکرۆن بە پلەی یەکەم کۆتایی پێهێنا، ئەمەش بۆ تەنیا جارێکە کە راپرسییەکان راست دەردەچن سەبارەت بە هەردوو کاندید ماکرۆن و لوپان کە لە ٧ی ئایاری دادێ خولی دووەمی هەڵبژاردن لە نێوانیاندا بەڕێوەدەچێت. ئەو نیگەرانی و ترسە کۆتایی هات کە چەند هەفتە و رۆژ و کاتژمێر پێش هەڵبژاردنەکان هەبوو، بەوەی فەرەنسا لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا بکەوێتە بەردەم دوو بەربژێر کە یەکەمیان لۆپان (ئەو پەڕی راست) و میلانشنۆ (ئەوپەڕی چەپ) بێت.

زۆربەی چاودێران وای دەبینن فەرەنسا لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لە بەریتاینا و ئەمریکا و ئەڵمانیا بۆ بژارەی لەوجۆرە لاوازترە.

دوای ئەوەی دەنگدانی بەریتانیا بۆ کشانەوە لە یەکێتی ئەوروپا سەرکەوت و هەروەها سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا، بە دڵنیاییەوە ئەمە هەلێکە ئەگەر قەدەغەکراویش بێت. بەشێك لە ئێمە کە نیوە مەزاجین بڵاوبووینەوە بەسەر ئەوەی بۆ کۆی بڕۆین ئەگەر



لۆپـان هەڵبژاردنەکەی بردەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەنێـوان کشـانەوەی بەریتانیا لە یەکێتـی ئەورووپا و ئەمریـکای ژێـر دەسـەڵاتی ترەمپ بـژاردەی باش کەمن.

بۆ خۆشبەختی هۆکار و ئومێد بونیان هەیە بۆ تـرس و تووڕەیـی، هەروەها تەحەددی فەڕەنسـا بۆ هۆشداریدان بەوانەی کە پێیانوابوو دەشێت پۆپۆلیسم لەسـەر خاکی شۆڕشـی فەڕەنسـا باڵادەسـت بێت. ئەمـە لەکاتێکـدا لەوانەیـە سـەرکەوتنی لۆپـان لـە رووی تەکنیکییەوە مومکین بێت، بەڵام مۆزائیکی دەنگدەر فەڕەنسـی وایکردووە ئـەم ئەگەرە دووربێت و لەوانەیـە ژمارەیەکی کەم لە هەوادارانی فرانسـۆ فیون کاندیدی راسـتڕەوی میانڕۆ دەنگ بە لۆپان بـدەن، بـەڵام ئەمـە بەتەنیـا بـەس نییـە بـۆ ئەوەی کاریگـەری لەسـەر ئاکامـی هەڵبژاردنەکـە بـۆ بەرژەوەندی لۆپان بکات.

بـە مانایەکـی دیکە جیـاوازی و ئیستیسـنای فەڕەنسا لەم پرسەدا زیندوو و بە توانایە. دەنگدەری فەڕەنسـی بـۆ جیهـان بـە گشـتی و جیهانـی ئەنگلۆسەکۆنی سەلماند کەسێك پێویستی بەوە نییە خیانـەت لـەو بەهایانـە بکات کە تاك پێویسـتیەتی بڕیار بدات بۆ شکسـتپێهێنانی پۆپۆلیسـت. وێڕای ئەو شـاڵاوە تیرۆریسـتییەی ئـەم دواییە، فەڕەنسـا پیشـانی دا کە خۆڕاگرن و سـوورن لەسەر دژایەتی سیاسەتی ترس و تۆقاندن. لەگەڵ ئەوەی چاوێکی زۆری ئەورووپاشـی لەسـەر بـوو، بـەڵام ئەمانوئیـل ماکـرۆن زۆربـەی دەنگـەکان و زیاتـر لـە هـەر کاندیدێکی دیکە دەنگی بەدەست هێنا.

هەندێـك جـار بارودۆخـی ئیستسـینائی بـەرەو کەسـایەتی ئیستیسـنائی دەچێت، هەربۆیە ئەگەر شۆڕشـی فەڕەنسـا نەبوایە، ناپلیـۆن بۆناپارت هەر وەك ئەفسـەرێکی بچـوك دەمایـەوە لـە سـوپای پادشـایی فەڕەنسادا، بەهەمان شێوە ئەگەر هەردوو پارتە سەرەکییەکەی فەڕەنسا شکستیان نەهێنابایە، ئـەوا ئەمانوئیـل ماركۆنـی تەمەن ٣٩ سـاڵەش کە پێـش سـاڵێك لای زۆربـەی دەنگدەرانـی فەڕەنسـا ناسـراو نەبـووە، وەك منداڵێکـی ئاسـووری بچـوك دەمایەوە.

مارکـۆن لـەوە دەچێـت کـە (جـۆن کەنـدی)ی فەڕەنسـا بێت و باراك ئۆبامـا هەڵمەتی هەڵبژاردن بەڕێوەبەرێت، بەڵام ئەو بەوە گەیشـتۆتە ئەو ئاسـتە کە پارتی سۆشیالیسـتی فرانسـۆ میتران مردووە و پارتی پارێزگارانیش لەبەر کێشـەی خۆیان پێگەی خۆیـان لەدەسـت داوە، بۆ ئەمەش سۆشیالیسـتەکان نەیانتوانـی بگەنە ئـەوەی ئەجێندایەکـی مودێرنی سیاسـی پێشـکەش بکـەن، هەروەهـا کۆمارییـەکان دوای ئەوەی فیلۆن لە گەندەڵی تێوەگلا، نەیانتوانی کاندیدێکی نوی بەربژار بکەن .

بەرەنجـام لەگـەڵ ئـەوەی بـە دردۆنگـی و گومانی خودی و رەشـبینی ناسـراوە، بەڵام ئێسـتا لەسـەر لێـواری ئەوەیـە کـە سـەرۆکێکی زۆر لاو هەڵبژێرێت. لـەم پێگەیەشـدا ئەمانوئیـل ماکـرۆن لەگەڵ دەسـتێکی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان لـە حوزەیرانـی داهاتـوو رووبـەڕووی کۆمەڵێـك تەحەددیـی تـازە دەبێتـەوە، لەمەشـدا ئایـا ماکرۆن دەبێتـە خاوەنـی زۆرینـەی رەها لە پەرلەماندا یاخود بەرەیەکی یەکگرتوو دروسـت دەکات بۆ پیادەکردنی پێکەوە ژیانێکی نموونەیی لە فەڕەنسادا؟

لە سیستمی نیمچە سەرۆکایەتیی فەڕەنساندا، پێکەوەژیـان واتـە حکومـەت جەمسـەرگیر دەبێت، ئەگـەر هاتـوو سـەرۆك، یـان سـەرۆك وەزیـران نوێنەرایەتی لایەنە سیاسـییە جۆراوجۆرەکان بکات. بەڵام ئەوەی پێویسـتە ماکرۆن بیسـەلمێنێت، ئەوەیە کـە بتوانێـت شـێوازێکی زۆرینـەی هاوپەیمانـی



لە سیستمی پەرلەمانیدا پیادەبکات، لەگەڵ هاوپەیمانییەکی ئارەزوومەندانە کە جیاوازیی سیاسی لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام هاوڕان لەسەر بەدیهێنانی ئامانجێکی هاوبەش.

بە بۆچوونی من، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە لە فەرەنسادا حکومەتێکی هاوپەیمانیی ئەوتۆ پێکبهێندرێت کە بتوانێت باڵی چەپ سیاسەتی خەتی چەپ زیاتر تێپەڕێنێت، وەك زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا، ئێستا دابەشکردنی راستەقینەی سیاسی لە نێوان ئەوانەی بەرگری لە کرانەوەی جیهانی دەکەن و ئەوانەی کە بە پەسەندی دەزانن بگەڕێنەوە بۆ گۆشەگیری ناسیۆنالیزمی.

دەبێت ماکرۆن دان بەوەدا بنێت کە دابەشبوون لە ناو باڵی راستدا رەگێکی کەلتووری هەیە، بەوجۆرەش پیشانی دەدەن کە ئەمە رەگی قووڵی شۆڕشگێڕی و تووڕەییە کە ئێستا لە فەرەنسادا بوونی هەیە، لەگەڵ ئەوەی ماکرۆن لە خولی یەکەمدا بەهێز دەرکەوت، بەڵام نزیکەی ٤٠٪ی دەنگدەری فەرەنسی دەنگیان بە هەردوو کاندیدی ئەورپ لۆپان و میلانشۆن داوە، بۆیە دووبارە گێڕانەوەی متمانەی دەنگدەر بە دامەزراوەکانی ئێستا و دووبارە تێکەڵکردنەوەیان بە خەتە سەرەکییەکە کارێکی ئاسان نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو بارودۆخەی ئێستا وادەکات کە پارتە دۆڕاوەکان بڕژێنە سەر شەقامەکان و ئاستەنگ بۆ ریفراندۆم دروست بکەن، دوای ئەو شکستەی لە راپرسییەکان دەرکەوتوون، لەوانەیە پەنابرنە بەر شێوازی نەریتی شۆڕشی فەرەنسا کە ئەویش پەنابردنە بۆ ئاستەنگ دروستکردن.

ماکرۆن سەلماندنی کە سیفاتی زۆری کاندیدی تێدایە، دوای ٧ی ئایار دەبێت ئەوە پیشانبدات لەگەڵ ئەوەی گەنجە و ئەزموونی کەمە، بەڵام دەتوانێت سەرۆکێکی گەورە بێت.

بردنەوەی دەسەڵات تەنیا یەك پرسە، بەڵام پرسی گەورە پیادەکردنی دەسەڵاتی چالاکانە و دوورکەوتنەوەیە لە ئاراستەی ئەسۆرتیاریانیزم کە لە بارودۆخی ناجۆردا دەردەکەوێت.

ئەمە ئەو ئەرکەی کە رووبەڕووی ماکرۆن دەبێتەوە و بە هەستکردن بە چارەنووس بەڕێوەدەبرێت، بۆیە پێویستە خۆڕاگر بێت بەرامبەر ئیغرابوونی بە سیاسەتی ناپلیۆن واتە بانۆپارتیزم، لە هەمانکاتیشدا جیهانی دیموکراتی دەبێت ماکرۆن بەو جۆرە ببینێت کە ئەو منارەی ئومێدە لە دەریایەك لە گومان و بێ ئومێدیدا.

# سووریا و ئاسۆی ئایندەی کورد

حزبی بەعسی سووریا بەپێی دەستووری سەپێنراوی کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٣وەو بەدرێژایی دەیەکانی رابردوو حوکمڕانیی دەوڵەت و کۆمەڵگەی کردووە، لە ئەنجامدا گەل رووبەڕووی دابەشبوون و پەرتەوازەیی بۆتەوەو وڵاتیش کاول بووەو و تایفەگەری و شەڕی ناوخۆش بەرۆکی سووریای گرتووە، حزبی دەسەڵاتدار بۆتە حزبی تایفەو بنەماڵەو دواتریش تاك، لەگەڵ ئەو هەموو رەفتارە کوشندەیەو ئەو رۆڵە نانیشتمانییەشدا چەندین حزب و گروپی دیکەی سووریا بە ناوی (بەرەو خۆراگری و بەرەنگاریی زایۆنیزم) چوونەتە پاڵ ئەو حزبەوەوە دواتر چەند گروپێکی دیکەی بە ناو ئۆپۆزسیۆن و کوردیش بە هەمان شێوە بوونە داردەستی دەزگا ئەمنییەکانی دەسەڵات، هەر لە حزبە راستڕەوەکانەوە بگرە تا دەگاتە پەکەکەو پەیەدە کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو و سەرەتای نەوەدەکانەوە هاتنە گۆڕەپانەکەوە، بەشێوەیەك کە دەزگاکانی رژێمی بەعس کۆمەڵە کەسێکی لە خوێندەوارانی کوردی سووریا لەژێر بەندی وەرگێڕان و هاوکاری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری راسپاردبوو لەوانەش (عومەر ئەوسی) کە پەیوەندیی بە حزبەکەی ئۆجەلانەوە بکات لە سووریا کە ئەو کاتە خۆی خستبووە باوەشی ئالئەسەدەوە، براگەورەکەی حافز ئەسەدیش راستەوخۆ سەرپەرشتیی دەکرد.

لە یادی سەربەخۆیی کە بەر لە دوو هەفتە بەڕێوەچوو، ئەوە دێنینەوە یاد چۆن عەرەب و کورد هاوکاریی یەکتریان کرد لەڕێی کەسە نیشتمانپەروەرەکانەوە ( سوڵتان پاش ئەترەش و سەعدوڵا جابری و ئیبراهیم هنانۆ و ساڵح ئەلعەلی ) لە رووبەڕووبوونەوەی ئینتدابی فەرەنسی و شۆڕشێکی نیشتمانییان لە زۆربەی ناوچەکاندا بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی هەڵگیرساند، ئەمڕۆش لەجیاتی داگیرکەرێك، سێ داگیرکەرمان هەیە کە دەستیان هەیە لە کاری توندوتیژی و تاوان و کاولکاری: رژێم و رووسیاو ئێران، کە بۆ چەند دەیەیەك گەلی سووریایان گەڕاندەوە دواوە بۆ قۆناخی رزگاریی نیشتمانی کە پێویستی بە یەکگرتن و هەماهەنگیی و سازانی زیاتر هەیە لەسەر بنەماکانی پرەنسیپی یەکگرتنەوەو متمانەو یەکبوونی نێوان هاوبەشانی نیشتمان و چارەنووس لە عەرەب و کورد،هەروەها دارشتنەوەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی-سیاسی لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لە نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان، ئەمەش لە کۆنگرەی کۆدەنگی نیشتمانی سووریا دێتەئاراوە بە ئامانجی رزگاریکردنی وڵات و بەدیهێنانی سەربەخۆیی دووەم.

زۆرینەی سورییەکان نیشتمانەکیان خۆشدەوێت و پشتیوانیی لە شۆڕشەکەیان دەکەن دژی ستەمکاری، هەروەها دەڕواننە ئاییندەیەکی گەشتر کە بە ئارامی تێیدا بژین، باوەشیش بۆ هەموو ئەوانە دەکەنەوە کە پشتیوانیی لە دۆزەکەیان و شۆڕشەکەیان دەکەن، هاوکات ئەوانەی لەگەڵیانن دژی ڕژێم، کە بە هەموو جۆرە چەکێك هەڕەشە لە بوونیان دەکات تەنانەت بە چەکی کیمیاویشەوە، من پێموایە کە ئەگەر ئەمریکا بەس بە لێدانی فڕۆکەخانەی شوعەیرات وەستاو هیچ هەنگاوی دیکەی هەڵنەهێنا ئەمە دەبێتە هەوڵێك بۆ رەواندنەوەی گلەیی و گازاندە، بەڵام ئەگەر سەرۆك ترەمپ هەنگاوی دیکەی گرتەبەر کە ببێتە هۆی رووخانی رژێم، ئەمەیان ئامانج و ئاواتی سەرجەم سوورییەکانە.

خەڵکی شۆڕشگێڕ و ئۆپۆزسیۆنی سووریا داوایان لێکراوە،نەك هەر سەرکردایەتیی شکستخواردووی ئۆپۆزسیۆن بەرهەم بێنن لە ڕێی کۆبوونەوەی ئاسایی، بەڵکو سووربن لەسەر بەستنی کۆنگرەی گشتگیریی نیشتمانیی سووریا بە بەشداریی بێ لایەنەکان و گەنجانی وڵات بۆ ئەوەی بەخۆدابچنەوە و بەرنامەیەکی تازەی سیاسی دابڕێژن و ئەنجومەنێکی سیاسی- سەربازی هەڵبژێرن، پێش چەند ساڵێك زیاتر لە شەست دەوڵەت ئامادەیی خۆیان بە ناوی دۆستانی گەلی سووریا بۆ پشتیوانیی سورییەکان دەربڕی، بەڵام هیچ هاوکارییەکی دارایی و سەربازیی و بەرگرییان پێشکەش نەکردن کە پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژییەکانی سوپای رژێم و هاوکارەکانی لە رووس و ئێرانی و میلیشیاکانی ئایینزایی لوبنانی و عێراقی، گەلی سووریا هەستیان بەوە کرد کە ( دۆستەکانیان، لەسەروویانەوە ئیدارەی ئۆباما) فریویاندان و لە بن دەستی شەڕخوازان و دوژمنان بەجێیان هێشتن، ئەمەش بووە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی کە لە بەرژەوەندیی رژێم شکایەوە، هاوکات



سەلاح بەدرەدین
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

بە نەرێنیی کاریگەریی هەبوو بۆسەر پرۆسەی سیاسی و بەبنبەست گەیشتنی وتویژەکانی ژنێف، بێ گومان بەشێکی ئەم پاشگەزبوونەوەیەش دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن.

ئەو بەیاننامەیەی کە خراوتە پاڵ مایکڵ راتنی نێردراوی ئەمریکا بۆ سووریا کە پێش دوو ساڵ کۆتایی بە ئەرکەکەی هێنا، چەند نامەیەکی لەخۆگرتووەو قابیلی زیاتر لە لێکدانەوەیەکن، یەکەمیان وەك رەخنەیەکی توندە بۆ هەر یەك لە (ئەنجومەن و ئیئتلاف و دەستەی وتووێژکاری) لەبەر ئەوەی بەرپرسن لە سەرهەڵدان و زیادبوونی گرووپی ئەلقاعیدە لە ریزەکانی شۆڕشدا و ئەوانیش لێی بێ دەنگن، دووەمیان ئەمە بە هۆکارێك دادەنرێت کە ئەمریکای دۆستی گەلی سووریا پشتیوانیی پێویست پێشکەش نەکات، سێیەمیان لەبەر ئەوەی ئەو قەوارە ئۆپۆزسیۆنانەی ئاماژەیان پێکرا لەژێر کاریگەریی ئیخوان موسلمینن، تۆمەتبارن و تاوانی شکستیی شۆڕشیان دەکەوێتە ئەستۆ، چوارەمیان خۆبەدوورگرتن لە هەر پابەندبوونێکی ئاییندە لەهەمبەر ئۆپۆزسیۆن و بەجێهێشتنیان لەژێر رەحمەتی رووسیادا، هەروەها ملدان بۆ داواکارییەکانی ئاشتبوونەوە لەگەڵ رژێم کە لە راستیدا ئۆپۆزسیۆن پێی رازی بووە، دوای ئەوەی کەسانێکی دیکە هاتە ناو ئەو ئۆپۆزسیۆنەوە کە لەبنەڕەتدا سەر بە رژێمی ئەسەدن.

داکۆکیکردنی رووسیا لە بەشار ئەسەد لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە گوایە پارێزگاریی لە ئاییندەی بوونی خۆی لە سووریادا دەکات، بۆیە ئەگەر کۆمەڵە کەسێکمان لە بەکرێگیراوانی رووسیا لە سیاسەتوان و بزنسکاران هەڵاوێرکرد، دەبینین کە دەسەڵاتدارانی مۆسکۆ هیچ دۆست و لایەنگرانیان نییە چ لەناو بزووتنەوەی نیشتمانیی سووریا یان لە نێوخەڵکدا، بەڵکو ملیۆنان سوری لە ریزی دژایەتیکردنی رژێمدان، بەهۆی ئەوەی کە زیانیان بەرکەوتووە یانیش کەسوکاریان کەوتوونەتە ژێر شاڵاوی هێرشەکانی رووسیا لە ناوچەکانیاندا، چونکە بواری قەڵەمڕەویی راستەقینەی رووسیا تەنیا لە پۆستە باڵاکانی سوپاو ئەفسەرەکانی دەزگاکانی ئەمندان، ئەوانەی کە یان لە رووسیاو یەکێتیی سۆڤییەتی جاران مەشقیان کردووە، یاخود لەگەڵ هاوپیشەکانیان بازرگانی بە چەکەوە دەکەن.

بەدرێژایی مێژوو گۆڕەپانی کوردی لە سووریا دۆخێکی خراپی وەك ئێستای بەخۆیەوە نەدیوە، کورد لەئێستادا لەنێو خۆیاندا بەشبەش بوونەو حزبەکان کەوتوونەتە ململانێی یەکدی، دەسەڵاتی ئەمری واقیعیی حزبیش پەیەدە دەستی ناوەتە بینەقاقای خەڵکەکە، بە شێوەیەك کە زیاتر لە رژێمی بەعس وەك دیکتاتۆر مامەڵەدەکات، کاتێ دانیشتوانی رەسەن لە ناوچەکانیان وەدەردەنێت و لاوان بە زۆرەملێ بەکوشت دەدات، هەروەها دژی هەموو ئەوانەیە کە هەڵوێست و راوبۆچوونیان لەگەڵیدا جیاوازە، کە گوێ لە گوتاری سیاسی ئەو حزبەش دەگریت تەنیا چەواشەکاری و قسەی باق و بریق دەبیستیت کە خزمەت بە کوردی سووریا ناکات، بەڵکو تەنیا لە بەرژەوەندیی حزبی دایك (پەکەکە) دایە، ئەو حزبە هەمیشە دژی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستانی عێراقە و خزمەت بە دوژمنانی سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، بەداخەوە هەرچەندە هەرێمی کوردستان بەردەوام پاڵپشتیی سیاسی و ماددیی حزبەکانی (ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد) دەکات، کەچی لە خستنەڕووی بەرنامەی پڕۆژەی نەتەوەییدا شکستیان هێناوە، بەڵکو خودی ئەنجومەنەکە لە رووی پشتیوانیی جەماوەرەوە گەڕاوەتەوە دواوە، بۆیە ئەوەی لەپێش کوردی سووریادا مابێت تەنیا ئەوەیە پەنا بباتە بەر کۆنگرەیەکی نیشتمانی لە بێلایەن و بزووتنەوەکانی لاوان و نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ چەسپاندنی پڕۆژەی نەتەوەیی نیشتمانی و هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی چالاك و کارا کە لە ئاست رووداوەکاندا بێت، ئەمەش تاکە رێگایە بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە.

لەوەتەی ساڵێکە سەرۆک مسعود بارزانی هۆشداریی دەدات سەبارەت بە دەرهاویشتەکانی شکستی حزبە کوردییەکانی سووریا، بەرێزیان لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا دەربارەی دۆخی ئێستای کوردی سووریا گوتی: ( لەئێستادا لێکترازان و دووبەرەکی و ناکۆکیی توند لەنێو رێزەکانی ئەو حزبانەدا هەیە، ئەوان نازانن بەرەو کوێ هەنگاودەنێن، ئەوان نە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن و نە لەگەڵ رژێم لێکدەگەن

لەوەتەی ساڵێکە سەرۆك مسعود بارزانی هۆشداریی دەدات سەبارەت بە دەرهاویشتەکانی شکستی حزبە کوردییەکانی سووریا، بەرێزیان لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا دەربارەی دۆخی ئێستای کوردی سووریا گوتی: (لەئێستادا لێکترازان و دووبەرەکی و ناکۆکیی توند لەنێو رێزەکانی ئەو حزبانەدا هەیە، ئەوان نازانن بەرەو کوێ هەنگاودەنێن، ئەوان نە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن و نە لەگەڵ رژێم لێکدەگەن، تەنانەت هیچ ئامانجێکی روونیان نییەو لەلایەن خودی ئۆپۆزسیۆن و رژێمیشەوە قبوڵناکرێن، هەروەها بەرێزیان روونی کردەوە: (لە سەرەتادا وەك برایەك و هاورێیەك چاوم بە هەموو رێکخستنەکانی حزبە کوردییەکان کەوت و رامسپاردن کە یەکبگرن و بڕیار لەپێگەی خۆیان بدەن یان لەگەڵ رژێم یانیش دژی بن، بەڵام بێ سوود بوو).

ئەگەر سەرکردایەتییەکی سیاسیی ئۆپۆزسیۆن و بێگەرد بۆ عەرەب و کوردی سووریا هەبوایە و لە رێی کۆنگرەی گشتیی نیشتمانییەوە لەلایەن زۆرینەی گەلەوە هەڵبژێردرایەو گوزارشتی لە ئامانجەکانی شۆڕش بکردایە، دەکرا رای گشتیی نێودەوڵەتیی تۆڵەسێنەر لە رژێمی ئەسەد بقۆزرایەتەوە بە تایبەتیش دوای هێرشە کیمیاویەکەی خان شیخۆن، هەروەها دوای سەرەتاکانی گۆڕانکاریی لە (میزاج)ی ئیدارەی ترەمپ لە بەرژەوەندیی گەلی سووریاو دژی هەڵوێستەکانی هەر یەك لە رژێمی سووریاو ئێران، بەڵام هەموومان ئومێدو متمانەمان بە توانا و ئازایەتیی و داهێنان و ئیرادەی گەلی سووریایە.

داکۆکیکردنی رووسیا لە بەشار ئەسەد لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە گوایە پارێزگاریی لە ئاییندەی بوونی خۆی لە سووریادا دەکات، بۆیە ئەگەر کۆمەڵە کەسێکمان لە بەکرێگیراوانی رووسیا لە سیاسەتوان و بزنسکاران هەڵاوێرکرد، دەبینین کە هیچ دۆست و لایەنگرانیان نییە چ لەناو بزووتنەوەی نیشتمانیی سووریا یان لە نێوخەڵکدا



یۆجین گۆڵز، پرۆفیسۆره له سكووڵی لیندن جۆنسۆن بۆ كاروباره گشتییه‌كان له زانكۆی ته‌كساس، وانه‌بێژی چه‌ند پرسێكی گرنگه، وه‌ك كاروباری گشتی و دیپلۆماسییه‌ت و ئاسایشی نه‌ته‌وه‌یی، بۆ قسه‌كردن له‌سه‌ر ئه‌و ته‌حه‌ددییانه‌ی له ئێستادا رووبه‌ڕووی سیستمی جیهانی بوونه‌ته‌وه، هه‌روه‌ها بۆ تاوتوێكردنی ئه‌گه‌ری پێداچوونه‌وه به هاوپه‌یمانێتییه‌كاندا له‌لایه‌ن ئه‌مریكاوه، بۆ تیشكخستنه‌سه‌ر چه‌ند پرسێكی په‌یوه‌ندیداری دیكه، گوڵان دیمانه‌یه‌كی له‌گه‌ڵدا ئه‌نجامدا و ئه‌ویش به‌م شێوه‌یه وه‌ڵامی پرسیاره‌كانی دایه‌وه.

## یۆجین گۆڵز

### پرۆفیسۆری كاروباری گشتی بۆ گوڵان:

# سیاسه‌تی پۆپۆلیستی ده‌ره‌نجامێكی خراپی له‌سه‌ر دامه‌زراوه‌كان و به‌رژه‌وه‌ندیی گشتی لێده‌كه‌وێته‌وه

*** ئێستا زۆر باس له‌وه ده‌كرێت سیستمی لیبراڵی جیهانی له‌به‌رده‌م مه‌ترسییه‌كی ئه‌وتۆدایه كه خه‌ریكه ئاراسته‌یه‌كی زۆر خراپ ده‌گرێت، پرسیاری گرنگ لێره‌دا ئه‌وه‌یه ئایا ده‌كرێت به‌جیهانی ئێستا بڵێین جیهانێكی بێ سیستم؟ یان ئایا ده‌كرێت بڵێین جیهان پێویستی به دووباره داڕشتنه‌وه‌ی سیستمێكی دیكه هه‌یه؟**

- من زۆر باوه‌ڕم به‌وه نییه كه به‌كارهێنانی ده‌سته‌واژه‌ی سیستمی جیهانی زۆر سوودی هه‌بێت، یان سیستمی لیبراڵی جیهانی، چونكه پێموایه خه‌ڵك ئه‌و كاته ده‌سته‌واژه‌ی سیستمی جیهانی به‌كارده‌هێنن كه ده‌یانه‌وێت روون و راشكاو نه‌بن له‌باره‌ی ئه‌وه‌ی ده‌یانه‌وێت له‌باره‌یه‌وه بدوێن، چونكه خۆی له خۆیدا وه‌ك چه‌مكێكی ئیجابی ده‌رده‌كه‌وێت، به‌ڵام له بنه‌ڕه‌تدا بۆ شاردنه‌وه‌ی ئه‌جێندا راسته‌قینه‌كه‌یه، وه‌ك ده‌ستتێوه‌ردان له وڵاتانی دیكه‌دا، یان كاتێك ده‌یانه‌وێت سوپای ئه‌مریكا بۆ شوێنێكی دیاریكراو بنێرن. بۆ نموونه، ئه‌م چه‌مكه-سیستمی لیبراڵی جیهانی- ده‌رووژێندرێت كاتێك ئه‌مریكا ده‌یه‌وێت سوپا بۆ عێراق بنێرێت، یاخود بۆ ده‌ریای باشووری چین. كه‌واته من هاوڕام له‌گه‌ڵ بنه‌مای پرسیاره‌كه‌تاندا كه له ئێستادا چه‌ندین كێشه‌ی پڕ له ته‌حه‌ددی هه‌ن له جیهاندا، كه له ئێستادا رێژه‌یه‌كی به‌رزی توندوتیژی و شه‌ڕ و كوشتاری دروست كردووه.

*** ئیداره‌ی ئێستای ئه‌مریكا به‌وجۆره سه‌یری سیستمی جیهانی ده‌كات به‌وه‌ی پێویسته ئه‌مریكا چاو به هاوپه‌یمانییه‌كانیدا بخشێنێته‌وه و ده‌ست له پابه‌ندبوونه‌كانی بۆ پاراستنی سیستمی جیهانی هه‌ڵبگرێت، ئایا ئه‌مریكا تاچه‌ند ده‌توانێت ئه‌م كاره بكات و ئایا ئه‌مه مانای ئه‌وه‌یه ئه‌مریكا چیتر نایه‌وێت سه‌ركردایه‌تی سیستمی جیهانی بكات؟**

- لەسەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا دۆناڵد ترەمپ هەندێ لێدوانی دا لەبارەی گومانکردنیەوە لەبارەی هاوپەیمانێتییەکانی ئەمریکاوە، بەڵام لەوەتەی بۆتە سەرۆك، ئەوا لە هەموو ئەو بەڵێنانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن پاشگەز بۆتەوە کە پەیوەست بوون بە دووبارەهەڵسەنگاندنەوە بۆ هاوپەیمانێتییەکانی ئەمریکا، لەبری ئەوە گوزارشتی لە پشتیوانی بەهێزی ئەمریکا کرد بۆ ئەو هاوپەیمانێتییانە، وەك ناتۆ و یابان و هەندێ وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*** بەڵام ئەوەی ترەمپ رایگەیاند بریتی بوو لە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی دەبێت هاوپەیمانێتییەکان پشکداری زیاتر بکەن، بۆ نموونە لە رێی تەرخانکردنی رێژەیەکی زیاتر لە بودجەی وڵاتەکەیان بۆ بواری بەرگری؟**

- ئەمە راستە، بەڵام لە راستیدا سەرجەم سەرۆکەکانی ئەمریکا، لە سەرۆك ئایزنهاوەرەوە، رەنگە سەرۆك هاری ترۆمان-یش ئەمەی وتبێت، بەڵام لەبیرم نییە، ئەمەیان دووپات کردۆتەوە، کە کێشەکەش پەیوەستە بەوەی کە ئەو هاوپەیمانانە پتر پشت بە ئەمریکا دەبەستن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بێ ئەوەی خەرجی ئەو کارە لەئەستۆ بگرن. کەواتە ئەو پرسەی سەرۆك ترەمپ ورووژاندی، بابەتێکی نوێ نەبوو، چونکە سەرۆك ئۆباما و تەنانەت جۆرج بۆشیش هەمان پرسیان ورووژاند، بەڵام هیچیان هیچ شتێکیان لەبارەوە نەکرد، واتە ئەو سەرۆکانە گوزارشتیان لەوە کردووە کە دەبێت هاوپەیمانەکان کاری زیاتر بکەن، بەڵام هەڵنەستاون بە دووبارە پێداچوونەوە بەو هاوپەیمانێتییانە بە چەشنێك کە ببنەهۆی ئەوەی ئەو هاوپەیمانانە کاری زیاتر بکەن.

*** کێشەی هەرە سەرەکیی ئەمڕۆی جیهان، کێشەی نێوان دەوڵەت و دەوڵەت نییە، بەڵکو کێشەکە لە ناوخودی دەوڵەتەکان خۆیەتی، دیارە لە وڵاتانی رۆژئاوا کێشە ناوخۆییەکان و دەستەبژێری سیاسی کارێکی وایان کردووە کە هاووڵاتی ئاسایی پەراوێز بخرێت و پۆپۆلیزم بە چڕی سەر هەڵبدات، ئایا تاچەند سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم هەڕەشە لە دیموکراتی لیبراڵیزمی رۆژئاوا دەکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، چونکە لە ئێستادا بە چەشنێکی بەربڵاو پۆپۆلیزم لە زۆرێك لە وڵاتانی رۆژئاوادا بەدی دەکەین، بە درێژایی مێژووش پۆپۆلیزم لە هەڵکشان و داکشاندایە، چونکە ئەمە یەکەمجار نییە کە سەرنجی دەنگدەران بۆ کێشەی هاووڵاتییە ئاساییەکان رادەکێشرێت، ئەوەش داواکارییەکی ماقووڵە، بەڵام هەندێ سیاسەتی دیاریکراو پۆپۆلیستی هەیە کە دەرئەنجامێکی خراپی بۆ ئابووری و بەرژەوەندی گشتی لێدەکەوێتەوە. لەبەر ئەوەشە کە دەستوری وڵاتێکی وەك ئەمریکا سیستمێکی دەستەبەرکردووە کە دەسەڵاتەکان لێك جیابکرێنەوە و چاودێر بن بەسەریەوە، ئەوەش بۆ ئەوەی بە رەوتێکی خێرا و بە چەشنێکی ریشەیی گۆڕانکاری لە سیاسەتەکاندا نەکرێت، کە بۆی هەیە هەندێ لە مەیلە پۆپۆلیستییەکان دەرئەنجامی سلبییان هەبێت، بەڵام ئەوەش پرسێکی بنەڕەتییە لە دیموکراتیدا کە نیگەرانییەکان لەبەرچاو بگرێت، واتە هیچ کێشەیەکی تێدا نییە کە دەنگدەران نیگەرانییان هەبێت و خوازیاری چارەسەرکردنی بن، لێرەدا رۆڵی سەرکردە دێتەپێش کە رێگری بکات لەوەی ئەو نیگەرانییانە نەبنەهۆی گرتنەبەری سیاسەتگەلێکی کورتبینانە کە تەنیا خزمەت بە بەرژەوەندییە شەخسییەکان بکەن کە لە دەرئەنجامدا زیان بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنن.

*** کەواتە مەترسیی پۆپۆلیزم لەوەدایە کە کار لەسەر لاوازکردنی دامەزراوەکانی وەك دادوەری و رۆژنامەگەری دەکات؟**

- بەڵێ، کێشەکە ئەوەیە پۆپۆلیستەکان هەوڵی لاوازکردنی دامەزراوەکانی حکومڕانی دەدەن، لەبری ئەوەی کار بکەن و پرسیاری ئەوە بکەن ئایا باشترین سیاسەت چییە کە لە چوارچێوەی ئەو دامەزراوانەدا گەڵاڵە بکرێت. لەبەر ئەوە هێرشکردنەسەر دامەزراوەکان خۆی لە خۆیدا مایەی نیگەرانییەکی زۆرە.

*** کەواتە هاوسەنگییەکی هەستیار هەیە کە دەبێت بێتەدی لە نێوان سەرکردایەتییەکی بەهێز و دامەزراوەی تۆکمەدا؟**

- راستە، دامەزراوەکان پێویستیان بە سەرکردایەتییەکی بەهێز هەیە، بۆ نموونە، دەستووری ئەمریکا سیستمی چاودێری و جیاکردنەوەی لە نێوان دەسەڵاتی سەرۆك و کۆنگرێسدا دەستەبەر کردووە، بەڵام دەبینین بۆ ساڵانێکی زۆرە و بگرە بۆ دوو دەیە دەچێت، نەتوانراوە لە کۆنگرێسدا سەرکردایەتییەك بنیاد بنرێت، کەواتە ئەو سیستمی چاودێریکردنی و جیاکردنەوەیە کە داڕێژەرانی دەستوور مەبەستیان بوو، وەك خۆی جێبەجێ نەکراوە. کەواتە دامەزراوەکانیش پێویستیان بە سەرکردایەتی هەیە بۆ ئەداکردنی ئەرکەکانیان.

*** سەبارەت بەدەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەوێش دیسان کێشەکان هێندە کێشەی ناوخۆی**

**کێشەکان کێشەی ناوخۆیی وڵاتانن، نەک کێشەی نێوان وڵاتان، جیهانی دەرەوەش دووچاری زەحمەتییەکی زۆر دەبێتەوە لە تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتانی دیکە**

**پۆپۆلیستەکان هەوڵی لاوازکردنی دامەزراوەکانی حکومڕانی دەدەن، لەبری ئەوەی کار بکەن و پرسیاری ئەوە بکەن ئایا باشترین سیاسەت چییە کە لە چوارچێوەی ئەو دامەزراوانەدا گەڵاڵە بکرێت**


**خەڵک ئەو کاتە دەستەواژەی سیستمی جیهانی بەکاردەهێنن کە دەیانەوێت روون و راشکاو نەبن لەبارەی ئەوەی دەیانەوێت لەبارەیەوە بدوێن**

**وڵاتەکانن و بۆتە هۆی سەرهەڵدانی تیرۆریست بەتایبەتی داعش، هێندە کێشەی نێوان دەوڵەتەکانی ناوچەکە و کێشەی نێوان دەوڵەتانی ئیسلامی و رۆژئاوا نییە، ئەمەش بەو مانایەی پێویستە هەوڵبدرێت کێشەی ناوخۆی ئەو وڵاتانە چارەسەر بکرێت بۆ ئەوەی داعشی دیکە سەرهەڵنەداتەوە، ئایا تاچەند لەم پرسەدا جیهان دەتوانێت میکانیزمێکی گونجاو بگرێتەبەر؟**

- لە راستیدا ئاسان نییە جیهان بەم ئەرکە هەڵبستێت. چونکە هەروەك ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکردووە، سەرچاوەی کێشەکان پرسە ناوخۆییەکانن، واتە کێشەکان کێشەی ناوخۆیی وڵاتانن، نەك کێشەی نێوان وڵاتان، جیهانی دەرەوەش دووچاری زەحمەتییەکی زۆر دەبێتەوە لە تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتانی دیکە. ئێمە خۆمان دوچاری زەحمەتی دەبینەوە لە تێگەیشتن لە کێشە ناوخۆییەکانی خۆمان. هەموو شارەزایان رووبەڕووی زەحمەتی دەبینەوە لە شرۆڤەکردنی ئەوەی بۆچی سەرۆك ترەمپ لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. ئێستاش ئەگەر بێیت و لە هەمان ئەو شارەزایانە بپرسیت کە چۆن پەرە بە سیاسەتەکان بدرێت و رێگری لە جیهادییەکان بکرێت، ئەوا ئەگەری زۆرە هەمان هەڵە دووبارە بکەنەوە. نیگەرانیی من ئەوەیە جیهان بیەوێت کارێکی زۆر بکات، نەك بە پێچەوانەوە. چونکە کاتێك دەستتێوەردان دەکەیت و هەڵە دەکەیت، ئەوا دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەیت، لەبەر ئەوە دەبێت زۆر وریابین کارێك نەکەین کە کێشەکان ئاڵۆزتر بکەین. بەڵام ئێمە تەفزیلی ئەوە دەکەین کە سیستمی حوکمڕانیی باشتر بنیاد بنرێت و دیموکراسیەتی زیاتر هەبێت و توندڕەوییەکی کەمتر هەبێت و گەڕانەوەیەکی کەمتر هەبێت بۆ بەهاکانی سەدەکانی ناوەڕاست. وتەیەکی بە ناوبانگی جۆن ئادامز –یەکێکە لە باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا- هەیە کە دەڵێت: ئەمریکا خوازیاری ئازادییە بۆ هەمووان، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەمریکا ئەو توانایەی نییە کە ئەو ئازادییە دەستەبەر بکات بۆ هەمووان.

*** کەواتە پێتوایە تا ئێستا زۆرینەی دەستتێوەردانەکان دەرئەنجامێکی پێچەوانە و نەخوازراویان لێکەوتووەتەوە و لەبری چارەسەرکردنی کێشەکان هەل و مەرجەکەیان ئاڵۆزتر کردووە؟**

- بەڵێ ئەوە راستە.



## رۆبەرت ئووێن
### پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# کێشەی ئەمریکا ئەوەیە کە نەیتوانیوە هێزە سەربازی و ئابوورییەکەی بگۆڕێت بۆ دەسترۆیشتوویی سیاسی لە عێراقدا

**رۆبەرت ئووێن، پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە سکوڵی وودرۆ ویڵسۆن بۆ کاروبارە گشتی و نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی پرینستۆن، بۆ تاوتوێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی سووریا و پرسی دەسترۆیشتویی ئێران لە عێراق و چەند پرس و بابەتێکی دیکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** ئەمریکا رایگەیاندووە کە ئەگەر چین هاوکاری بکات، ئەوا پێکەوە هەڕەشەکانی کۆریای باکوور چارەسەر دەکات، بەڵام لە حاڵەتێکدا ئەگەر هاوکاریشی نەکات، ئەوا ئەمریکا تاکلایەنە کار بۆ سنووردارکردنی ئەو هەڕەشانە دەکات، ئێوە چۆن ئەم بارودۆخە دەخوێننەوە؟**

لەو باوەڕەدا نیم کە بتوانین دەرئەنجامێکی زۆر لە لێدوانێکی لەم چەشنە بەدەست بهێنین. سیاسەتی جێگیری ئەمریکا- تەنانەت پێش سەرۆك ترەمپیش- ئەوە بوو کە نابێت کۆریای باکوور چەکی ناوکی هەبێت و بوونی کڵاوەی ئەتۆمی و مووشەکی بالیستی هەڕەشەن بۆ ئەمریکا. هەروەها ئەوە سیاسەتی درێژخایەنی ئەمریکایە کە قەناعەت بە چین بکات بۆ ئەوەی فشاری زیاتر لەسەر کۆریای باکوور دروست بکات بۆ کەمکردنەوەی پرۆگرامەکەی و بۆ سەپاندنی سزا بەسەر کۆریای باکووردا. بەڵام لە ئێستادا راشکاوانەتر باس لەوە دەکرێت کە پێویستە ئەمریکا کردەوەیەك بگرێتەبەر، بەڵام پێموانییە ئەمە مانایەکی زۆر هەڵبگرێت.

*** ئێمە دەزانین کە ئەوە رووسیا و ئێران و حزبوڵان کە رێگرییان کردووە لە رووخانی رژێمی بەشار ئەسەد و دۆخێکیان دروستکرد کە بەشار ئەسەد چەکی کیمیایی بەکار بهێنێت لە دژی خەڵکەکەی، ئەمەش واتای ئەوەیە ئەگەر داعشیش تێکبشکێت، ئەوا سووریا دەبێتە دەستکەوتێك بۆ رووسیا و ئێران و حزبوڵا و ئەوەش واتای دووبارەبوونەوەی شەڕی ناوخۆیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەمریکا هیچی پێنەبڕێت لەم مەسەلەدا بۆچی خزمەت بەو سێ لایەنە دەکات؟**

- هەرچەندە من شارەزای سووریا نیم، بەڵام پێموا نییە ئەمریکا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی رووسیا و ئێران بکات لەو وڵاتەدا، بەدڵنیاییەوە هێرشکردنەسەر بنکەیەکی ئاسمانیی ئەسەد کاردانەوە بوو بۆ هێرشە کیمیاییەکە، نەك هێرشێك بووبێت و لەسەر خواستی رووسیا، یان ئێران ئەنجام درابێت. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە ترەمپ لە سەروەختی هەڵبژاردنەکاندا رایگەیاند کە ئەو بەرهەڵستی ئەسەد ناکات، کەواتە ئەوەی سەرۆك ترەمپ ئەنجامی دا، رەنگە سەرۆك ئۆباماش هەمان کاری ئەنجام بدایە و بە دڵنیاییەوە هیلاری کلینتۆنیش ئەنجامی دەدا، ئەگەر بە سەرۆك هەڵبژێردرایە. لەبەر ئەوە باوەڕم وانییە وەك ئەوەی ئێوە باس لەوە دەکەن کە ئەمریکا چۆتە بەرەی ئێران و رووسیاوە. ئەمریکا لە دۆخێکی دژواردایە، چونکە ئەمریکا دژی داعشە، لە هەمان کاتدا بەشار ئەسەدیش دژی داعشە، ئەمە لە کاتێکدا ئەمریکا دژی رژێمەکەی بەشار ئەسەدیشە، لەبەر ئەوە زەحمەتە لە یەك کاتدا بەرهەڵستی دوو دوژمنی یەکتر بکەیت.

*** هەروەك دەزانن لە ئێستادا شەڕی داعش لە عێراقدا بەرەو کۆتایی دەڕوات، ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەبێت ئیدارەی ترەمپ قۆناغی سیاسی لە عێراقدا دەست پێبکات، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئێران دەستڕۆیشتوییەکی زۆری لە عێراقدا هەیە لە رێی میلیشیا شیعەکانەوە، شیکردنەوەی ئێوە بۆ ئەم بارودۆخە چییە؟**

- من شارەزای عێراق، یان ئێران نییم، بەڵام لێرەوە وێنەکە بەو شێوەیە دەردەکەوێت کە ململانێی دەسەڵات هەیە لە نێوان ئێران و میلیشیا شیعەکان و ئەسەد و رووسیا لەلایەك و ئەمریکا لەلایەکی دیکەوە. ئەمریکاش بەرژەوەندییەکی گشتی هەیە لە سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران، بەڵام پێدەچێت توانایەکی زۆرمان نەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. لەبەر ئەوەی هەستێکی بەربڵاوی دژە ئەمریکی هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها ئەمریکا دوچاری دژواری دەبێتەوە لە گۆڕینی هێزی سەربازی و ئابوورییەکەی بۆ دەستڕۆیشتوویی سیاسی لە عێراقدا، یەکێك لە هۆکارەکانیش ئەوەیە کە رای زۆرینەی بەشە عەرەبییەکەی ناوچەکە لەبارەی ئەمریکا و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە رایەکی زۆر سلبییە، بە رێژەی لە سەدا ٩٥، ئەمە بەراورد بکە بەو دۆخەی ئەمریکا لە یابان و کۆریا و ئەوروپای رۆژئاوا رووبەڕووی بۆوە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، کە رای گشتی لەگەڵ ئەمریکادا بوو، ئەمەش بواری دا بەوەی ئەمریکا بتوانێت هاوشان بە هێزی سەربازی و توانای ئابووری هێزی نەرمیش — دەستەواژەکەی جۆزێف نای- بەکار بهێنێت کە بریتی بوو لە قەناعەتپێهێنانی سیاسی، کە خەڵکی خوازیاری نزیکبوونەوە بوون لە ئەمریکا، بەڵام ئەمە حاڵەتەکە نییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا —بەلای کەمەوە لەبەشە عەرەبییەکەیدا-، کەواتە ئەمریکا بەردەوام کێشەی دەبێت لە گۆڕینی هێزی ماددی بۆ دەستڕۆیشتوویی کارا و کاریگەر.

# لێکترازانی حزبی دەعوە لەنێوان مالیکی و عەبادیدا



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لێکترازانی حزبی دەعوەی ئیسلامی عێراقی لە لێکترازانی ئیخوان موسلمینی میسر دەچێت، لێرەدا هەوڵنادەم قسە لەسەر مێژووی ئەو لێکترازان و باڵباڵێنە بکەم، بەڵام بە کورتی هەندێ نموونە دێنمەوە بۆ روونکردنەوە تاکو خوێنەر ئاگاداری بێت، لە شەستەکاندا یەکێك لە دامەزرێنەرانی حزبەکە کە ناوی سامی بەدری بوو جیابۆوە، دواتر رێکخراوێکی تازەی بەناوی جوندولئیمام دامەزراند، بەڵام زۆری نەبرد هەڵوەشایەوە و نەما، ئینجا جیابوونەوەیەکی دیکە روویدا دوای کۆنگرەی بنکەکان لە ساڵی ١٩٧٩ واتا دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، لە ساڵی ١٩٨٠ چەندین لێکترازان و جیابوونەوە لەو حزبە روویاندا دوای ئەوەی حزبەکە پەنای بۆ ئێران برد، چونکە بە بڕیاری سەدام حوسێن چالاکیی ئەو حزبە قەدەغەکرا، دوابەدوای کۆنگرەی ئیمام مەهدی لە ساڵی ١٩٨٠ کۆمەڵێکی دیکە بە سەرۆکایەتی عەلی کورانی و مەهدی ئاسفی و کازم حائیری جیابوونەوە، بەڵام دوای رووخانی رژێم لە ٢٠٠٣، پێشبڕکێ بۆ دەسەڵات توندتر بوو، بەتایبەتیش لەلایەن حزبی دەعوە، ناکۆکیی زۆر توند سەری هەڵدا لە نێوان حزبی دەعوە — کۆمەڵی دایك- و حزبی دەعوە- رێکخستنی ناوخۆ- بە سەرۆکایەتیی عەبدولکەریم عەنزی و حزبی دەعوە —رێکخستنی عێراق بە سەرۆکایەتیی هاشم موسەوی کە دواتر لە ئێران بە نەخۆشی مرد، فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا ئەو سێ حزبەی بە سەرۆکایەتیی مالیکی کۆکردەوە، چونکە ئەویان زۆر بەهێزتر بوو، لەبەر ئەوە ناکۆکییەکان هەر بە نهێنی مانەوە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیی حزبی و مەزهەبی، دواتر ئیبراهیم جەعفەری لە حزبی دەعوە جیابۆوەو و حزبێکی بە

ناوی رەوتی چاکسازیی نیشتمانی (تیار الاصلاح الوطني) دامەزراند، ئەم لێکترازان و جیابوونەوانە بەردەوام دەبن، چونکە حزبەکە ستراتیژییەتێکی نیشتمانی و بۆچوونێکی روونی دەربارەی دەوڵەتی مەدەنی نییە، تەنانەت بە تەواوی لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی ناگات، بەڵکو ئەم حزبە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجیی ئایینی و فیکریی تەسکی مەزهەبی دامەزراوە، ناتوانێت لە چوارچێوە سنووردارە ئایدیۆلۆجییەتەکەی دەرچێت، بۆیە حزبی دەعوە لەوەتەی ٢٠٠٣وە دەسەڵاتی گرتۆتەدەست، هیچ شتێکی پێشکەش بە هاووڵاتیانی عێراق نەکردووە، لێرەدا مەبەستم قسەکردن نییە لەسەر حزبی دەعوەو لە ئاییندەدا وتارێکی سەربەخۆی لەسەر دەنووسم، بەڵام زیاتر باس لە بابەتی سەرەکیی دەکەم، ئەویش ململانێی نێوان مالیکی و عەبادییە، ئەو دوو پیاوە سەر بە حزبی دەعوەی ئیسلامین، یەکەمیان سەرۆکی حزبەکەیە، دووەمیشیان سکرتێری مەکتەبی سیاسی و وتەبێژی فەرمیی ئەو حزبەیە، ململانێی نێوان ئەو دوو کەسە لەوەوە دەستی پێکرد کاتێ هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم جەعفەری، حەیدەر عەبادیی هەڵبژارد بۆ ئەوەی لەلایەن فوئاد مەعسوم سەرۆك کۆمارەوە رابسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت لە ساڵی ٢٠١٤، فشارێکی بەهێز بۆسەر هاوپەیمانیی نیشتمانی هەبوو لەلایەن مەرجەعییەتی ئایینیی شیعە بە سەرۆکایەتیی سیستانی و ئەمریکاو دەوڵەتانی کەنداو بەتایبەتیش سعودیە، هەروەها لەلایەن سوننەو کوردەوە تاکو مالیکی خۆی کاندید نەکات، جەعفەریش بەم فشارانە زۆر دڵخۆش بوو، چونکە پێی وایە ئەمە تۆڵەسەندنەوەیە لە مالیکی کە پێشتر لە ٢٠٠٦ کودەتای بەسەردا کردبوو، مالیکیش خۆی ئامادەکرد و هەوڵی دا کودەتای سەربازی ئەنجام بدات، ئەو شەوە رووداوی زۆری تێدا بوو، بەڵام بەسەرچوو بێ ئەوەی هیچی تێدا بێتەدی، بەتایبەتیش کە ئەمریکا بە توندی ئاگاداری کردەوە، بۆیە باراك ئۆبامای سەرۆکی پێشووی ئەمریکا یەکەم کەس بوو کە پیرۆزبایی لە عەبادی کرد دوای دەنگدان لەسەر کابینە وەزارییەکەی، ئێرانیش کە زانی لە پشتگیریی مالیکی شکستی هێنا بە ناچارییەوە پیرۆزبایی لە عەبادی کرد، تاکو پەیوەندیی نێوان هەر دوو وڵات تێك نەچێت، نەخاسمە عەبادییش هەر سەر بە حزبی دەعوەیە.

لێرەوە ململانێی نێوان هەردوو نەیار لەنێو یەك ماڵدا دەستی پێکرد، مالیکی بە هەموو شێوەیەك دژایەتیی عەبادی دەکات، چەندین تەحەددی هەبوون کە رووبەڕووی حکومەتەکەی عەبادی دەبوونەوە، لەوانە هاتنەناوەوەی داعش، مایەپووچیی گەنجینەی دەوڵەت، دابڕانی پەیوەندیی نێوان بەغداو هەولێر، گرژیی نێوان شیعەو سوننە، شکستی دیبلۆماسییەتی عێراق کە پەیوەندیی نێوان عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ و کەنداوی تێکدا، زوو کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کە بواری بە ئێران دا دەست وەربداتە نێو عێراق، بەڵام عەبادی لە کاری خۆی هەر بەردەوام بوو تاکو حکومەتەکەی هەرەس نەهێنێت، بۆیە دەبینین دیالۆگی لەگەڵ سوننە دەست پێکرد، سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، داوای پەیوەندیی باشی کرد لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بەتایبەتیش لەگەڵ تورکیا و دەوڵەتانی کەنداو بەتایبەتیش سعودیە، ئەم هەڵوێستانە مالیکییان نیگەران کرد، ئەوەی زیاتر جەرگی داخ کرد پەیوەندیی بەهێزی نێوان بارزانی و عەبادی بوو، هاوکات هەماهەنگیی بەهێزی نێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراق، دیارە پێشتر بۆ مێژوویەکی زۆر پێشمەرگە شەڕی سوپای عێراقی دەکرد، بەڵام بۆ یەکەم جارە پێشمەرگەو سوپای عێراق شان بە شانی یەکدی دژی دوژمنێکی هاوبەش، داعشی تیرۆریست شەڕدەکەن، هەر سەرکەوتنێك لە موسڵ بێتە ئاراوە مالیکی زیاتر تووشی نائومێدی و شکست دەبێت لە هەمبەر ئاییندەی سیاسیی خۆی، چونکە هەر ئەو بوو کە موسڵی رادەستی داعش کرد، بۆیە هیوادەخوازێت کە هەڵبژاردن لە عێراق بکرێت و موسڵیش هەر لەژێر دەستی داعش بمێنێتەوە، تاکو راستییەکان ئاشکرا نەبن، ئەمە تۆمەت نییە بەڵکو راستییە کە حاکم زاملی سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگریی پەرلەمانی عێراق و سەرکردەی کوتلەی ئەحراری سەدری رایگەیاندبوو سەبارەت بە هۆکاری کەوتنی موسڵ.

مالیکی لەو قەناعەتەدا بوو کە حکومەتەکەی عەبادی بەخێرایی هەرەس دەهێنێت، بە هۆی ئەو هەموو تەحەدییە سەربازی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیبلۆماسییانەی کە رووبەڕوویان دەبووەوە، بەڵام هەر خۆڕاگر بوون بۆیە مالیکی پەنای بۆ پەرلەمان برد، لە پەرلەمانیش بەرەیەکی پێکهێنا و ناوی نا بەرەی چاکسازیی پەرلەمان کە زیاتر

**حزبی دەعوە ستراتیژییەتێکی نیشتمانی و بۆچوونێکی روونی دەربارەی دەوڵەتی مەدەنی نییە، تەنانەت بە تەواوی لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی ناگات، بەڵکو ئەم حزبە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجیی ئایینی و فیکریی تەسکی مەزهەبی دامەزراوە، ناتوانێت لە چوارچێوە سنووردارە ئایدیۆلۆجییەتەکەی دەرچێت**

**سەرۆک بارزانی چەندین جار ئەمەی بۆ حوکمڕانانی بەغدا دووپاتکردۆتەوە: (دەمانەوێت دراوسێی باش بین)، لە کۆنگرەی ئاسایشی میونش لە ٢٠١٧ ئەمەی بۆ عەبادی دووپات کردەوە، واتا کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی دراوسێی بەغدا و هاوکاری و کاری هاوبەشیان لە هەموو بوارێکدا هەبێت**

لە سەد پەرلەمانتاری تێدابوو، لەوانەش سوننەکانی مالیکی و دوو پەرلەمانتاری کوردیش کە یەکێکیان لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانەو دووەمیان لە فراکسیۆنی گۆڕانە، داوای گۆڕینی هەر سێ سەرۆکایەتیی دەکرد، بەڵام سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق سەردانی مالیکی کرد و رێککەوتن لەسەر هەموو داواکارییەکانی بە مەرجێ لە پۆستەکەی بمێنێتەوە، دواتر دەستکرا بە لێپرسینەوە لە وەزیرەکان بۆ هەرەس پێهێنانی حکومەتەکەی عەبادی، ئەوەبوو خالد عوبەیدی وەزیری بەرگری لە فراکسیۆنی موتەحیدون و هۆشیار زێباری وەزیری دارایی لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بانگهێشتکران و دواتر لە کار لابران، ئەم لێپرسینەوانە سیاسی بوون، چونکە هەر دوو وەزیری لابراو سەر بە دوو فراکسیۆنی سەرەکیی بوون، کە بەردەوام ئاستەنگ بوون لەبەردەم پرۆژە تایفەگەرییەکانی مالیکی، هەرچی فراکسیۆنی ئەحراری موقتەدا سەدرە ئەویش هەر لە دژی مەرامەکانی مالیکی دەوەستێتەوە، بەڵام پەنا دەباتە بەر توندوتیژی، لەبەر ئەوە نە مالیکی و نە بەرەی چاکسازی ناوێرن لێپرسینەوە لە وەزیرەکانی سەدر بکەن.

جا بۆ ئەوەی مالیکی لە هەوڵە نەزۆکەکانی دژ بە عەبادی راوەستێت، ناوی عادل عەبدولمەهدی پێشنیارکرا تا شوێنی عەبادی بگرێتەوە، چونکە مانەوەی عەبادی لە کاتێکدا سەرکەوتن دژی داعش بەدەست دەهێنێت هەڕەشە لە چارەنووسی سیاسیی مالیکی دەکات، لەسەر ئەمە رازی بوو، بەڵام ئەم بیرۆکەیە رەنگە سەرنەگرێت لەبەر چەند هۆیەك گرنگترینیان نزیکبوونەوەی کۆتایی کابینەکەی عەبادی، ئەم گۆڕانکارییەش لەم قۆناخە هەستیارەدا لەوانەیە زەحمەت بێت و کاتێکی زۆر بخایەنێت، بەتایبەتیش کە عێراق بە قەیرانگەلێکی سەختدا تێدەپەڕێت، لەوانە شەڕی داعش و قۆناخی دوای ئەو.

**مالیکی جارێکی دیکە نەیتوانی حکومەتەکەی عەبادی بڕووخێنێت، هاوکات بەرەی ئیسلاحیش دوای لێکترازان ئەرکەکەی لە بەئاکامگەیاندنی سیاسی کۆتایی هات، دوای ئەوەی پەرلەمانتارانی سەر بەو بەرەیە راستییەکەیان بۆ روون بووەوە بە یەکجاری وازیان لێهێنا**

مالیکی جارێکی دیکە نەیتوانی حکومەتەکەی عەبادی بڕووخێنێت، هاوکات بەرەی ئیسلاحیش دوای لێکترازان ئەرکەکەی لە بەئاکامگەیاندنی سیاسی کۆتایی هات، چونکە ئەم بەرەیە بریتی بوو لە فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا، دوای ئەوەی پەرلەمانتارانی سەر بەو بەرەیە راستییەکەیان بۆ روون بووەوە بە یەکجاری وازیان لێهێنا، بۆیە مالیکی ناتوانێت حکومەتەکەی عەبادی بڕووخێنێت، لەبەر ئەوە دەستی کرد بە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی پێشوەختەی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی بەخێرایی بگەڕێتەوە دەسەڵات، چاکیش دەزانێت کە نەهاوپەیمانیی نیشتمانی و نە حزبی دەعوە کە خۆی سەرۆکایەتیی دەکات جارێکی دیکە کاندیدی ناکەنەوە، بۆیە دەبینین بەدوای هاوپەیمانیی تازەدا دەگەڕێت، سەرەتا لە سوننەوە دەستی پێکرد، زانی کە بەرژەوەندیی ئەو لای حزبی ئیسلامی ئیخوان و گروپەکەی کەرابلە( حەل)ە کە بە سوننەی مالیکی ناسراون، دواتر کەناڵێکی پەیوەندیی تازەی لە سلێمانی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و باڵێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی کردەوە، هەروەها نابێ گەورەترین پاڵپشت بۆ هەڵسوکەوت و هاوپەیمانییەکانی لەبیربکەین ئەویش خامنەئی رابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامییە لە ئێران، چونکە مالیکی لای خامنەئی باشترین سەرۆك وەزیرانە لە مێژووی عێراقدا، رەنگە عەبادی بەشێك نەبێت لەو هاوپەیمانییە، بەڵکو دژی دەوەستێتەوە، بەتایبەتیش کە لەم چەند ساڵەی رابردوودا زۆری بەدەست سیاسەتی دوژمنکارانەی مالیکییەوە چەشتووە، لەوانەشە جیابوونەوەو لێکترازانێکی دیکە لە حزبی دەعوە رووبدات، یان یەکێك لەو دووانە لە بەرژەوەندیی ئەوی دیکە لە حزبەکە جیابێتەوە، هەروەك چۆن جەعفەری بۆ مالیکی لە حزبی دەعوە جیابۆوەو رەوتی چاکسازیی نیشتمانی دامەزراند، رەنگە عەبادیش حزبێك دامەزرێنێت ئەگەر مالیکی لە حزبەکە مایەوە.

سەردەمی حوکمڕانیی عەبادی پڕی بوو لە رووداوو و ململانێ و قەیران و تەحەددی، ساڵانی حوکمی ئەو زیاتر بۆ شەڕی داعش بوو، پێی وایە پێویستی بە کاتێکی زیاترە تا ئەوەی دەیەوێ بەدی بهێنێت، بۆیە هەوڵدەدات بۆ کابینەیەکی دیکە، دیارە مالیکیش هەرگیز رێگەی پێ نادات، بەڵکو تا پێی بکرێت ناهێڵێت، چونکە دوای ئەوەی نەیتوانی لەو کابینەیە شکستی پێ بهێنێت پەنای بردەبەر شێواندنی ناووناوبانگی عەبادی، عەبادیش لاوازەو ناتوانێت دەسەڵات بەسەر باشووری عێراق بە تایبەتیش بەسرەدا بسەپێنێت، ناشتوانێت هیچ هەڵوێستێکی بوێرانە بەرامبەر دەستتێوەردانی تورکیا و دژی ئەوانەی دەیانەوێ عێراق دابەش بکەن یان خاوەن دەسەڵاتەکانی سوننە لە ئەنبار بگرێتەبەر، دیارە مالیکیش هۆکاری ئەو هەموو قەیرانەیە،

چونکە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە گرنگەکاندا بە پێوانەی تایفەگەریی ئایینی رەفتاری دەکرد، ئەو دەوڵەتمەدار نەبوو، بەڵکو پیاوی مەزهەبی ئایینی بوو، لای ئەو خۆشگوزەرانیی خەڵك گرنگ نەبوو، بەڵکو خەمی ئەو تەینا گۆڕینی هزرو مەزهەب و بیروباوەڕی هاووڵاتی عێراقی بوو، هەر ئەمەش بوو کە پشتی عێراقی شکاندو ئاییندەی ئەو وڵاتەی بەم ئاستە گەیاند.

ئەوەی تایبەتە بە کورد ناکرێ هەر وەك تەماشاکەر لە گۆڕەپانی سیاسی بمێننەوە، بەڵکو پێویستە هەڵوێستیان لەهەمبەر ئەو هاوپەیمانییانە دیاری بکەن کە چارەنووسی پرۆسەی سیاسی لە عێراق دەست نیشان دەکەن، کورد رۆڵی گەورەو کاریگەرو یەکلاکەرەوەیان دەبێت لەم هاوپەیمانییانە، بە تایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەگەر پارتی نیازی وابێت بەشداریی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بکات، دەبێ بێتە نێو ئەو هاوپەیمانییەی کە پشتیوانیی لە دەوڵەتی مەدەنی و بنەماکانی دیموکراسی دەکات، ئەمەش لەپێناو ئەوەی تا هاوپەیمانییەکەی مالیکی سەرنەکەوێت، چونکە مۆرکی ئایینی هەیە، دیارە سەرکردەکانی پارتیش بیرۆکەی بەشداری نەکردنیان لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ خستبووەڕوو، چونکە ئەوەی پێشتر و بەر لە رووخانی رژێم لە ٢٠٠٣ لەسەری رێککەوتبوون هیچی لێ نەهاتە دی، تەنیا هەندێ شتی لاوەکی نەبێت، شەراکەتی نیشتمانی کۆتایی هاتووەو دەوڵەتی دیموکراسیش هەرەسی هێناوە، دامەزراوەکان و یاسا و دەستوور هەموویان پەکیان کەوتووە، تەنانەت پەرلەمانی عێراقیش رۆڵی چاودێریی راستەقینەی نییە، لێپرسینەوەکانیش بەسیاسی کراون، دوای ئەو هەموو ساڵانە ئینجا گەیشتینە قەناعەت کە حکومەتەکانی بەغدا دوای رووخانی رژێم لە نیازەکانیاندا راستگۆ نەبوون، حەزیشیان نەدەکرد کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغداو هەولێر چارەسەر بکرێن، بۆیە دەڵێم کوردستان بە مانەوەی لەگەڵ بەغدا چ زیانێکی پێ گەیشتووە، ئەوانەیشی کە باس لە فیدراڵی دەکەن و کوردستانیش هەرێمێکی تایبەتە، پێیان دەڵێین کە ئەم سیستەمە شکستی هێنا، نەك لەبەر ئەوەی سیستەمەکە سەرکەوتوو نییە، بەڵکو حوکمرانانی عێراق بە تەواوی لە فەلسەفەی فیدرڕاڵی نەگەیشتوون، بۆیە شتێکی لۆژیکە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەم قۆناخەدا بە دوای ئەلتەرناتیڤێکی دیکەی واقیعیانەتردا بگەڕێت، باشترین ئەلتەرناتیڤیش سیستەمی کۆنفیدڕاڵییە، کە سیستەمێکی جیهانییە و لە زۆر وڵات لەکۆنەوەو لە ئێستاشدا پیادەکراوە، ئەم بیرۆکەیە بە راشکاوی لەگەڵ سەرکردەکانی هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعەدا باسکراوە، بەتایبەتیش لەسەردانی شاندی ئەم دواییەی هاوپەیمانیی نیشتمانی بۆ هەولێر، پێموایە ئەم سیستەمە واتا کۆنفیدڕاڵی لە بەرژەوەندیی بەغدادایە زیاتر لە کوردستان، چونکە پەیوەندیی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی رۆژئاوا و کەنداو و دەوروبەر باشترە لە پەیوەندیی بەغدا لە رووی ئابووری و دیبلۆماسییەوە، بەغدا لە رەوشێکی گۆشەگیریی نێودەوڵەتیدا دەژی بە هۆی سیاسەتی تەسك و دیبلۆماسییەتی تایفییەوە، لەوەش خراپتر دەستتێوەردانی هەندێ دەوڵەتی ئیقلیمی لە کاروباری ناوخۆی وڵات، سەرۆك بارزانیش چەندین جار ئەمەی بۆ حوکمڕانانی بەغدا دووپاتکردۆتەوە: (دەمانەوێت دراوسێی باش بین)، بارزانی لە کۆنگرەی ئاسایشی میوشن لە ٢٠١٧ ئەمەی بۆ عەبادی دووپاتکردەوە، واتا کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی دراوسێی بەغدا بۆ هاوکاریی هاوبەش لە هەموو بوارێکدا، پێموایە کە شەقامی عەرەبیی عێراقیش سەربەخۆیی کوردستانی قبووڵە، بە تایبەتیش کە کوردستان لەگەڵ قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و حەواندنەوەی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە، بەڵام پرۆسەی ئاوەدانی و سەقامگیریی ئاسایش و پەرەپێدان و پێشکەوتنی هەر تێدا بەردەوامە، لە کاتێکدا کە عێراقی عەرەبی بەدەردی دواکەوتوویی و بێکاری و ئاشووب و میلیشیای چەکدارو کوشتن و تیرۆرکردن و خراپەکاری و گەندەڵییەوە دەناڵێنێت، بۆیە کاتێ لەوێوە سەردانی کوردستان دەکەن سەرسام دەبن. لەبەر ئەوە پێویستە حزبە کوردییەکان لەنێو خۆیاندا رێکبکەون، بە پرۆژەکەی سەرۆك بارزانی رازی بن، ئەو پرۆژە نیشتمانییەی کە کۆتایی بە هەموو ناکۆکییە سیاسییەکان دەهێنێت، تاکو بتوانین سەربەخۆیی کوردستان رابگەیەنین، چونکە ئەگەر خاوەنی بڕیاری سەربەخۆ بین لە دەوڵەتێکی سەربەخۆدا ئەوا زۆ ر لەو کێشە ئاڵۆزانە چارەسەر دەبن.

---

*** سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان نیازی وابێت بەشداریی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بکات، دەبێ بێتە نێو ئەو هاوپەیمانییەی کە پشتیوانیی لە دەوڵەتی مەدەنی و بنەماکانی دیموکراسی دەکات، ئەمەش لەپێناو ئەوەی تا هاوپەیمانییەکەی مالیکی سەرنەکەوێت، چونکە ئەوەی پێشتر و بەر لە رووخانی رژێم لە ٢٠٠٣ لەسەری رێککەوتبوون هیچی لێ نەهاتە دی**

**شەقامی عەرەبیی عێراقیش سەربەخۆیی کوردستانی قبووڵە، کوردستان لەگەڵ قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و حەواندنەوەی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە، پرۆسەی ئاوەدانی و سەقامگیریی ئاسایش و پەرەپێدان و پێشکەوتنی تێدا بەردەوامە، لە کاتێکدا کە عێراقی عەرەبی بەدەردی دواکەوتوویی و بێکاری و و میلیشیای چەکدارو تیرۆرکردن و خراپەکاری و گەندەڵییەوە دەناڵێنێت**

## یوسی مەکلبێرگ
پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# گرنگە لەیەک کاتدا داعش تێکبشکێندرێت و بەشار ئەسەدیش لە دەسەڵات دووربخرێتەوە

**کوردستان شایستەی ئەوەیە لە رووی کەلتووری و سیاسییەوە دانی پێدابنرێت، بەڵام سیاسەتی نێودەوڵەتی لەبەر هەستیاریی بارودۆخەکە ئێستا بە فەرمی و راشکاوانە پشتگیری ئەم پرسە ناکات**

*** چۆن لە لێدوانەکەی سەرۆک ترەمپ دەڕوانیت لە پەیوەندی بە بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی کۆریای باکوور، کە باسی لەوە کردبوو پێی باشە لەگەڵ چیندا سنووریێك بۆ ئەو هەڕەشانە دابنێت، بەڵام ئەگەر پێویست بکات ئەوا ئەمریکا بە تەنیا رووبەڕووی ئەو هەڕەشەیە دەبێتەوە؟**

- هەمیشە لێکدانەوەی لێدوانەکانی ترەمپ کارێکی قورس بووە، بەڵام کۆریای باکوور هەڕەشە و تەحەددییەکی بەردەوام بووە کە بە تێپەڕبوونی کات پەرەی بە توانای ئەتۆمی داوەو رژێمێکی ناسەقامگیر و ناعەقڵانی هەیە، کەواتە ئەمە هەڕەشەیەکە و پێویستە چارەسەر بکرێت، باشترین رێگاش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوەیە هێزە گەورەکان پێکەوە کاربکەن و پەیامێکی روونی پێ بدرێت کە رەفتارەکانی لە پەیوەندی بە بەرەودان بە چەکی ئەتۆمی و ئەو هەڵسوکەوتانەی کە لەگەڵ رێککەوتن و نۆرمە نێودەوڵەتییەکاندا ناگونجێن. بەڵام کێشەکە ئەوەیە ترەمپ تاکلایەنانە بیردەکاتەوە، ئەمەش بۆی هەیە ببێتەهۆی پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی دیکەدا. لەبەر ئەوە پێموایە باشترین رێگەی کارکردن بریتییە لە هاوکاریکردن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نەك کاری تاکلایەنانە. بەڵام ترەمپ بۆی هەیە تاکلایەنانە دژی ئەم هەڕەشانە کاربکات، ئەگەر بۆی دەرکەوت کە هێنانەئارای هاوکاری کارێکی زەحمەتە.

*** راوبۆچوونتان چییە لەسەر سیاسەت و هەڵوێستی ئەمریکا لەئاست کێشەی سووریادا، بەتایبەتی دوای ئەو گوزرە ئاسمانییانەی کە ئاڕاستەی بنکەیەکی ئاسمانی سووری کران لە دوای هێرشە کیمیاییەکەوە بۆ سەر شارۆچکەی خان شەیخون؟**

- دەمەوێت ئەوە بڵێم کە فەرامۆشکردنی شەڕی ناوخۆی سووریا بووە هۆی سەرهەڵدانی دۆخێکی پڕ لە پشێوی کە لە ئێستادا چارەسەرکردنی زۆر زەحمەت بووە، لە ئێستاشدا پێویستە کار بۆ لابردنی ئەسەد لە دەسەڵات بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە کار بۆ ئیحتیواکردنی داعشیش بکرێت، ئەمەش تەحەددییەکەیە. چونکە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا بە مانای درێژەکێشانی شەڕ دێت، ئەوەش پاساوێك دەبێت بۆ مانەوەی داعش، لەبەر ئەوە دەبێت کاربکرێت بۆ دۆزینەوەی بەدیل بۆ هەردووکیان و لە هەمان کاتدا هەوڵی پاراستنی سەقامگیری ناوچەی شام بدرێت. لەبەر ئەوە دەبێت پێکەوە کاربکەن بۆ هێنانەئارای ئەنجامێکی ئیجابی، ئەگەرنا شەڕە ناوخۆییەکە درێژە دەکێشێت و بۆی هەیە ببێتەهۆی پێکدادانی دوو هێزە گەورەکەش.

*** ئایا پێشبینی هاتنەئارای گۆڕانکاریی گەورە دەکەن لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سووریادا؟**

- لە راستیدا پێموایە پێویستە ئەمریکا سیاسەتێکی دەرەکیی گشتیگر گەڵاڵە بکات لە ئاست تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و دواتر دۆخی هەر وڵاتێك لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژیەتەدا لەبەرچاو بگرێت، چونکە داعش تەنیا لە سووریا و عێراقدا نییە، هەروەها پرسی حوکمڕانی و سەقامگیری پەیوەستە بە لیبیا و عێراق و سووریا و وڵاتانی دیکەوە. هەروەها دەبێت دۆخی میسریش لەبەرچاو بگیرێت، چونکە کەس نازانێت لە مەودای دووردا چی روودەدات. لەبەر



**یوسی مەکلبێرگ پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی (ڕێجنێت)ی لەندەن و، بەڕێوەبەری پرۆگرامی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکانە لە هەمان زانکۆ، بۆ شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو گۆڕانکارییانەی پێویستە لەو سیاسەتەدا بێنەدی، لەگەڵ چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیداردا، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو.**

ئەوە دەبێت ئەمریکا پەرە بە ستراتیژیەتێکی گشتگیر بدات بۆ ناوچەکە. ئێمە بینیمان گوزرێکی ئاراستەی بنکەیەکی ئاسمانی لە سووریا کرد، بەڵام کەس نازانێت ئایا ئەمە تەنیا گورزێکە، یان بەشێکە لە هەڵمەتێکی بەرفراوان، ئایا ئامانجە ستراتیژییە دوورەکان چین.

*** لە ئێستادا داعش لە سەروبەندی تێکشکاندایە لە عێراقدا، کە دەبێت دواتر پرۆسە سیاسییەکە ڕێکبخرێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند بوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا ڕێگر دەبێت لە دووبارە ڕێکخستنەوەی پرۆسە سیاسییەکەی عێراق؟**

- لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە دەرگایەك بۆ ئێران کرایەوە کە بە چەشنێکی بێ پێشینە برەو بە دەستڕۆیشتویی خۆی لە عێراقدا بدات، بەڵام چارەسەرەکە ئەوەیە -بەتایبەتی کە ئێستا داعش لە پاشەکشەدایە- کە کار بۆ دووبارە بنیادنانەوە عێراق بکرێت و حوکمڕانییەکی باش بنیاد بنرێت و نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکان بکات و دۆخی خەڵکەکە لە روی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە باش بێت و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگیرێت. کە پێموایە دەکرێت دواتر کار بۆ ئیحتیواکردنی ئێران بکرێت، بەڵام ئەگەر دابەشبوون هەبێت لە عێراقدا و ئەگەری لەسەر بنەمای تایەفەگەری کاربکرێت، ئەوا ئێران سوود لە بارودۆخەکە وەردەگرێت، بە چەشنی ئەوەی لە ئێستادا لە سووریا دەیبینین، هەروەها بە چەشنی ئەوەی بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە لە لوبناندا دەیبینین.

*** لە ئێستادا هەرێمی کوردستان بە نیازی ئەنجامدانی ریفراندۆمە لەبارەی سەربەخۆییەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چەند کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەگرێت؟**

- بۆچونی من ئەوەیە کوردستان شایستەی ئەوەیە لە رووی کەلتووری و سیاسییەوە دانی پێدابنرێت، بەڵام سیاسەتی نێودەوڵەتی لەبەر هەستیاریی بارودۆخەکە ئێستا بە فەرمی و راشکاوانە پشتگیری ئەم پرسە ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بزووتنەوەیەکی بەهێز هەبێت بۆ دانپێدانان بە مافی خەڵکی کوردستان، بە مافە سیاسی و ئابوورییەکان و بەو خۆبەڕێوەبەرییەی هەیانە.

*** چاودێران باس لەوە دەکەن کە ئەگەر بێتو دەرفەت بە سوننەکان نەدرێت بۆ ئەوەی خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن، ئەوا داعش لە شێوەیەکی جیاوازدا دووبارە دەبێتەوە، ئایا پێدانی ئەم دەسەڵات بە سوننەکان و ڕێگریکردن لە پەراوێزخستنیان لەلایەن شیعەوە پێویست بە جێگیرکردنی هێزی سەربازی ئەمریکا لە عێراقدا دەکات؟**

- چارەسەرەکە لە سەرجەم وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە نێویاندا عێراق، ئەوەیە دەست بە گفتوگۆیەکی سیاسی بکرێت کە هەموان لەخۆبگرێت، چونکە ئەمریکا ناتوانێت ناکۆکی تایفەگەریی درێژخایەنی نێوان شیعە و سوننە و کورد چارەسەر بکات، بەڵکو دەبێت سیستمێکی حوکمڕانی بنیادبنرێت کە ڕێز لە هەموان بگرێت و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت، بە چەشنێك هەموو عێراقییەك هەست بکات ئەوە وڵاتی خۆیەتی. واتە راستە جیاوازی هەیە لە وڵاتەکەدا، راستە پێکهاتەی ئایینی و ئیتنیی جیاواز هەن کە دەبێت هەموو ئەمانە لەبەرچاو بگیرێن، بەڵام دەبێت دیالۆگێکی سیاسیی راستەقینە ئەنجام بدرێت.

**لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە دەرگایەک بۆ ئێران کرایەوە کە بە چەشنێکی بێ پێشینە برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆی لە عێراقدا بدات، بەڵام چارەسەرەکە ئەوەیە -بە تایبەتی کە ئێستا داعش لە پاشەکشەدایە- کە کار بۆ دووبارە بنیادنانەوە عێراق بکرێت**

# بەغدا.. لە پایتەختێکی گەندەڵ و بێ هێزەوە بۆ دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان



ڕێباز عوسمان – سلێمانی

بەغدا لە پایتەختی شارستانییەت و زانست و ڕۆشنبیری و پایتەختداری لە سەردەمانی خەلافەتی عەباسی لە سەدەکانی پێشوو تا ئێستای کە پایتەختی کاولکاریی و گەندەڵییە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە رووی پێکەوەژیانەوە شکستخواردووتر دەبێت، وای لێهاتووە بە خوێندنەوەی وڵاتانی جیهان دەوڵەتێك نەماوە بە ناوی عێراق و پایتەختێك نەماوە بە ناوی بەغداوە هەتا وەك وڵاتێکی متمانەپێکراو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، جگە لە ناوێکی سەر نەخشەی جیهانی و سنوورێکی پڕ لە کێشەو ئاڵۆزی و شەڕی تائیفی و مەزهەبی و دەستبردن بۆ مافی نەتەوەیەکی گەورە کە نەتەوەی کوردە و بە زۆر و بەبێ ویستی خۆی ئەم نەتەوەیە پاش دابەشبوونی باشووری کوردستانی پێوە لکێندراوە. ئەمڕۆ بەغدا سەرەڕای قوڵبوونەوەی کێشەکانی خۆی و سەختی برینەکانی دەیەوێت دژایەتی و ڕێگری لە ریفراندۆم بکات کە پلیکانەی سەرکەوتنە بەرەو سەربەخۆیی و هێنانەدی ویست و ئارەزووی هەموو تاکێکی دڵسۆزی کوردستان و درود و سەبورییە بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان.

دەسەڵاتی سیاسی لە بەغدا دەسەڵاتێکی شۆڤینی و مەزهەبگەرایە و بواری پێکەوە ژیانی لەگەڵ کورد نەهێشتۆتەوە، ئەگەریش بیەوێت ڕێگر و ئاستەنگ بێت بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ئەوا هەر لە سەرەتاوە شکست دەهێنێت.

بەغدا دەسەڵاتی دەوڵەتداری نەماوە، لەبەر تووشبونی بە شێرپەنجەی گەندەڵیی نێوخۆیی و نەخوێندنەوەی لایەنەکانی ناوخۆی خۆیان و گوێنەدان و گوێنەگرتن بۆ یەکتر و زاڵبوونی فکری توندڕەوی و تائیفی و یەکتر بچووك کردنەوە، لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهانیش دەنگی نابیسترێت. ئەمانە هەموویان گەورەترین خاڵی لاوازی دەوڵەتدارین، کەواتە دەوڵەتی ئەوها لاواز چۆن دەتوانێت ڕێگر بێت لە بەردەم خواستی نەتەوەیی کورد کە هیچ کات بەشێك نەبووە لە نەتەوەی عەرەب و هەرگیز پاشکۆبوونی عەرەبی قبووڵ نەکردووە.

مێژووی نەتەوەی کورد سەرەڕای هەموو نەهامەتییەکانی، مێژوویەکی پڕشنگدار و پڕ لە سەروەری و دەستکەوت و شانازییە و نەتەوەی کورد لە پێناوی پاراستنی خاکی کوردستان و

رزگاری لە بندەستی، سەدان هەزار قوربانی داوە.
بەپێچەوانەی عێراق کە لە شەڕی مەزهەبی و توندڕۆیی و یەکترسڕینەوە غەرق بووە، باشووری کوردستان بە وڵاتی ئاشتی و پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینزاکان و داڵدەدانی لێقەوماوانی شەڕ ناسراوەو لە ئاستی جیهانیدا حیسابی بۆ دەکرێت.
ئەی ئێمەی کورد چۆن قبوڵ بکەین لەگەڵ نەتەوەیەکدا بژین کە خۆیان یەکتریان ناوێت و مەزهەبیان کردووەتە چەکێکی کوشندە و لە دژی یەکتری بەکاری دەهێنن؟
بەغدا بە هەموو ڕێکارە یاساییەکان چیتر ناتوانێت ڕێگری لە سەربەخۆیی کوردستان بکات، ئەوەی دەمێنێتەوە کە بیەوێت پەنای بۆ بەرێت، بە بۆچوونی خۆیان ڕێکارە نایاساییەکانە، ئەوانیش بە دروستکردنی هێزێکی وەك حەشدی شەعبی و کردنی بە هێزێکی شەڕانگێز کە بیەوێت بیکاتە سەنگەرێك بۆ دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان و دواخستنی کورد لەو مافە ڕەوایە، بەڵام لەمەشدا ناگاتە ئامانج، چونکە بەغدا دەزانێت سەنگەری دژ بە کوردستان و پێشمەرگە واتە سەنگەری مەرگ و دۆڕانی مسۆگەر، ئیرادەی پێشمەرگەش ئیرادەی گەیشتنە بە ئامانجی سەربەخۆیی کە بارزانیی نەمر ئەمانەتداری ئاڵای سەربەخۆیی کوردستان بووە، ئێستاش سەرۆك مسعود بارزانی ئەرکی سەرشانی بەرامبەر بەو ئەمانەتە بۆ نەتەوەکەی جێبەجێ دەکات.
لە ڕاستیدا هیچ ئایندەیەکی گەش چاوەڕێی کوردستان ناکات، ئەگەر لەمە زیاتر لەگەڵ بەغدا بمێنێتەوە، چونکە بەغدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە نوقمبوون و خنکاندایە لە زەریای سیاسەتی چەوت و ململانێی توندی مەزهەبیدا، دەوڵەتدارانی بەغدا جگە لە پیلانگێڕان لە دژی سوننە، بە دزی و تاڵانی سامانی گشتی سەرقاڵن و لە دەیان کەیسی گەورەی گەندەڵی تێوەگلاون، ئەمانە بەغدایان گەیاندۆتە ئەم ڕۆژە کە وڵاتانی جیهان ناتوانن متمانە بە بەغدا بکەن. بەغدایەك کە لە سەدەکانی پێشوو بە ناوەندی ڕۆشنبیری و شارستانیەت دادەنرا، ئەو بەغدایەی کە بە پایتەختی ڕۆشنبیریی وڵاتانی عەرەبی ناوزنددەکرا، بە هۆی دەسەڵاتە فاشیست و گەندەڵەکانی یەك لە دوای یەکی ئێستا پایتەختی یەکێك لە دە وڵاتانی گەندەڵ و دواکەوتووی جیهانە، بۆیە گەلی کورد نایەوێت لەگەڵ ئەو دواکەوتوویی و بێ سەروبەرییەدا بمێنێتەوە.
کوردستانی سەربەخۆ زۆر نزیکە و ئایندەیەکی پڕشنگدار چاوەڕێی کوردستان دەکات و دەبێت هەموو تاکێکی کوردستان هەست بە بەرپرسیارێتی بکات لە ئاستی خزمەتکردنی پرۆسەی ریفراندۆم و بە دڵسۆزی دەنگدان بە (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان) سەروەرییەکی دیکەی مێژوویی بۆ خۆمان و نەوەکانی دواڕۆژمان تۆمار بکەین. بۆیە هەموو تاکێکی کورد و هەموو هاونیشتمانییەك دەبێت هاندەری کوردستانییەکان بن بۆ بە دەنگەوە چوونی ئەم پرسە پیرۆزە و یەکلاکردنەوەی سەربەخۆیی کوردستان و زۆر جێگای بایەخ و شانازییە بۆ ئایندەی هەر تاکێکی کوردستان کە بەپێی توانا و دەسەڵاتی خۆی خزمەتێکی گەورە، یان بچووك بە پرسی سەربەخۆیی کوردستان بکات، چونکە دەیکاتە مێژوویەکی جوان کە دەتوانێت سەربڵندانە لە داهاتوودا بۆ نەوەکانی خۆی باسی بکات. زۆربەی وڵاتانی جیهانیش کەم تا زۆر بەم ڕۆژەی ئێمەدا تێپەڕیون، ئەو کات گەیشتوون بەو ئاستەی کە شانازی بە دەوڵەتەکانیانەوە بکەن، هەموو تاکێکی ئەو وڵاتانەش بێ گوێدان بە هیچ بەربەست و دیوارێك پاڵپشتی دەسەڵاتی خۆماڵی بۆ ڕاگەیاندن و سەرخستنی پرسی سەربەخۆییەکەیان بوون، ئێمەی کوردیش هیچمان کەمتر نییە لە هەموو تاکەکانی وڵاتانی دیکە و بگرە زۆر زۆر لەوان دڵسۆزتر بووین بۆ خاکەکەمان، بەڵام دەبێت هێزی کۆڵنەدانمان لە بەرامبەر نەیاران و هاوردەکارانی ئیرهابی فکری بەردەوام بێت و بەسەر ململانێی نارەوای ناوخۆییدا زاڵ بین و هەموو پێکەوە کار بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی کوردستان بکەین و بەو هەنگاوە ڕۆحی پاك و گەورەی قوربانییان و شەهیدانی بزاڤی رزگاریخوازی گەلەکەمان شاد بکەین. بەمەش لە بەرامبەر مێژووی ئێستا و داهاتوودا سەرفراز دەبین و دەوڵەتەکەشمان لە گەشەسەندندا دەبێت.

**ئیرادەی پێشمەرگە ئیرادەی گەیشتنە بە ئامانجی سەربەخۆیی کە بارزانیی نەمر ئەمانەتداری ئاڵای سەربەخۆیی کوردستان بووە، ئێستاش سەرۆك مسعود بارزانی ئەرکی سەرشانی بەرامبەر بەو ئەمانەتە بۆ نەتەوەکەی جێبەجێ دەکات**

**بە پێچەوانەی عێراق کە لە شەڕی مەزهەبی و توندڕۆیی و یەکترسڕینەوە غەرق بووە، باشووری کوردستان بە وڵاتی ئاشتی و پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینزاکان و داڵدەدانی لێقەوماوانی شەڕ ناسراوەو لە ئاستی جیهانیدا حیسابی لەسەر دەکرێت**

ماک دەستلەر
پسپۆڕی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ گوڵان:

# دۆناڵد ترەمپ دەیەوێت سیستمی جیهانی به‌ خواستی خۆی دابڕێژێتەوە

## ئەگەر ماکرۆن ببێتە سەرۆکی فەرەنسا گەشبینی بە سیستمی جیهانی دروست دەبێتەوە

**هەندێ لە دامەزراوەکان، وەک یەکێتی ئەوروپا بە دەست نەبوونی دیموکراسیەوە گرفتار بوون، بەڵام روون نییە چۆن دەکرێت ئەمە یەکلابکرێتەوە وچارەسەر بکرێت، رەنگە یەکێک لە رێگەکان بریتی بێت لە پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە پەرلەمانی ئەوروپا**

*** هەروەك ئاشكرایە لە ئێستادا سیستمی لیبراڵی رووبەڕووی چەندین تەحەددی و دژواری بۆتەوە، ئایا گرنگترینی ئەو تەحەددییانە چین و ئایا پێتوایە دۆخەکە بە چەشنێکە کە پێویستە دووبارە ئەم سیستمە دابڕێژدرێتەوە؟**

- ئەوە شتێکی روونە کە لە زۆر شوێن سیستمی لیبراڵی رووبەڕووی کاردانەوە بۆتەوە، بەرچاوترینیان بریتی بوو لە بڕیاری دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا، هەروەها هەندێ نیگەرانی هەبوو لە بارەی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی فەرەنساوە، بەڵام ئێستا ئەو نیگەرانییانە کەمتر بوونەتەوە، بەتایبەتی کە پێشبینی ئەوە دەکرێت ئیمانویل ماکرۆن سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە هەڵبژاردنەکاندا. هەروەها زۆرێك لە گوتارەکانی سەرۆك ترەمپ دژی سیستمی لیبراڵی بوو، بەتایبەتی لە وتاری رێوڕەسمی سوێندخواردنیدا. کەواتە چەندین پرس و نیگەرانی هەن لەم رووەوە و لەبارەی دامەزراوە لیبراڵییەکان و لەبارەی بازرگانی و چارەنووسی یەکێتی ئەوروپا کە بە دڵنیاییەوە لەسەر بنەمای بازرگانی کراوە بنیادنراوە. لەبەر ئەوە پێموایە هۆکاری بەرچاو هەن کە ببنەهۆی نیگەرانکردنمان.

*** کەواتە روایە بڵێین کە ئەم سیستمە پێویستی بە دووبارە پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی نوێ هەیە؟**

- لە راستیدا دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە لێدوانەکەی دۆناڵد ترەمپ بکەین لەبارەی دووبارە گفتوگۆکردنەوەی لەسەر رێککەوتنی نافتا (رێککەوتنی بازرگانیی ئازاد لە نێوان ئەمریکا و کەنەدا و مەکسیك)، بەڵام ترەمپ لێدوانی زۆری دا لەبارەی خراپیی رێککەوتنەکانی پێشوو و پێویستیی هەڵوەشاندنەوەیان، بەڵام پێدەچێت ئەو خوازیاری ئەوە بێت بەو شێوەیە دابڕێژدرێنەوە کە خۆی دەیەوێت، کەواتە لەم رووەوە چەندین وردەکاری هەن لەبارەی رێوشوێنە بارزگانییە دیاریکراوەکانەوە کە دەکرێت بە شێوەیەکی سوودبەخشانە نوێ بکرێنەوە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانیت بڵێیت هەندێ لە دامەزراوەکان، وەك یەکێتی ئەوروپا بە دەست نەبوونی دیموکراسیەوە گرفتار بوون، بەڵام روون نییە چۆن دەکرێت ئەمە یەکلابکرێتەوە وچارەسەر بکرێت، رەنگە یەکێك لە رێگەکان بریتی بێت لە پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە پەرلەمانی ئەوروپا.

*** هەر لەبارەی لێدوانەکانی ترەمپ سەبارەت بە هاوپەیمانەکانی، ئایا پێتوایە ئەمریکا بیەوێت خۆی لەو هاوپەیمانێتییانە بکشێنێتەوە، یاخود چیتر پێیانەوە پابەند نەبێت؟**

- لە راستیدا پێدەچێت ترەمپ لە زۆرێك لەو لێدوانانە دوورکەوتبێتەوە، بۆ نموونە، سەرەڕای لێدوانە ئیجابییەکانی لەبارەی پوتینەوە، بەڵام پەیوەندییەکانی زۆر بە باشی بەرەوپێش نەچوون، هەروەها لە دوای هەڵبژاردنیەوە بە سەرۆکی ئەمریکا، پرسی سزاکانی سەر رووسیای نەورووژاندووە کە پەیوەستن بە کێشەی ئۆکرانیا و هەرێمی کریمیا بەتایبەتی. هەروەها ترەمپ پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی یاباندا پەرە پێداوە کە بەهێزترین هاوپەیمانی ئەمریکایە لە ئاسیا. هەروەها خۆی و ستافەکەی باسیان لە گرنگیی ناتۆ کردووە، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی پێویستە هاوپەیمانەکانی بەشداری زیاتر بکەن لە رووی هێزی سەربازییەوە. لەبەر ئەوە پێموایە هەنگاوەکانی ئیدارەی ئەمریکا یەکدەگرنەوە لەگەڵ هەوڵەکانی پاراستنی بونیادی سیستمە جیهانییەکەدا.

*** لە ئێستادا هەست بەوە دەکرێت کە بەشێك**



**ماك دەستلەر، پرۆفیسۆرە لە سكوولّی سیاسەتی گشتی لە زانكۆی ماریلاند، وانەبێژی چەند بوارێكی گرنگە، وەك گەڵاڵەكردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا، سیاسەتی بازرگانی و دامەزراوە سیاسییەكان و هتد، بۆ قسەكردن لەبارەی ئەو تەحەددی و دژوارییانەی دوچاری سیستمی لیبراڵی بوونەتەوە، هەروەها بۆ هەڵسەنگاندنی هەڕەشەی پۆپۆلیزم و بۆ هەڵوەستەكردن لەسەر ئایندەی ئەم سیستمە و چەند بابەت و پرسێكی دیكە، گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەكانی خستەڕوو.**

**لە هاووڵاتییانی وڵاتە رۆژئاواییەكان نارازی بن لە ئەدای دامەزراوە و نوخبە حوكمڕانەكانیان، ئەمەش دۆخێكی دروستكردووە كە سەریكێشاوە بۆ سەرهەڵدانی رەوت و كەسایەتییە پۆپۆلیستەكان، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك بوونی سەركردە پۆپۆلیستەكان مایەی مەترسییە؟**

- پێمووایە سەركردە پۆپۆلیستەكان تەحەددییەكی جددین بۆ سەر سیستمی لیبراڵ دیموكراتی، بۆ نموونە ئەوەی جێی سەرنجە لە ئێستادا ئەوەیە كە لە هەڵبژاردنەكانی فەرەنسادا دەگوزەرێت، كە بەراوردێك دەكرێت لە نێوان ئەو كەسانەی دەنگیان بە ماری لۆپێن داوە لەگەڵ ئەو كەسانەی دەنگیاندا بە ئیمانویل ماكرون، هاوشێوەی ئەو بەراوردەی لە نێوان ترەمپ و هیلاریدا دەكرێت، واتە لە نێوان ئەو كەسانەی گەشبین بوون و پشتیوانییان لە سیاسەتمەدارە باوەكان دەكرد، لەگەڵ ئەو كەسانەی كە پێیانوابوو لە بنەڕەتدا جیهان بە ئاراستەیەكی هەڵەدا هەنگاو هەڵدەگرێت و لە كاردانەوەشدا پشتیوانی لە پۆپۆلیزم دەكەن، هەروەها پێمووایە بڕیاری دەرچوونی بەریتانیا لە یەكێتی ئەورووپاش بەرجەستەكەری هەمان دابەشبوون بوو.

*** پێتوایە مەترسیی سەرەكیی پۆپۆلیزم بریتییە لە هەوڵدان بۆ لاوازكردنی دامەزراوەكانی دەوڵەت، كە ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوبردنی گرێبەستە كۆمەڵایەتییەكە كە گەوهەری سیتمی لیبراڵییە؟**

- بەڵێ، بۆی هەیە ببێتە هۆی داڕووخانی ئەو گرێبەستە كۆمەڵایەتییە، بۆ نموونە لە ئێستادا دەبینین كە سەرۆكی توركیا، هەوڵیدا لە رێی ریفراندۆمەوە دەسەڵاتەكانی خۆی بەرفراوان بكات و رۆژنامەنووسەكان دەستگیر دەكات، كە دەتوانین بڵێین بنەماكانی سیستمی لیبراڵی لە مەترسیدان- ئەگەرچی لە بنەڕەتدا زۆر پتەو نەبوون لە توركیا-. هەروەها سەرۆك ترەمپ وەك دوژمن باسی لە راگەیاندن كرد، كە دەكرێت ئەمە بەوە لێكبدرێتەوە كە هەوڵە بۆ لاوازكردن یان لەناوبردنی رۆژنامەگەریی ئازاد. بەڵام لە بنەڕەتدا ئازادیی رۆژنامەگەری زۆر بەهێز بووە و مەترسی لەسەر نییە لەم وڵاتەدا –ئەمریكا-، دەكرێت هەمان شت بۆ ئەورووپاش راست بێت.

*** چۆن لە ئایندەی سیستمی لیبراڵی دەڕوانیت و ئایا پێتوایە بتوانرێت ئەو تەحەددی و دژوارییانە چارەسەر بكرێن كە رووبەڕووی بوونەتەوە؟**

- پێمووایە نادڵنیاییەك هەیە لەبارەی سیستمی لیبراڵییەوە، من باوەڕم وانییە كە هەڕەشەیەكی دەم و دەستی لەسەر بێت. بەڵام دەمەوێت لێرەدا ئاماژە بە پرسی سستیی گەشەی ئابووری و نایەكسانی لە داهاتدا بكەم، چونكە ئەگەر بە رێژەیەكی كەمیش بێت گەشەكردن رووبدات ئەوا پۆپۆلیزمێكی كەمتر دەبینیت.

*** ئەی چۆن لە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت؟ ئایا پێتوایە جیهان بتوانێت لە چارەسەركردنی كێشەكانی وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا بەشدارییەكی ئیجابی بكات؟**

- لە راستیدا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆی لە خۆیدا تەحەددییەكی راستەقینەیە، لە ساڵی ٢٠١١دا چەند شۆڕشێك روویاندا، بەڵام دەركەوت كە ئەو كەسانەی پشتیوانی گۆڕانكاریی لیبراڵییان دەكرد، وەك پێویست بەهێز نەبوون، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بارودۆخەكە باشتر نەبێت و بگرە خراپتریش بێت بە بەراورد بەو دۆخەی لە پێش رووداني شۆڕشەكاندا لەئارادا بوون.

**سەركردە پۆپۆلیستەكان تەحەددییەكی جددین بۆ سەر سیستمی لیبراڵ دیموكراتی**

**لە ساڵی ٢٠١١دا چەند شۆڕشێك روویاندا، بەڵام دەركەوت كە ئەو كەسانەی پشتیوانی گۆڕانكاریی لیبراڵییان دەكرد، وەك پێویست بەهێز نەبوون، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بارودۆخەكە باشتر نەبێت و بگرە خراپتریش بێت**